# سانسکریتی

## سەرچاوەیەکی دێرینی زمانی کوردی

ناوی کتێب: سانسکریتی، سەرچاوەیەکی دێرینی زمانی کوردی
نووسینی: حەکیم مەلا ساڵح
بابەت: لێکۆڵینەوەی زمانەوانی
تایپ: فەرهاد هەورامی
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠دینار
ژمارەی سپاردن: ٣٥ ی ٢٠٠٨
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٨
کوردستان -سلێمانی
www.serdam.net
www.serdam.info

# سانسكريتی

## سەرچاوەیەكی دێرینی زمانی كوردی

وەرگێڕان و زیادكردن و لێكدانەوەی لەگەڵ ئاڤێستا و
پەهلەوی و زاراوەكانی كوردی ئەمڕۆدا

**حەكیم مەلا ساڵح**

**سلێمانی ٢٠٠٨**

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی سەردەم ژمارە ( ٤٤٢ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

# پێشەكى

سانسكريت زمانى زانستى و پيرۆزى (بەرهەمەن)ەكان بووە كە لە دينى خۆياندا بڕوايان بە بوونى سێ خودا هەبووە.

**يەكەم :** بەرەهما = خوداى خودايان و دروستكەرى گێتى و هەموو شتەكان.

**دووەم :** ڤيشنۆ = خوداى پارێزەر و فەرماندەى هەموو بوونەوەرێك.

**سێيەم :** سيڤا = خوداى تێكدەر و كاولكارى بوونەوەر.

ئەم زمانەش واتە سانسكريتى لە مێژوويەكى كۆن و ماوەيەكى زۆر و كەوشەنێكى بەرفراواندا برەوى تايبەتى خۆى هەبووە. ئەمەش زياتر لەبەرئەوەى كە بۆتە زمانى دين و پەڕاوى پيرۆزى (ريگ ڤيدا)ى پێ نووسراوەتەوە، هەر ئەمەش واى كردووە لەناو تێكڕاى زمان و زاراوەكانى هيندۆ – ئەوروپيدا (١) سيماى ديار و درەخشانى هەبێت، واتە زمانى زاڵ بووە. زمانى كورديش پەيوەنديەكى بەو سەرچاوەوە هەيە، بۆيە دەبينين لە بەراوردكردنى هەردوو زمانەكەدا گەلێ وشەمان هەيەكە لەيەك

ڕیشەن و وشەکان تا ئێستە بەهەندێ گۆڕانەوە لەناو زمـانی ئەمڕۆمانـدا ماونەتەوە و ڕەسەنایەتی خۆیان پاراستووە.

ڕەنگە گرنگ نەبێت ئەگەر بڵێین خزماتیـەکی نزیـك لـەنێوان زمـانی سانسکریتی و زمانی ئاڤێستایی و پەهلەویدا هەیـە، چـونکە ئـەم سـێ زمانە هەم بە جوگرافیا لێك نزیك بوونە و هەم لە ژێر سەیوانی هینـدۆ — ئەورووپیدا کۆدەبنەوە، بەلاّم بەلای منەوە گرنگ ئەوەیە کە تـا ڕادەیـەك نزیکایەتی و خزمایەتیشی لەگەڵ زمانی سـۆمەریدا هەیـە کـە ئەمـەش لێکۆڵینەوەی تایبەت هەڵـدەگرێت، چـونکە زۆر لـە توێـژەرانی زمـان و ڕەگەز وایان دیاری کردووە کە زمانی سۆمەری یاخود گـەلی سـۆمەر لـە ڕەگەزی گەلانی (سامی)ن و هەندێ بەڵگەشیان داوە بەدەستەوە و پێشیان وایە ئەو گەلە واتە (سۆمەریەکان) لەسەردەمی خۆیدا لە خاکی فەلەستین و سیناوە کۆچیان کردووە بۆ هەرێمی باشووری میزۆپۆتامیا. جا ئەگـەر زمانێکی سامی بێت ئەی ئەو خزمایەتیەی لەگەڵ زمانی ئارياييەکاندا لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە ؟

لەم بەستێنەدا هەندێ مێژوونووس بەتایبەتی ئێرانیـەکان وای دیـاری دەکەن کە سۆمەریەکان بە بنەچە ئاریایین (٢) و لە دەورانێکدا بەرەو ئەو هەرێمە ڕەویـان کـردووە و تێیـدا گیرسـاونەتەوە. هـەروەها لـەناو ئـەم مێژوونووسانەی کە پێمان وتن ئێرانی تێیاندایە کە سۆمەریەکان بە نەوەی

ئیلامیەکان دەزانن، بەڵام ئەم بۆچوونەش تا ئێستە بە تەواوی یەکلایی نەکراوەتەوە و کرد و کۆششی زیاتری دەوێت تا ساق و پاق بکرێتەوە. لەم ساڵانەی دواییشدا چەند نووسەرێ کە یەکێکیان خۆم بووم (٣) سەرمان کردە سەر گیانی سۆمەری و بەراوردکردنی هەندێ وشەی لەگەڵ زمانی کوردیدا، ئەم چەند هەنگاوەش لەوەی نزیك دەکردینەوە کە بڕوا بەوە بێنین سۆمەریەکان لە دەڤەری ئیلامەوە پەڕیونەتە ئەوبەر و تێیدا نیشتەجێ بوون.

شایانی باسە کە تا ئێستەش کۆنە گوندێ کە ئێستە بۆتە شارۆچکە لە دەڤەری ئیلامدا هەیە بەناوی (سۆمار) کە دەکرێ بڵێین لەگەڵ وشەی (سۆمەر) دا هەریەکێکن، هەروەها لەدەڤەری ساراڵ سەر بە شاری دیواندەرە گوندێك بە ناوی (کۆسۆمەر) هەیە کە دیارە لە (کۆ + سۆمەر) پێکهاتووە.

بەهەرحاڵ ئەوە بەدواداچوونی مێژوویی و زمانەوانی پتری دەوێت تا یەکلایی بکرێتەوە و ئەوەش لەم بەرهەرمەدا کاری ئێمە نیە. تەنیا بەو مەبەستەش ئەو چەند دێڕەی سەرەوەم لە بارەیەوە نووسی مەبەست لێکچوونی هەندێ وشە بوو لەنێوان زمانی سۆمەری و هیندۆ-ئەورووپیدا.

# چۆن دەستم دایە ئەم کارە ؟

دەمێک بوو لە نووسراوەکانی هەردوو خوایار (تۆفیق وەهبی) و (عەلائەدین سەجادی) دا وردەباسم لەسەر زمانی سانسکریتی خوێندبوویەوە، بەلاّم ئەم دوو زاتە لە گۆڕ رانەچلەکێنم باسەکانیان تینوویەتی نەدەشکاندم و هەمیشە لای خەڵکی زمانەوان هەر خەریکی پرسیارکردن بووم، لەوانەش شتێکی وەهام دەست نەکەوت کە ئۆخەی بەسەر زارمدا بێنێ. ئەم خولیایەم هەر مایەوە تا لە ساڵی (١٩٨٩) لە شاری (سنە) چاوم بە کتێبە سەنگینەکەی کاك (محەمەد ئەمین هەورامانی) کەوت بە ناوی (فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ) کە مامۆستا لەم کارەیدا وشە ئاڤێستاییەکانی لێکداوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ شوێندا وشەی سانسکریتی وەك هاوڕەگی ئاڤێستایی هێناوەتەوە کە دەتوانم بڵێم بەلای خۆمەوە تا ئەو دەمە باشترین سەرچاوە بووە بۆ خستنەڕووی ئەو وشە سانسکریتیانە و بەراوردکردنیان لەگەڵ زمانی ئاڤێستادا. ئەم کارەم زۆر بەهەند وەرگرت و بڕێ لەو سەرچاوە زولاڵە ئاوم خواردەوە تا لە ساڵی (١٩٩٤) دا لە شاری تاران – کتێبخانەی طهوری – فەرهەنگێکم کڕی بە ناوی (پارسی پرکاش، فەرهەنگی سانسکریتی – فارسی). کە گەڕامەوە سنە بە تاقەت لە گەڵیدا خەریك بووم تا لە ساڵی دواییدا لە گۆڤاری (ئاوێنە)

(٤) دا (٧٠) وشـەیم بلاْوکـردەوە. پاشـان کـە هاتمـەوە ئەمـدیو لـە سـاڵی (١٩٩٩) دا لە گۆڤاری (شانەدەر) (٥) دا هەمان وتارم دیسان بلاْوکـردەوە بـە زیادکردنی (١٧) وشەی دیکە. ئیتر دوای ئەمە کردم بـە پرۆژەیـەك و ڕۆژانـە دەچوومەوە سەری تـا ئـەم بەرهەمـەی لـیٚ پیٚکهـات. هیواخـوازم تـوانیبیٚتم خزمەتیٚکم بەزمانەکەمان کردبیٚت.

ئەم بەرهەمەی ئیٚستەش پیٚی لیٚدەنیٚم، کەوا نازانم بە تـەواوی ئارمانجەکـەم پیٚکابیٚ یان نا، واتە کارەکەم بە بنبەست گەیاندبیٚ، هۆی ئەمەش دەگەڕیٚتـەوە بۆئەوەی کە منیش هەموو زمانی کوردی بە تیٚکـڕای زاراوە و بنزاراوەکانیـەوە نازانم و هەروەها بـۆ نـاوی شـویٚنیش وەك (چـیا، ڕوبـار، دەربەنـد، گونـد، پیٚدەشت، وارگەکان)" چونکە هەموو کوردستان نەگـەڕاوم و شـارەزایی تـەواوم لیٚیان نیە، کە ئەمەش وای کردووە دەتوانم بلیٚم کارەکەم پایەکی لەنگە، بـەلاْم هەرچۆن بیٚ بە بیٚسوودی نازانم.

ئەمە جگەلەوەی کە ئەتلەس و نەخشەی کوردسـتانی گـەورەمان بـە وردی نیە کە ناوی گونـد و چـیا و پیٚدەشـت و ڕوبـار و دەربەنـدەکانی تیٚـدا دیـاری کرابیٚت. ئەو فەرهەنگەشی کە لە بەردەست مندایە بە ناوی (پارسـی پرکـاش) فەرهەنگیٚکی ناتەواوە و بۆئەوەی خویٚنەر ناوەرۆکی فەرهەنگەکە دەرك بکـات، وا ئەو پیٚشەکیەی کە بۆی نووسراوە دەیکەمە کوردی:

(پارسی پرکاش فەرهەنگێکی سانسکریتیە بە فارسی کە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەکبەر شای گورگانی هیندستانی ئامادەکراوە. ئەم واژەنامەیە پەیوەندی بە سەدەی دەیەمی کۆچی-مانگی یەوە هەیە و لە بەرامبەر ئەو فەرهەنگە سانسکریتیە بە برەو و گەورانەی کە بۆ خەڵکی توێژەر و زانست پەروەر نووسراون، ناتوانێ ببێتە بنەما و سەرچاوەیەکی گرنگ، بەڵام لەو ڕووەوە کە ئەم واژەنامە یەکەمین فەرهەنگی (سانسکریتی — فارسی) یە لە ڕووی کۆنییەوە جێگای سەرنجە.

دانەری ئەم واژەنامەیە هیندوییە و بە کریشناداس دەناسرێت کە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەکبەر شادا لە هیندستان ژیاوە. شێوازێك کە کریشناداس لە ڕێکخستن و ڕیزبەندکردنی ئەم فەرهەنگەدا ئەنجامی داوە هەمان شێوازی کەسانێکی دیکەیە کە لە لقە وێژەیی و زانستی و پیشەیی و... هتد. هەنگاویان ناوە و دەست پێشخەرییان کردووە، بەڵام کەمتر ڕێکەوتووە کە هەموو هەنگاوێکی یەکەم و سەرەتایی تۆکمە و پەرداخ بێت. ئەمڕۆ بۆ زانایەك بە زمان و وێژەی سانسکریتی و ئاشنا بە زمان و وێژەی فارسی، واژەنامەی کریشناداس هێندە مایەی سوود وەرگرتن نیە، لەبەرئەوە نابێ وا بزانن کە (پارسی پرکاش) بۆشایی فەرهەنگی سانسکریتی فارسی پڕ دەکاتەوە و دەتوانێ خواستەکانی فارسی زمانان لە سەرچاوەی سەرشار و دەوڵەمەندی ئەدەبیاتی سانسکریتی دابین بکات. دیارە کە تێڕوانینێکی وەها

بە هیچ دادەنرێ و ئێمەش لە بلاوکردنەوەی ئەم کتێبەدا مەبەستمان بەردەست خستنی فەرهەنگێکی گەورە و باوەڕ پێکراو نیە و باش دەزانین کە ئەم دانراوە کورتە لە حالی حازردا کە فەرهەنگگەلی گەورە ڕێکدەخرێ و لێکۆلینەوەی زانستی و ویژەیی و توێژینەوەی پەراوێزدار لە ژانرە جۆراوجۆرەکاندا و لە ولاتە جۆراوجۆرەکاندا و بە زمانانی جۆراوجۆر دەکرێت، ئەم کارەی بەردەست هێندە بە بایەخ نیە، بەلام بلاوکردنەوەیشی بێبەش نیە لە چاکی و سوود و نابێ بە کارێکی هیچی بزانین.

ئەم واژەنامەیە بۆ ئەو هیندیانە نووسراوە کە شارەزای زمانی فارسی نەبوون، هاوشانی کتێبی (نصاب الصبیان)ە بۆ ئەو فارسی زمانانەی کە لە کۆندا بیریان لە فێربوونی زمانی عەرەبی کردۆتەوە. بەشێوەیەکی دیکە بلێین ئەم واژەنامەیە بۆ کەسانی سەرەتایی و مندالانە، نەك بۆ زانا و توێژەران.

ڕۆژێ کە کریشناداس هیمەتی نواند بۆ ڕێکخستن و ڕیزبەندکردنی ئەم واژەنامە بچووك و سەرەتاییە، بەرلەو هیچ کەسێ واژەنامەی سانسکریتی — فارسی بەمشێوە نەنووسیوە. دەست پێشخەری کریشناداس کە یەکەم کەس بووە لە ڕێکخستنی ئەم واژەنامەیەدا شایانی ڕێزگرتنە. هەلبەتە پاشان کەسانی دیکە چەند واژەنامەی سوودمەندتر و گەورەتریان دانا کە هەندێ لەوانە جێگای سوود لێوەرگرتن بوون. دیارە کە لە ئەنجامی تێکۆشانی پێشینیاندا ئەمڕۆ ئێمە دەتوانین لە هەموو لقە ویژەیی و زانستیەکاندا

لێکۆڵینەوە بکەین و هەرکاتێ کەم و کوڕیمان هەبوو دەگەڕێینەوە سەر ئەو سەرچاوە باوەڕپێکراوانە و گرفتی خۆمان چارەسەر دەکەین.

خەڵکانی وەك کریشناداس زەحمەتەکانی سەرەتاییان کێشاوە و نەوەکانی دوای خۆیان بەرهەمی کۆششی ئەوانیان بە ئاسانی چنیوەتەوە و سوودیان لێوەرگرتووە، هەروەکو چۆن نەوەکانی ئاینده لە کەلەپووری زانایانی دوێنێ و ئەمڕۆ کەڵك وەردەگرن و ستوونەکانی کۆشکی زانست بەرزتر دەکەنەوە.

کریشناداس لە قۆناغی زیندووکردنەوەی ئەدەبیاتی سانسکریتی و گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی زمان و ئەدەبیاتی فارسیدا لە وڵاتی هیندستان ژیاوە. ئەویش وەك زۆر لە زانایان و نووسەران و وەرگێڕانی دیکە لە پرتەوی بوونی ئەکبەر شا بەهرەیان وەرگرتووە.

ئەکبەر شا پاشایەکی کەلتوور دۆست و جوامێر و خاوەنی سنگێکی فراوان و هۆشیارییەکی زاتی بووە، هەرچەندە نەخوێندەوار بووە و لە هیچ قوتابخانەیەکدا وانەی نەخوێندووە، بەڵام هۆش و تێگەیشتن و بیرتیژیەکەی خەوشی نەخوێندەواریەکەی شاردبوویەوە. لە کۆڕی ئەم پاشایەدا زانایان و ئەدیبان و پزیشکەکانی دەربار وێژە و زانستی ئەو سەردەمەیان بە زمانێکی ساکار — خۆی واتەنی دوور لە تەمومژ — بۆ دەخوێندەوە " ڕاڤەیان دەکرد و چێژی لێوەردەگرت. ئەو بابەتانەی کە بیستبوونی دەیسپاردن بە زەینی و کاتێ کە زانایان قسەیان لە خزمەتیدا دەکرد، ئەمیش بە سوود وەرگرتن لەوەی کە

بیستبووی ڕای جوانی لەسەر دەردەبڕین کە دەبووە مایەی سەرسوڕمانی هونەرمەندان و زانایان.

ئەو یەکەمین پاشا بوو کە لە هیندستاندا و لە دەرباری خۆیدا ئەنجومەنێکی زانستی وەزیفەداری لە موسڵمان و هیندۆسی دروست کرد بە سەرپەرشتی (ابو الفضل )ی کوڕی، ئەمەش بۆئەوەی تاکو کتێبە گرنگەکانی سانسکریتی وەرگێڕنە سەر زمانی فارسی، کە لەسەردەمی ئەودا کرایە زمانی فەرمی. هەمان ئەنجومەنی زانستی بە هۆی هاندانی ئەم پاشایەوە گەلێ کتێبی گرنگی وەك (دلاوەریی رامایِن) و (جەنگنامەی مهابهارات) و (پەنجا کیانە) و (پێنج چیرۆکی کلیل و دیمنە) و (دەروێش بەسیشتە) و هەندێکی دیکەیان لە دەقە سانسکریتیەکانەوە وەرگێڕایەسەر فارسی — ڕەنگە کریشناداسیش یەکێك لەو زانا و وەزیفەدارانەی دەرباری ئەکبەر بوو بێت — بەڵام لەم بەرهەمەدا هیچ ناوێك لە ئەکبەر شانەبراوە، لەبەرئەوە وا دەردەکەوێ کە ئەم واژەنامەیە بە فەرمانی ئەو ڕێك نەخراوە.

بەر لە ئەکبەرشا بە فەرمانی پاشا و میرە موسڵمانەکانی هیندستان چەند کتێبێك لە سانسکریتەوە بۆ فارسی وەرگێڕدراوە، بەڵام ژمارەی ئەوانە زۆر نیە و هەروەها بەر لە سەردەمی ئەکبەر بەشی زۆری وەرگێڕدراوەکان لە باری بابەتی زانستی و ئەستێرەناسی و پزیشکی بووە بە هیچ شێوەیەك بەو چەشنە نەبووە کە لە سەردەمی ئەکبەردا جێگای سەرنج بووە و هەموو لقەکانی

وێژەیی و فەلسەفی و مەزهەبی و مێژووی هیندویی گرتۆتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا بەر لە سەردەمی ئەکبەر شا فەرهەنگێکی سانسکریتی فارسی هەیە بەنای (موفرەداتی بیکرەمی) کە لە دەقێکی هیندی ناڕاستەوخۆ لە سانسکریتیەوە وەرگێڕدراوە، ئەم فەرهەنگە لە ڕاستیدا واژەنامەی پزیشکیە، شیکردنەوە لەسەر دەرمانی گیایی دەکات کە جێگای سوود لێوەرگرتنی پزیشکەکانی ئەو سەردەمە بوو، ئەم کتێبە ناوی (مەدەنە پالاٚ — **Madana Pala**) یە.

لەگەڵ فراوان بوونی کاری وەرگێڕانی کتێبە سانسکرتیەکاندا بۆ ئاسان کردنی ڕەوشی وەرگێڕان هەست بە دانانی واژەنامەی سانسکریتی — فارسی کرا و زانا موسڵمان و هیندیەکان لەم ڕووەوە هەنگاوی یەکەمیان نا و بەرەبەرە لەسەر ڕێبازی (موفرەداتی بیکرەمی) و (پارسی پرکاش) چەند واژەنامەیەکی دیکە دانران کە هەندێکیان لەبەردەستدان.

هەڵبەتە وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی کە بەر لەسەردەمی ئەکبەر و تەنانەت لەسەردەمی ئەویش و دوای ئەویشدا لە دەورەی گورگانیەکانی هیندا وەرگێڕانی دەقی سانسکریتی بە فارسی ئەنجام دراوە کە زۆربەیان گەیاندنی ناوەرۆکە، نەك ئەوەی کە وشە بە وشە و پیت بە پیت وەرگێڕدرابن.

لەبارەی ژیان و ئەگەری بوونی بەرهەمی دیکەی کریشناداسەوە هیچ جۆرە زانیاریەکمان لەبەردەستدا نیە (**Weber** ) زانای ئەڵمانی لە ساڵی ١٨٨٧ زاینیدا وتارێکی لەبارەی (پارسی پرکاش)ەوە بلاٚوکردۆتەوە و ئەم کتێبەی

پێناسە کردووە، بەڵام لەسەر ژیان و ئەگەری بەرهەمی دیکەی کریشناداسەوە هیچ زانیارییەکی نەنووسیوە.

دەقی (پارسی پرکاش) بەرلەوەی کە (Weber ) بیناسێ ـ لە ساڵی ١٨٦٦ ی زاینیدا لە (بنارس) چاپ کراوە و ئێمەش لە کتێبخانەی مۆزەی بەریتانیا مایکرۆفلیمی هەمان چاپمان وەرگرتووە بەشێوەیەك کە خوێنەران دەیبینن بلاۆمان کردۆتەوە. دەقی ئەسڵی ئەم واژەنامەیە بە خەتی (دیوانگاری — Davanagari ) نووسراوە، بەڵام لێرەدا بۆ سوودگەیاندن بە هەموو لایەك واژە سانسکریتەکانی پارسی پرکاشی بە پیتی لاتینی و بەرامبەر فارسی بە پیتی فارسی داناوە و دارشتووە. نووسەر کتێبەکەی خۆی دابەش کردووە بە سەر (دە) بەشدا، لە هەر بەشێکدا واژە سانسکریتیەکانمان بەو شێوەی کە نووسراوە هێناوە و لەبەرامبەر فارسیەوە چاپمان کردووە. لە پاشکۆی کتێبەکەشدا (لەگەڵ ئەو تایبەتمەندیانەی کە گوتمان) بۆ ئاسانکاری خوێنەران هەمان واژەگەلمان بە پێی پیتی ئەلفبا داناوە)*

لەم پێشەکیەدا دەردەکەوێ کە فەرهەنگنامەی دیکەی سانسکریتی هەیە، بەڵام بەداخەوە تا لە کوردستانی ئێران بووم هەرچی لەملا و لا سۆراخم کرد هیچم دەست نەکەوت، ئەگینا دڵنیام ئەوانیش وشەیان تێدایە کە بۆ مەبەستەکەی ئێمە سوودی لێوەردەگیرێ، من بەش بەحاڵی خۆم دوای ماندوو

*** چەند دێرێ مابوو وەرمان نەگێرا ، چونکە پەیوەندی بەباسەکەوە نەبوو ، زیاد بوو .**

بوونێكی زۆر و نائومێدبوون لە دەست كەوتنی ئـەو سەرچـاوانە، وازم هێنـا و لەسەر فەرهەنگە بۆری بەردەستی خۆم ئەم كۆمەڵە وشەیەم سـاخ كـردەوە، بـە هیوای سوود لێوەرگرتنی.

ئەو سەرچاوە دەست نەكەوتووانەش لە هەر شـوێنێ بـن نمونـەیان هـەرماوە بەتایبەتی لە كتێبخانە كۆنەكانی (بۆمبـای) و (نیـودلهی) دا كـە بـۆ ئەمـەش كۆڕی زانیاری كورد دەتـوانێ فۆتـۆی نوسـخەیان بـە دەسـت بـێنێ و بـەوەش لاپەڕەكانی خزمەت بە مێژووی زمانەكەمان پتر دەبێت.

## گۆڕان بەسەر پیتدا

چەند جوانە خوایار (مەسعود محەمەد) لـەم بـارەوە دەڵـێ { كـە دێـم وشەیەكی كوردی ئەمڕۆكەمان ڕادەگرم لە بەرامبەر ئاوێنـەی مێـژووی زمـانی ئاڤێستا - گاتاكان بەتایبەتی - و (ڤیدا)ی سانسكریتی، مـاوەی سـێ هـەزار ساڵێكی لێكترازان و نائاشنابوون دەكەوێتە نێوانەوە كە وشەكە تێیدا بە بڕیـاری واقیع خشكەی بەملا و بەولادا كردووە و گۆڕاوە و قرتاوە و سواوە }

لەباری (گۆڕان بەسەر پیتدا) — ئەوەی تا ئێـستە مـن دیبێـتم — كـارێكی تایبەت و شایان كرابێت بۆ زمـانی كـوردی، نووسـراوە بـە پێزەكـەی خوایـار (حەسەنی قزڵجی) یە (٦) كە هۆشیارانە چۆتە نـاو بـنج و بنـاوانی ئـەو باسـە گرنگەی زمانەوە و تینویەتی خوێنەر دەشكێنێ.

(گۆڕانی پیتەکان بە یەکتر. . . ) ی قزڵجی باسێکە دەکرێ هەمیشە لەم ڕووەوە ئاوڕی تایبەتی لێ بدرێتەوە، چونکە بەشێوەیەکی باش چۆتە ناو بابەتەکەوە و گەلێ نمونەی جوان و شیاوی کردۆتە بەڵگە. ئێمەیش لە لێکدانەوەی ئەم فەرهەنگەدا ئەو ڕێبازەمان گرتووە و بە پێویستی دەزانم کە بە کورتی باسێك لەسەر ئەو چوار یاسایە بە بیر خوێنەر بێنمەوە، دیارە ئەوەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئاسان خوێندنەوەی فەرهەنگەکە و تەفرنجدانی شێوەی گۆڕانی وشە و پیت.

١ — **ئیبدال:** گۆڕینی پیتێ بە پیتێکی دیکە. لە زماندا زیاتر ئەم یاسایە بەسەر ئەو پیتانەدا دەسەپێ کە مۆسیقای دەربڕینیان لێکەوە نزیکە، وەك پیتەکانی (ب — پ)، (گ، ك، ق)، (س، ز، ژ، ش)، (ف، ڤ)، (ۆ، و) و هەروەها. هەندێ جاریش لەم یاسایە دووردەکەوێتەوە، وەکو گۆڕانی پیتی (ی) بە (ج) یا (هـ) بە (س) هەر وەکو لەم فەرهەنگەدا دەبینرێ.

ئێستە بۆ باشتر نیشاندانی ئەم یاسایە چەند نمونەیەك پێش چاو دەخەین.

گۆڕانی نێوان (ب — و):

| کرمانجی نێوەڕاست | جاف و ئەردەڵان |
| --- | --- |
| لابە | لاوە |
| سابرێن | ساورێن |
| ئەبێ | ئەوێ |
| کابان | کاوان |

یاخود گۆڕانی نێوان (ڤ، و):

| کرمانجی باکوور | کرمانجی نێوەڕاست |
|---|---|
| شڤان | شوان |
| چاڤ | چاو |
| ناڤ | ناو |
| ئاڤ | ئاو |
| شەڤ | شەو |

یا گۆڕانی نێوان (پ) و (ف)، وەك (پتیلّە - فتیلّە)، (حەفصە - حەپسە)، (تلّپە - تلّفە چایی).

گۆڕانی (غ) لەگەڵ (ق)، وەك (ساغ - ساق)، (چیغە — چیقە)، (چەغانە — چەقەنە).

گۆڕانی نێوان (ك) و (ق) وەك (لق — لك)، (تاك — تاق)، (بریقە — بریکە)

گۆڕانی نێوان (س) و (ش) وەك (مشت — مست)، (کەنیسە — کەنیشت).

نمونەی دیکەش زۆرن و ڕەنگە هێندە بەس بێت بۆ تێگەیشتنی مەبەستەکە. هەروەها لەسەر خاڵەکانی دیکەیش وا دەکەین.

٢ – **ئیدغام:** قووتدان و نەمانی پیتێ یا زیاتر لەوشەیەکدا، وەك:

| کرمانجی ناوەڕاست | کرمانجی باکوور |
|---|---|
| کردن | کرن |
| مردن | مرن |
| زەرد | زەر |

هەروەها هەندێ وشەی دیکە کە پیتی (دال) ی تێدا قووت دەدرێ، یاخود (ئەمن – سۆرانی و موکریانی) بۆ (من – زۆربەی زاراوە کوردیەکان) بۆ (م – فەیلی و لەکی) یا (هەندەك – هەندێك – هەندێ – هەنێ)

یاخود (ناتوانم – ناتانم (ئەردەلانی)، (تەوێڵ – توێڵ (ئەردەلانی)، (ئەیشێوێنێ – ئەیشێونێ (ئەردەلانی)، (تەواو – تواو (ئەردەلانی).

یا وشەی (دایك) لە سۆرانیدا پیتی (ی) نامێنێ و دەبێتە (داك)، (باوك) پیتی (ك) نامێنێ و (و) ەکەشی دەگۆڕێ بە (ب) و دەبێتە (باب)، (سەگ) لە کرمانجی باکوور و سۆرانی و جافی و ئەردەلانیدا دوا پیتی قووت دەدرێ و دەبێتە (سە).

یا (ەوە) لەناو جاف و هەڵەبجە و مەریواندا کورت و سانا دەبێتەوە بە (ۆ) وەك: (گەڕامەوە — گەڕامۆ)، (دیمەوە - تیمۆ)، (کردمەوە - کردمۆ)، (هاتەوە - هاتۆ) و. . . هەروەها.

٣ — **قەلب:** هەڵگەڕانەوە و جێگۆڕکێی پیت لە وشەیەکدا. وەك: (تەرزە، زۆربەی زاراوەکان - تەزرە، سۆرانی)، (کن، سۆرانی و موکریانی - نك، کرمانجی باکوور)، (پشقل — زۆربەی زاراوەکان — قشپل، سۆرانی) (کەروێشك زۆربەی زاراوەکان - کەوریشك ، ئەردەڵانی)، (دەروێش، زۆربەی زاراوەکان — دەوریش، ئەردەڵانی)

یاخود با سەیری ئەم وشانە بکەین لەنێوان شێوەزارێك وشێوەیەکی دیکەدا (چەنەوەر — چەوەنەر)، (خەڵوز — زووخاڵ ، ئەردەڵانی)، (بچووك، بووچك، ئەردەڵانی)، (جگەر — جەرگ، سۆرانی)، (ڕیخۆڵە — لیخەرو، فەیلی)، (فڕاندن — ڕفاندن، بابانی)، (چپە — پچە، ئەردەڵانی).

٤ — **تەصحیف:** گۆڕانی وشە بە زیاد و کەم کردنی پیت، وەکو (گۆرەوی — بابانی)، (گوێرەوە — جاف)، (گۆروا — ئەردەڵانی)، (گۆریا — سۆرانی)، (گۆری — کرمانجی باکوور).

یاخود (مزگەوت — بابانی)، (مزگەفت — سۆرانی)، (مزگی — گۆرانی)، (مزگت — ئەردەڵانی).

یا (ئاگر — زۆربەی زاراوەکان )، (ئایر — گۆرانی)، (ئار — جاف)، (ئاور — موکریانی، سۆرانی).

یا (دادە — زۆربەی زاراوەکان)، (دێد، موکریانی)، (دێ — جاف)، (دەدە — لەکی و لوڕی) ، (دێدێ — گۆرانی).

یا با سەیری ئەم وشانە بکەین (کۆتر — لە گۆرانیدا دەبێتە — کەواتر)، (گوێرەکە - لە سۆرانیدا دەبێتە گۆلك).

(گا — لە گۆرانیدا دەبێتە — گاو)، (هێلکە — لە کرمانجی باکووردا دەبێتە هێك)، (ئەستێرە — لە فەیلیدا دەبێتە — ئاسارە)، لە کرمانجی باکووردا دەبێتە (ستێر)

هەروەها (تەصحیف) بەشێوەیەکی دیکەش هەیە، کە بریتییە لە گۆڕانی وشەی بێگانە، ئەمیش بە شێوازی زەوق و سەلیقە و فۆنەتیکی ئەو زمانەی کە وشەکەی تێدەچێ، بۆ نمونە وەکو گۆڕینی سەدان وشەی عەرەبی کە هاتوونەتە ناو زمانەکەمانەوە و گۆڕانی وەهایان بەسەردا هاتووە کە عەرەب بە هیچ جۆرێ نایانناسنەوە وەکو: (ئیبراهیم — بلە)، (مەحموود — خولە)، (مستەفا — مچە)، (صالّح — سالە)، (قادر — قالە)، (مەعروف — مالە)، (ئیسماعیل — سمە). . . هتد.

یاخود وشەگەلی وەکو (موعەللەق — مۆلەق)، (الشهادە و الإیمان — شایەتومان)، (روم الغزاة — ڕۆمەڵخەزا)، (کل وجه — کلۆج)، (کن فیکون — کولفەکون). . .

ئەم شێوە گۆڕانەش لەم فەرهەنگەدا بەدی دەکرێت لەنێوان سانسکریتی— ئاڤێستایی- پەهلەوی - دیالێکتەکانی کوردیدا.

ڕەنگە ئاوا بە کورتی باسمان لە زانستی ئاتیمۆلۆژی کرد و ئەو هەندە نمونەمان هێناوە بەس بن بۆ ئەوەی کە خوێنەر لەم فەرهەنگەدا سوودی لێوەر بگرێت.

## خزمایەتی نێوان سانسکریتی و ئاڤێستایی

لە خوێندنەوەی ئەم فەرهەنگەدا هەست بە گەلێ نزیک بوونەوەوی نێوان ئەو دوو زمانە کۆنە دەکرێ و هەندێ جار وا دەزانرێ کە دوو زاراوەی یەك زمانن، بەلاّم ئەگەر بەگشتی بەراوردی نێوان هەردوو زمانەکە بکرێت ئەوا ئەوە دەردەکەوێت کە وشەی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، نەك ئەوەی بە تەواوی لێکەوە نزیك بن، لەم ڕووەوە ئەم خشتە بچکۆلەی خوارەوە پێش چاو دەخەین بە مەبەستی زانینی ئەوەی کە چەندێ لێکەوە نزیکن و لەلایەکی دیکەوە چەند لێکەوە دوورن.

| کوردی ئەمڕۆ | ئاڤێستایی | سانسکریتی |
|---|---|---|
| پرد | پریتو | Setu |
| کەمەر | کەمەرا | Kati |
| زەمان | دەمان | Samaya |
| قسە | خسە | Vacana |
| هاوین | هامین | Usmakala |
| پۆزە | پۆذیا | Nasa |
| ئاسن | ئاسین | Loha |
| سینە | ثینە | Uras |
| تەنگ | تەنگ | Samkiran |
| خەو | خوەپ | Nidra |
| ڕێ | ری | Adhvan |
| زریزە | دریزە | Kavaka |
| ئازاد | ئازاتە | Svatantra |
| ئاسمان | ئاسیمان | Vyoman |
| هونەر | هونەرە | Vijnana |
| بەرز | بەرەزا | Procca |
| شوێن | شوون | Sthala |

دیارە ئەم خشتەی سەرەوە ئەگەر دەستی لەسەردا گرین ئەوا نمونــە زۆرە و ئێمە هێندەمان بە بــەس زانــی و هــەروەها لــەناو خــشتەکەشدا هەســت بــە نزیکایــەتی تــەواوی زمــانی ئــەمڕۆی کــوردی و ئاڤێــستایی دەکرێــت و لــە سانسکریتیەکەوە دوورە.

دەربارەی کۆنێتی ئەو دوو زمانەش بیروڕای جیــاواز هەیــە. هەنــدێك بــە هاوچەرخ و هەندێك سانسکریت لە ئاڤێستا یا ئەم لەو بــەکۆنتر دەزانــن، ئەگــەر لەسەر ئەم خاڵە بڕۆین و بۆچوونی لێکۆڵەران دیاری بکەین ئــەوا باســەکە گــەلێك درێژ دەبێتەوە کە مەبەستی سەرەکی ئێمــە نیــە، بــەلاَم بــۆ ئــەوەی بــە کــورتی بیبڕینەوە دێینە دیاری کردنی سەر باشترین بیروڕای ئەوانەی کە خەڵکی هیندستانن و شــارەزایی تــەواویان لــە سانــسکریتدا هەیــە و هــەروەها بــە وتــەکانیان و بەراوردکردنەکانیشاندا دیارە کە شارەزاییان لە زمانی ئاڤێستا و گاتەکان هەیە.

**یەکەم:** ئەردەشیری خەبــەردار، لەوتەیەکیــدا کــە ٦ / ١٠ / ١٩٥٢ لــە شاری (مدرس)ی هیندســتان بــڵاوی کردۆتــەوە بەناونیــشانی (ســەیرکردنێکی خێرای توێژینەوە بە ئەنجام گەشتووەکان لەبارەی کتێبە پیرۆزەکانی زەردەشــت و ریگ ڤیدا). لە شوێنێکیدا دەڵێ (کۆن بوونی بێئەندازەی زمــانی گاتاکــان لــە چاو زمانی ویدا دیارە، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو زاراوانەی لەگاتاکاندا دەبینرێــت لە چاو زمانی ڕیگ ڤیــدا نــامۆ و کــۆنترن و هــەروەها ڕێزمــانی گاتاکــان لــە ڕێزمانی ڤیدا ئاسانترە، بەو پێیە گاتاکان لە ریگ ڤیدا کۆنترن). (٧)

**دووەم:** پرۆفیسۆر راجارم بهاگوات، لە نووسینی خۆیدا وای دیاری کردووە کە (زمانی ئاڤێستا بە خوشکە گەورەی زمانی ڤیدا دەزانێ). (٨)

ئەم دوو سەرنجە وردە ئێستە لەلایەن نووسەرانی ئەم بوارەوە حیسابیان بۆ دەکرێت و وەك بیرورِایەکی زانستی چەسپیون.

دەبێ ئەوەش بلێین کە جگە لەو خشتەیەی سەرەوە هەندێ نیشانەی دیکەش هەن بۆ جیاوازی نێوان ئەم دوو زمانە.

١ — پیتی (ل) و (ڵ) (٩) لە زمانی سانسکریتیدا هەن و لە ئاڤێستادا نین. لەگەڵ ئەوەشدا پیت لە ئاڤێستادا زۆرترە.

٢ — لەزمانی ئاڤێستادا (اسم الصوت) زۆرتر دەبینرێ تا لە سانسکریتدا.

٣ — ناوی شوێن بەتایبەتی (چیا، رووبار، پێدەشت) و هەروەها ناوی کەس لە ئاڤێستادا زۆرترن تا ئەو. ئەمانە و ئەگەر لێکۆڵەری خۆیشی لێ هەڵبکەوێت ئەوا دەتوانێ جیاوازی (ئوستوورە، ئەفسانە، دین و ئاین) (١٠)، لە نێوان هەردووکیاندا پەیدا بکات، ئەگەرچی لە هەندێ شتی لەو بابەتانەدا نزیکایەتیان لە نێوانیاندا هەیە، بەلاّم هێشتا دەتوانین بلێین دوورایەتیش لە نێوانیاندا هەیە کە بە ئاسانی دەتوانرێ دیاری بکرێ کە ئەو دوو کتێبە زادەی دوو سەردەم و دوو نەتەوەی لێك جیاوازن.

حەکیم مەلا ساڵح

١٩٩٤ سنە — ٢٠٠٣ هەولێر

# پەراوێزەکان و سەرچاوەکان

(١) **هیندۆ ئەوروپی:** بەو گەلانــە گــوتراوە کــە لــە نێــوان هیندســتان و ئیسپانیای ئەوروپادا ژیاون، سەردەمێکی کــۆن دینــی گاپەرســتی لــەناو ئــەم گەلانەدا باو بووە کە ئێستەش دیاردەی لــەناو هیندســتاندا مــاوە، بــەڵام لای ئیسپانیەکان پێچەوانە بوویەوە، کاتێ کە پێشکەوتنیان بە خۆوە دیــت، نــەك هەرپشتیان کردە دینەکە بەڵکو وەرزشی گاکوشتنیان کردە نەریتی خۆیان.

(٢) د. محەمەد عەلی سەجادیە یەکێکە لــەو کەســانە، لێکۆڵینەوەیــەکی بەناوی (سومری نیاکان ما) نووسیوە، واتە: (سۆمەریەکان بــاپیرانی ئێمــەن). لە کارەکەیدا گەلێ وشەی سۆمەری و فارســی بــەراوردکردووە و بــەوەش قایــل بووە بەو ناونیشانەی کە بۆ کتێبەکەی داناوە.

(٣) لە گۆڤاری (شانەدەر) دا ژمارە (٨) وتــارێکم بــڵاو کردۆتــەوە بــەناوی (گەشتێکی زمانەوانی بۆ ناخی مێژووی کورد، کە لــەو وتــارەدا (٤٠) وشــەی سۆمەریم لەگەڵ کوردیدا بەراورد کردووە.

(٤) گۆڤــاری ئاوێنــە ژمــارە (٢٣) پاشمــاوەی زمــانی ســانسکریتی لــە کوردەواریدا.

(٥) گۆڤاری شانەدەر ژمارە (٩)، ١٩٩٩.

(٦) گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شەشەم، ١٩٧٨ ل ١١٨ — ١٨٤.

(٧) و (٨) گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٨)، سەردەمی زەردەشت، نووسینی: جەمشید کاوسجی کاتراك، وەرگێڕانی: ڕێبوار کەریم وەلی.

(٩) هەردوو پیتی (ل) و (ڵ) بەشێوەیەکی فراوان لە زمانی کوردیدا جێگەیان گرتووە، ئەوەش لە سانسکریتی و ئیلامی و هووریییەوە ماوەتەوە، هەروەها لە پەهلەویدا هەر دیارن، هەندێ کەس دەڵێن یا دەنووسن لامی سووك و لامی قەڵەو، بەلاَم من ئەوەم بەلاوە هەڵەیە و بە دوو پیتی سەربەخۆیان دەزانم، چونکە هەردووکیان لە جێگەی خۆیاندا سەربەخۆیی دەدەن بە وشە، بۆ نمونە با سەیری چەند وشەیەك بکەین:

| | |
|---|---|
| گوڵ | گول |
| گۆڵ | گۆل |
| کەڵ | کەل |
| چڵ | چل |
| شڵ | شل |
| ملە | ملە |
| خێڵ | خێل |

بەوشێوە دەبینین وشەكان لەیەك جیا دەبنەوە، هەم گۆكردنیان جیـاوازە و هەم واتایان.

(١٠) لای خەڵك دیتومە كە جیاوازی نێوان ئوسـتوورە و ئەفـسانە ناكـەن، یا دیتوومە كە ئەفسانە بە وەرگێڕانی وشەی (ئوستوورە) دەزانن. ئەم دوو شتە ئەگەرچی هەندێ نزیكایەتیان لەگەڵ یەكدا هەیە، بـەلاّم لەشـتێكی سـەرەكیدا بەتەواوی لەیەك دوور دەكەونـەوە، ئـەویش ئەوەیـە كـە پاڵـەوانی ئوسـتوورە بوونێكی فیزیكی هەیە و بە گێڕانەوە گـۆڕانێكی خـەیالاّوی بەسـەردا هـاتووە، مەبەست ئەوەیە كـە پاڵـەوانی ئوسـتوورە لـە بنەڕەتـدا بـوونی هـەبووە وەك: (كاوە، زوحاك، ڕۆستەم، فەرهاد. . . هتد)، بەلاّم پاڵـەوانی ئەفـسانە بـەم چەشنە نیە و تەنیا بوونێكی خـەیاڵی هەیـە و شـتێكی وەهمیـە وەك: (دێـو، پەری، مێردەزمە. .. هتد).

هەروەها دەبینم جیاوازی لە نێوان (دین) و (ئاین) یشدا ناكرێت، بـەڵكو لای نووسەران و لە كتێبەكانی قوتابخانەشدا (ئاین) بە وەرگێڕانی وشەی (دیـن) دانراوە. كە ئەمەش وانیە، چونكە (دین) واتـای بیروبـاوەڕ و مـەرام دەدات و (ئاین)یش بە واتای داب و نەریت دێت، كە دووشتی لە یەك جیاوازن.

وشەی (دین) وشەیەكی ڕەسـەنی كوردییـە و پەڕیوەتـە نـاو زمانـەكانی دیكەوە، چونكە لە ئاڤێستادا بە شێوەی (دەیینـا) هـاتووە و پاشـان گـۆڕانی

بەسەردا هاتووە و کورت بۆتەوە بۆ شێوەی (دین)، ئێستەش لە کوردستاندا هەندێ شوێنی کۆنمان هەیە کە وشەی دینیان بە درێژایی ڕۆژگار لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە، وەك: (دینەوەر)، (شەمدینان)، (بادینان)، یا وەك: کاك ئەنوەر مەسیفی ئاگاداری کردم لە ناوچەی (شیروان مازن) درەختێك هەیە بەناوی (دیندار)، لە کاتێکدا دەبینین لە هیچ جوگرافیایەکی دیکەدا وشەی (دین) ئاوا نەماوەتەوە، کەواتە موڵکی کوردە و با بە هەڵە لە جێگەیدا (ئاین) بەکارنەهێنین.

# فەرهەنگەکە

*** ئاپ — Ap — ئاو**

لە ئاڤێستادا (ئاپ) و (ئاڤی) بەکارهاتووە. لە پەهلەویدا هەر (ئاپ) ە — لە ئێستەی زمانی بلوچیشدا هەر بەشێوەی (ئاپ) ماوەتەوە. لە سۆمەریدا (ئابە)، لە فارسیدا (ئاب) و لە فارسی کۆندا (ئاپی)، لە کوردیدا جگە لە ئاو بەم شێوازانەش بەکاردەهێنرێ، (ئاڤ = کرمانجی باکوور)، (ئاوی = گۆرانی و زازایی)، (ئوو = لەکی و لوڕی)، هەروەها بەشێوەی (هەو)یش بە ئاستەم ڕیشەی ماوە، وەکو لە ناوی (هەوشار) دا دیارە، هەوشار لە فارسیدا بەشێوەی (آبشار) گۆدەکرێ بە واتای: (تاڤگە — جێگەی ئاو هەڵدێر).

ئەم (هەو) ە لە لایەکی دیکەی زمانی کوردیدا شێوەی (هاو)ی وەرگرتووە، وەکو لە ناوی (زەهاو) دا ماوەتەوە، بەواتای: (زێ + ئاو).

هەروەها مامۆستا هەژار لە (هەنبانە بۆرینە)دا بە شێوەی (یاو) یش لە زمانی کوردیدا دۆزیویەتیەوە وەك ئەم وشانەی هێناوە:

- یاومز = کیسەی ئاو لەسەر لێو (یاو + مز).
- یاوس = ئاوس، زگپڕ.
- یاونشان = یاومز.

(ئاپ، ئاڤی، ئابە، ئاب، ئاپی، ئاو، ئاڤ، ئاوی، ئوو، هەو، هاو، یاو) هەموو یەك ڕیشەن.

بابا تایەری هەمەدانی بەشێوەی (ئاوە) بەکاری هێناوە و دەڵێ:

**زەنەم ئەز بەهری یاری گێج و وێجی**

**شەوانم (ئاوە) ئەز چەشمان بڕێجی**

(ئاوە) زۆرتر لە (ئابە) سۆمەریەکەوە نزیکە بە گۆڕانی پیتی (ب) بە (و)، هەروەها بەشێوەی (ئەو)یش هەر بەکاری هێناوی، وەك دەڵێ:

**گوڵێ کێشتەم پەیی ئەڵوەند دامان**

**(ئەو)ەش ئەز دیدە دادەم صوبح و شامان**

**<u>* ئاریە – Arya –</u>** بەواتای (وەفادار) و نەژاد و ڕەگەزی گەلانی ئاری هاتووە.

لە ئاڤێستادا (ئایرا) و (ئەیریا) بەکارهاتووە، هەروەها بە شێوەی (ئیریەن)یش هەیە بە واتای (ئاریایەکان). لە یۆنانی کۆندا وشەی (ئاریان) بەواتای (وەفادار) هەیە و دیارە (ئاریە) و (ئایرا) و (ئەیریا) و (ئیریەن) و (ئاریان) هەموو یەك ڕیشەن. وشەی (ئاریان) لە کوردیدا بە ناوی شوێنەوە ماوەتەوە، (ئاریان = گوندێکە لە بەشی ژاوەرۆی هەورامان).

(ئاریان)یش وشەی (ئاری) لە پاش بەجێماوە کە لـە زمـانی کوردیـدا هـەم واتای (نیشتەجێبوون) و (یارمەتی) وەرگرتـووە، هـەم بـە نـاوی شوێنیـشەوە ماوە، وەکو (ئاری زان = کۆنە گوندێکە لە دەڤەری سنە)، (ئـاری سـەروو — ئاری خواروو) ناوی دوو گوندن لە دەڤەری (بارزان — لۆلان).

هەروەها وەك دیاریمان کرد واتایـەکی دی وشـەی (ئـاری) = نیـشتەجێبوون دەگـەیێنیٚ، وشـەی (ئـاران)یـشمان هەیـە بـەواتای شـوێنی نیـشتەجێبوونی کۆچەریان.

{ **هەموو چوونە هەواران — ئێمە ماوین لـە ئـاران** }. ئەمـەش وشـەی (ئـارا)ی لەسـەر داتاشـراوە بـەواتای شـوێنی نیـشتەجێبوونی هەمیـشە، پێچەوانەی شوێن و مەنزڵی کۆچەر و ڕەوەنـدەکان، ئەمـەش شـێوەی (ئـار)ی وەرگرتووە بەواتای (پاشگری شـوێن) کـە ڕیـشەی لـەزمانی کوردیـدا دیـارە، وەکو (نسار = شوێنی نسیٚ)، (هەوار = شوێنێك هەوای خۆش و لەبار بێـت)، (هەوار)یش (وار) و (وارگە) لێکەوتۆتەوە.

*** ئازاتە — Azata — ئازاد .**

لە ئاڤێستاشدا بەهەمان شـێوە بـەکارهاتووە، لـە پەهلەویـدا دواپیتـی سواوە و بۆتە (ئازات) ئێستە بە شـێوەی (ئـازاد) لـەناو زمانـەکانی کـوردی، فارسی، هیندی، گیلەکی، بلووچی، پەشتوویی دا بەکاردەبرێت.

لە زمانی کوردیدا جگە لەوەی بۆتە ناو بۆ کوڕ ئەم وشانەشی لەسەر داتاشراوە (ئازادی)، (ئازادیخواز) (ئازادکردن)، (گەردن ئازادی). هاوواتایشی (ڕزگار)، (سەربەست)ە.

## * ئاستە – Asta – ئاسۆ .

لە ئاڤێستا (ئەستە) لە زمانی هیتیەکاندا (ئاسوا) و لای ئاشووریەکان (ئاسیا) بەکارهاتووە، ئاسیا واتای سەرزەمینی ڕۆشن بە پێچەوانەی (ئەوروپا) وە کە واتای سەرزەمینی تاریك دەدات. (ئاسۆ) لە کوردیدا بە واتای کەناری ئاسمان دێت بەتایبەتی دەمەدەمی خۆر هەڵهاتن.

(ئاستە، ئەستە، ئاسوا، ئاسۆ، ئاسیا) هەموویەك ڕیشەن.

## * ئووپەڕی – Upari – ئەوپەڕ

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بەشێوەی (ئەپەڕە) بەکارهاتووە، ئێستەش لە زمانی هیندیدا (ئوپەڕ) دەگوترێ.

وشەکە بۆ زیادەڕۆیی بەکاردێت، بەواتای (دوا پلە و دوا رادەی شتێك) وەك دەگوترێ:

- ئەوپەڕی خۆشیمە.
- چێشتەکە ئەوپەڕی سوێرە.

- من ئەوپەڕی ماندووم.

*** ئووشترە – Ustra – حوشتر .**

لە ئاڤێستاشدا بەهەمان شێوە بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا (ئۆشتەر)، لە زمانی کوردیدا جگە لە (حوشتر)، (هوشتر، وشتر، حویشتر، حیشتر)یش بەکاردێت و هەندێ وشەیشی لەسەر داتاشراوە وەکو:

- حوشتر گەڵوو = گونجی ئاو کە لە گڵەسوورە بە شێوەی بۆری دروست کرابێ.

- وشترا = زنجیرە شەپۆلی نێرینەی چۆم.

- هوشترالۆك = حوشتر خۆرە.

- حیشتیری = جۆری ڕۆشتن بە لۆقی بڵند.

لە زمانی کوردی - کرمانجی باکوور — دا وشەی (دەڤە) هەیە وەك هاوواتای حوشتر، کوردەکانی تورکمانستان بە شێوەی (داڤان) بەکاری دێنن.

*** ئەبهرەکە – Abhraka – مەسینە .**

لە زمانی کوردیدا وشەی (بریك) و (بریق) هەیە بەواتای مەسینە. دیارە (بریك) یا (بریق) کورتکراوەی (ئەبهرەکە) یە.

ئەبهرەکە — بهرەکە — بهریك — بریك، کە (بریـق)یـش هەیـە و ئـەوەش گۆڕانی پیتی (ك) ە بۆ (ق).

ئەم وشەیە چۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە و شـێوەی (ابریـق)ی وەرگرتـووە، دیارە وەك مێژوو بلێین وشەی (بریك) لە (مەسینە) کۆنترە، چونکە (مەسـینە) لە (مسینە)وە هاتووە بەواتای ئەوەی کە ئامرازەکە لە (مس) دروسـت کـراوە، بەلاّم (بریك) کە لە ڕیشەی سانسکریتیەکەیە وشـەی ڕۆژگارێکـە کـە (مـس) کەشف نەکراوە.

لە زمانی کوردیدا جگە لە (بریك یا بریـق) و (مەسـینە) بـەم شـێوانەش ناوی هەیە: (ئافتاوە)، (لوولێنە)، (مسینك) و (لوولەینە).

## * ئەژامی — Ajame – ئازا .

لە ئاڤێستادا بەشێوەی (ئەزامی) بەکارهاتووە کە جگـە لـەواتای (ئـازا) واتای (پێشڕەو، سەرکردە) شی وەرگرتووە.

وشەکە بەم چەشنە گۆڕانی بەسەردا هاتووە:

ئەژامی — ئەزامی — ئەزا — ئازا.

هاوواتای ئەم وشەیە لە کوردیدا:

(بوێر، نەترس، دلێر، نەبەرد، گەڕناس)ە.

*** ئەستی – Aste – یە .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستاشدا هەر (ئەستی)ە، لە پەهلەوی و فارسیدا بۆتە (است) لە زازاییدا (ئەستۆ) گۆ دەکرێت، لە شێوازی جافی و ئەردەڵانیدا تەنیا پیتی (س)ی لێ ماوەتەوە کە بەمشێوەیە بەکاردەهێنرێ.

- ئەوە پیاگەکەس = ئەوە پیاوەکە (یە).

ئەمیچە هی تۆس = ئەمەش هی تۆ (یە).

- هەس = هەیە.

مەولەوی لە بەرهەمی (العقیدة المرضیة) دا کە بە شێوەی جاف هۆنیویەتیەوە لە دەست پێکەکەیدا دەڵێ:

**زوبدەی عەقیدە و خوڵاسەی کەلام**

**هەر لە تۆ بۆ تۆس حەمد و سەنای تام**

لەم بەیتەدا (بۆ تۆس)واتای (بۆ تۆیە) دەدات.

*** ئەسڤە – Asva – ئەسپ .**

لە ئاڤێستادا پیتی (ڤ) ی گۆڕاوە بە (پ) و بۆتە (ئەسپە)، لە پەهلەویدا کورت بۆتەوە بە (ئەسپ)، لە میتانیدا (ئەسپا) لە هورییدا (ئیس) لە ئۆرارتوویدا (ئیسی) لە فارسیدا (اسب).

لە ئاڤێستادا وشە دووانەی (ئەسپە ریزەتە) هەیە بەواتای (ڕیزكردنی ئەسپ لە بەردەم پاشا و سەركردەدا)، تا ئێستەش لە هەورامان گوندێك بە ناوی (ئەسپەریز) هەیە كە لەو ڕیشە ئاڤێستاییە یە.

لە زمانی كوردیدا جگە لە (ئەسپ) بەشێوەی (هەسب و حەسپ)یش بەكاردەهێنرێ، لە لای ئیزەدیەكان (بۆڕ)ی پێدەگوترێ و لە شوێنێكی دیش (یاو) هەروەكو هەژار لە هەنبانە بۆرینەدا نووسیویە، كوردەكانی توركمانستانیش بە شێوەی (جین) و (یاوی) بەكاری دێنن. (یاوی) لە (یابوو)ەوە نزیكە كە ئەمیش لەگەڵ ئەسپدا یەك ڕەگەزن.

## * ئەسڤارۆهە – Asvaroha – ئەسپ ڕان ، سوار .

وشەی (رۆهە) بەرەو (ڕان) هاتووە بە واتای (لێخوڕین و ئاژووتن) وشەی (راندن) و (رانین) یش هەر بەكاردێ و (راونان)یش هەر لەم ڕیشەیە.

## * ئەسمی – Asme – = هەم ، بوونم هەیە .

لە ئاڤێستادا پیتی (س)ەكەی گۆڕاوە بە (هـ) و شێوەی (ئەهمی) وەرگرتووە، لە پەهلەویدا بۆتە (ئەهیم)، لە زمانی كوردیدا بە پێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار وشەكە كورت و سانا بۆتەوە و بووە بە (هەم) وەك دەگوترێ:

+ م هەم. .. ئەی تۆ چی ؟

- منیش هەم.

وشەکە بەم شێوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئەسمی — ئەهمی — ئەهیم — ئەهەم — هەم.

لە نێوان سانسکریتی و ئاڤێستاییدا هەندێ گۆڕانی نێوان (س) و (هـ) هەیە کە لەمەو دوا لە دەیبینین، هەر ئەم گۆڕانە ئێستەش لە زمانی کوردیدا بنجی دیارە، وەکو (هەروەها = کرمانجی نێوەڕاست)، (هەروەسا = کرمانجی باکوور) یا (سەوز) لە شێوازێکدا دەبێتە (هەوز) وەکو هەژار لە هەنبانە بۆرینەدا هێناوەیە، یا (ماسی) لە گۆرانیدا دەبێتە (ماهی).

*** ئەشتەو — astau - هەشت .**

لە ئاڤێستادا (ئەشتە) و لە پەهلەویدا (ئەشت) بەکارهاتووە.

ژمارە (هەشت) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی (هەشتێ)ش بەکاردێت وەك:

- هەشتێس = هەژدە.

- هەشتێ سن = هەژدەهەم.

یا بەشێوەی (هەست) وەك:

- هەستای = هەشتا.

- هەستێس = هەژدە.

(هەشـــت)، ئەگـــەر ژمـــارە (دە) بکەوێتـــە دوای، ئـــەوا پیتـــی (ش) دەگۆڕێ بە (ژ) وەك:

- هەشت + دە = هەژدە، هەژدەهەم، هەژدەهەمین.

*** ئەڤاچی – Avace – ئاواز .**

لە ئاڤێستا و پەهلەویدا (ئاواز) بەکارهاتووە کە تا ئێستەش لـە زمـانی کوردیدا هەر بەمشێوە ماوەتەوە، لە کوردی کۆندا (بابـا تایـەری هەمـەدانی) بە شێوەی (ئاواج) بەکاری هێناوە وەك دەڵێ:

**گەر ئەو بەشنش نەهی ئان داری شمشاد**

**گەر ئەو روونش کەری ( ئاواج )ی بولبول**

صەیدی یەکەمیش بەشێوەی (ئاڤاز) بەکاری هێناوە دەڵێ:

**سابورێ لام ئەنداز کەرە**

**دەنگت وەشو ( ئاڤاز ) کەرە**

شایانی باسە وشەی (ئاواز) لە سنوری جوگرافیایەکی فراوانـدا لای (فـارس، گیلەك، پشتوو، بلوچ، مازیندەرانی) بەکاردێت، لە هیندیدا (ئاواد) دەگوترێ.

(ئەڤاچی) لە یەکەم گۆڕانیدا دوا پیتی لاچوە و گۆڕانیش بەسەر پیتـەکانی دیکەیدا هاتووە. پیتی (هـ) بەرەو (أ) و (ڤ) بەرەو (و) و (چ) بـەرەو (ز) بـەم جۆرە وشەکە سانا بۆتەوە بە (ئاواز).

هاو واتای ئەم وشەیە لە کوردیدا (شاز)ە کە لای ئیزەدیەکان بەکاردێت.

## * ئەکاریە – Akarya – مامۆستای پیر

ئەم وشەیە لە ناوی شاری (هەکاری)یەوە نزیکە و دوورنییە (وجە التسمیە)ی هەکاری لەوەوە بێت، واتە لەسەردەمانێکدا مامۆستا و زانایەکی پیر ئاوەدانی کردبێتەوە. ئەمە بۆچوونە و تەنیا لەوەوە بۆی دەچم کە نزیکایەتی لە نێوان هەردوو وشەکەدا هەیە.

## * ئەنگوولە – Angula – ئەنگوست

وشەی (ئەنگو) لە (ئەنگوولە) و (ئەنگوست) دا یەکێکن، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە (لە) چۆن گۆڕاوە بە (ست)، ئەوە نازانم.

مام هەژار لە هەنبانەبۆرینەدا وشەی (هەنگولیسك)ی هێناوە بەواتای (ئەنگوستیلە)، لەم وشەدا (هەنگوول) لەبەرچاو دەگرین کە تەواو لە (ئەنگوولە) سانسکریتیەکەوە نزیکە، کەواتە لە شێوەزارێکی کوردیدا لەباتی (ئەنگوست)، (هەنگوول) بەکاردێت.

هاوواتای لە کوردیدا دەبێتە (تلی، قامك، کلکە، تبل، پەنجە، تلهی، بچیٚ).

*** ئەهەم Aham – هەموو .**

وشەکە پیتی یەکەم و دووەمی سواوە و (هەم)ی ماوەتەوە.

سوانی (ئە) لەسەرەتای وشەدا ئێستەش لە زمانی کوردیدا هەر هەیە، وەکو (ئەستاندن – ستاندن)، (ئەستێرە – ستێر)، (ئەسپاردن – سپاردن)، (ئەشکەفت – شکەفت)، (هەم)یش گۆڕاوە بە (هەموو) ئەوەش پەیوەندی بە گۆڕانی پیتی (م ) و (و) هەیە کە لە کوردیدا زۆر دیارە،

وەکو (ئەمساڵ – ئەوساڵ)، (ئەمڕۆ – ئەوڕۆ)، (جوێن – جمێن)، (نیم، نیوە). .. هتد.

لەناو جافدا (هەمگ) بەکار دێ، ئەمەش لە ڕیشە پەهلەوییەکەوە نزیکە کە (هەماگ) گوتراوە.

لە زمانی کوردیدا جگە لە (هەموو) وشەکانی (گشت، هەمی، تێکڕا، گژ) بۆ هەمان واتا بەکار دێت.

*** ئەهەم کارە – Ahamkara – هەمەکارە**

بەواتای کەسێ کە دەستەلاٚتی زۆربێ، یا کەسێ کە لە هەموو کارێ بزانێت.

*** ئیشتەکە – Estaka – خشت .**

لـە ئاڤێـستادا بـە شـێوەی (ئیـشت یـە) و لـە پەهلەویـدا (خیـشت) بەکارهاتووە، لە زمانی کوردیدا گۆڕانی نێوان پیتی (ء) بە (هـ) و (هـ) بـە (خ) مان هەیە، نمونەی گۆڕانی پیتی (ء) بە (هـ) وەکو:

- ئەنبانە — هەنبانە.
- ئەنگوور — هەنگوور.
- ئاروێ — هاروێ. . . هتد.

نمونەش بۆ گۆڕانی نێوان پیتی (هـ) و (خ) وەکو:

- هانی — خانی.
- هومە — خوم.
- هۆر — خۆر.

بەم پێیە وشەی (ئیشتەکە) لەسەر ئەم شێوازە گۆڕانی بەسەردا هاتووە = ئیشتەکە - هیشتەکە — خیشتەکە. پاشان بە درێـژایی ڕۆژگـار کـورت و سانا بۆتەوە بە (خشت) کـە لـە کوردیـدا (کـەرپوچ)یـشی پێـدەگوترێ و لـە زارێکیشدا بە شێوەی (کورتا) بەکاردێت.

خشت لە زمانی کوردیدا چەند واتای دیکە بە خۆوە دەگرێت وەك:

- خشت بیبڕە = ڕێك و پێك بیبڕە.

- خشت = زرگ، ئەو سیخەی کە دەروێش لەکاتی حاڵ لێهاتندا دەیدا لە خۆی.

- خشت = گرد، خڕ، گرۆڤەر، خرت.

## * ئیشوەر – Eswar – خوا ، خێو ، مەزن .

ئەم وشەیە ئێستە لە زمانی کوردیدا برەوی نەماوە و نەم بیستووە لە هیچ یەکێ لە زاراوە و بن زاراوەکانی کوردیدا پاشماوەی مابێت، بەڵام لای کاکەییەکان تا سەدەی هەشتەمی کۆچییش بە واتای خوا بەکارهێنراوە. (شا ئیبراهیمی ئیوەت) کە یەکێکە لە گەورە پیاوانی کاکەیی لە دەفتەری (زوڵاڵ زوڵاڵ) دا لە جێگەی ناوی خوا بەکاری هێناوە و دەڵێ:

**مەردان مەلالان یەك یەك بە ( ئیشوەر )**

**ئەو سا پادشام نامش بی داوەر**

واتە: هەموو پیاوچاکان لە (ئیشوەر) لالانەوە، ئەوسا پاشام ناوی بوو بە داوەر.

## * ئیک – Ek – یەك .

لە ئاڤێستادا بەشێوەی (ئەیڤە) و لە پەهلەویدا (ئێك) بەکارهاتووە، لە میتانیدا (ئیك) و لە هەخامەنشیدا (ئەیوە) و لە هەورامیدا (یوە) دەگوترێت. لە زازاییدا (ئێك) و لە هیندیدا (ئیك) و لە فارسی و پشتوییدا (یك).

*** ئیکاکین — Ekalen — یەکانە ، بەرازی نێر .**

لە کرمانجی باکووردا (ئێکانە) بەکاردێ کە لـە بنجـە سانـسکریتیەکەوە نزیکە. وشەکە بەم شێوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە:

ئیکاکین - ئیکان - ئێکانە — یەکانە.

هاو واتایشی لە کوردیدا (بڕەك) ە.

*** ئیلا — Ela - هێل ، حێل .**

وشەکە (ئیلا) گۆڕاوە بـە (هـیلا) و پاشـان کـورت بۆتـەوە بـە (هێـل) ئەمیش بۆتە (حێل) کە ئەمەش پەیوەندی بە گۆڕانی نێوان پیتـی (هــ) و (ح) یـەوە هەیـە کـە لـە زمـانی کوردیـدا نموونـەی زۆرە وەك (هـەڵوا — حـەڵوا)، (هەسارە — حەسارە)، (هەفت — حەفت). . . هتد.

حێل: دانەیەکی بۆ نخۆشە بە تایبەتی دەکرێتە ناو چایی و مرەباوە.

- حێل و مێخەك = خشڵێکی کلاسیکی کوردییە. (مێخـەك) یـش هـەر دانەیەکی بۆنخۆشە.

*** باهۆ — Baho _ بازوو .**

لە ئاڤێستادا (بازوو) لە پەهلەویدا (بازووك) بەکارهاتووە. ئێـستە لـە زمانی کوردیدا بە شێوەی (باهۆ) یا (باهوو) یا (بازوو) بەکاردێت.

بۆ نمونەی (باهوو) نالی دەڵێ:

**ئەلا ئەی نازەنین ئاهوو بە ( باهوو )**

**دڵــی سەییادی خۆت هێنایە لــەرزە .**

(بازوو)ش وشەی (بازوبەن)ی لەسەر داتاشراوە كە جۆرە خشڵێكی كۆنە.

**هەروەك بازووبەن بتكەمە باڵم**

لە شێوازەكانی (فەیلی و لەكی و لوڕی و كـەلڕی)دا بەشـێوەی (بـاهوو) بەكاردێت. لە نێوان (بـاهوو) و (بـازوو) دا گـۆڕانی نێـوان پیتـی (هــ) و (ز) دەبینرێ، هاوواتای لە كوردیدا دەبێتە (قۆڵ، باڵ، شان و پیل).

## * بوودهنا – Budhna – بوون .

ئەم وشەیە لە ئاڤێستا و پەهلەویدا بەشێوەی (بوونە) بـەكارهاتووە، لـە كوردی ئەمڕۆدا گۆڕانێكی دیكەی بەسەردا هاتووە بۆتە (بوون).

بوودهنا – بووهنا – بوونا – بوون. لـە زمـانی فارسـیدا پیتـی (دال)ی سانسكریتیەكەی ماوە و (بودن) بەكاردێ.

## * بهاجینێ – Bhagini – خوشك

لە زمانی كوردیدا وشەی (باجی) هەیە بە واتای (دادە و خوشكی گەورە).

بهاجینێ — باجینێ — باجی.

لە دەڤەری ئەردەڵاندا (باجی) بۆ خوشك و (ئاباجی) بۆ خوشکی گەورە بەکاردێت.

*** بهارە — Bhara — بار .**

ئەو کەل و پەلەی هەڵدەگیرێ بە تایبەتی لەسەر پشتی وڵاخ و. . . هتد.

ئەم وشەیە لە پەهلەویدا کورت بۆتەوە بە (بار) کە ئێستە کورد هەر بەمشێوە بەکاری دێنێ.

ئەم وشەیە بە چەند شێوازی دی بەکاردێت:

- لەگەڵ (کار) دا دەبێتە وشە دووانە، وەك دەگوترێ (کاروبار).
- بەواتای ئەرك و ڕەنج دێ، وەك (باری ژیانم گرانە).
- ئەو توێژاڵە سپیەی سەر زمان، وەك دەگوترێ (زمانم باری گرتووە).
- وشك، وەك لە (لێو بە باردا) هەیە.
- بێچووی ناوسك، وەك دەگوترێ (فلاٚن ژن باری هەیە) یا (منداڵەکەی لەبار چوو). هەندێ جاریش لەگەڵ وشەی دیدا جووت دەبێ و بۆ کینایە بەکاردێت وەك:
- بارچەوت = پیاوی ناڕاست.

- بارسووك = خەم نەخۆرى ماڵى دنيا، يا كەم ئەرك.

- باركەوتن = نەهامەتى، بەوبەخت.

- بارنەر = كەسى لاسار و نەگونجاو.

- بارگران = كەسێ ئەركى ژيانى لەسەر زۆر بێ.

هەروەها گەلێ وشەشى لەسەر داتاشراوە، وەكو (بارەبەست، باربەند، باربەستن، بارخانە، باركردن، باركێش، بارگير، بارگەوبنە، بارەكى، بارەنداز، بارەنگێو، بارگر و باردابەستن. ..هتد).

*** بهراتا – Bhrata – برا .**

ئەم وشەيە لە يەكەم گۆڕانيدا دوو پيتى دواوەوەى سواوە و (بهرا)ى ماوەتەوە، دواى ئەمەش سانا بۆتەوە بە (برا). لە ئاڤێستادا (براتەر) بەكارهاتووە كە لە فارسيدا بۆتە (برادر) و لە ئينگليزدا (**Brother** ) دەگوترێ. لە پەهلەويدا (بيرات). (براتەر)ى ئاڤێستا لە كورديدا بە شێوەى (برادەر) ماوەتەوە كەواتاى هاوڕێ و هەڤاڵى وەرگرتووە. لە شێوەى لوڕيدا هەر بە واتاى (برا) بۆتە (برار) و ئەم وشانەشى لەسەر داتاشراوە:

- برارزا = برازا.

- برارزينە = براژن.

- برارگپ = براگەورە.

- براری = برایەتی.

- برار وارونە = شێوە ڕەفتاری دوو برا پێكەوە.

وشەی (برا) لە زمانی كوردیدا جێگای دیارە و بە فراوانی بەكاردەهێنرێ، هەندێ جاریش لەگەڵ وشەیەكی دیكەدا دەبێتە جمك و بۆ كینایە بەكاردێت وەكو:

- برابەش = هاوبەش لە ماڵی دونیادا.

- براتووتە = پەنجەی تەنیشت پەنجە بچكۆلە.

- براكێ = دۆسی نزیكی نێرینە.

كوردەكانی توركمانستان بەشێوەی (برانگ) بەكاری دەهێنن.

## * بهروو – Bhru – برۆ ، ئەبرۆ .

لە ئاڤێستادا (برڤەت) و لە پەهلەویدا (برووگ) بەكارهاتووە. لە كرمانجی نێوەڕاست و خوارووی بە هەردوو شێوەی كە نووسیمان بەكاردێت. بۆ نمونەی (برۆ) نالی دەڵێ:

**(برۆ)ت باڵی هووما سایەی سەری سوڵتانی حوسنت بوو**

**خەتت هات و وتی: من ناسیخی طوغرایی خونكارم**

بۆ نمونەی (ئەبرۆ)ش دەڵێ:

**خاڵت چیە ؟ دانەی گەنمی جەننەتی ڕووتە**

**چاوت چیە ؟ فیتنەی حەرەمی قیبلەیی (ئەبرۆ)**

لە کرمانجی باکووریشدا (ئەبرو) و (برهـ) هەیە.

بۆ نمونەی (ئەبرو) مەلای جزیری دەڵێ:

**مە لەو فنجان ل سەر دەستە کو مەهتابا هیلال ئەبرو**

**نومایــن من د میرئاتـــێ مـەیا صافا زەلال ئـەبـرو .**

بۆ (برهـ) یش دەڵێ:

**گەر نە تەشبیهی دوو ( برهـ ) ێن تەبین**

**مـــە د عیـــدان ب هیلالـــێ چ غـــەرەض**

شایانی وتنە لە کوردیدا (بورگ)یش هەیە و لە زمانی ئینگلیزیدا (**Brows**) بە کاردێت، کە وشەی (برۆ)ی تێدا دیارە.

## * بهوورووو – **Bhuru** – ڕوەك .

ئەم وشەیە لە کوردیدا وەك خۆی نەماوە، بەڵام من وای بۆ دەچم (بەڕوو) کە ڕوەکێکە پاشماوەی ئەم وشەیە بێت و لەمدا شوێنەواری مابێت.

(بەڕوو) لە پەهلەویدا بەشێوەی (بەلوت) بەکارهاتووە کە لە فارسی و عەرەبیدا بۆتە (بلوط).

## * بهووگنێ – **Bhogini** – ژن .

ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا (بووك)ی لێماوەتـەوە کـە بـە شـێوەیەکی فـراوان بـەکاردەهێنرێت. وشـەکانی (بـووك بووکێنـە)، (بووکڵـە)، (بووکـە

بارانیێ)، (بووكه سـەماكەره)، (بووكـه شووشـه)، (بـەر بـووك)، (بـووك و خەسوو)، (بووكەڵە) و (بووكه سـووره - مەلێكـه) هەيـه، هـەروەها (بـووك) بەواتاى (باپشكێو) و (گوڵاڵە سووره)ش بەكاردێت.

هاوواتايش له كورديدا (وەيوه — گۆرانى)، (وەوى — ئەردەلانى)، (بيـى — لوڕى)، (بوى — لەكى)، (بوويك — كرمانجى باكوور) و هەروەها (بيـك) و (بودى)ش هەيه.

وشەى (بهووگنىێ) له يەكەم گۆڕانيدا دوو پيتى دواوەى سواوه و (بهـووگ) ى ماوەتـەوه كـه ئـەميش گـۆڕاوه بـه (بـووك)، شـايانى باسـه لـه شـێوەى (بەختيارى)دا (بهيگ) دەگوترىێ ، وەك دەڵێن:

**بهيگ وه هونى بردن.** واته: بووك بۆ ماڵ بردن.

## * بهوومى – Bhumi – بووم ، زەوى .

ئەم وشەيه له ئاڤێستادا پيتى دووەمـى سـواوه و بۆتـه (بـوومى)، لـه پەهلەوى و سۆمەريدا شێوەى (بووم)ى وەرگرتووه.

لەناو زمانى كوردى ئەمڕۆشدا بەشێوەى (بووم) ريشەى ماوه.

وەكو دەگوترىێ:

- بوومەلەرزه = زەوى لەرينەوه، ئەرد هەژێن.
- مەرز و بووم = وڵات، نيشتيمان.

- بەروبووم = بەر و بەرهەمی زەوی " (کە لە ڕاستیدا — بەری بووم)ە.

- بوومــە لێــڵ = تاریــك و روونــی بــەیانی، ئەوکاتــەی کــە زەوی لێڵــە (نەتاریکە و نەڕۆشن).

بابا تاهیری هەمەدانی بەشێوەی (بووم) بەکاری هێناوە، دەڵێ:

**مـو ئان میحنەتکـەش حەسرەت نەصیبم**
**کە دەر هەر موڵك و هەر ( بووم ) ێ غەریبم**

یاخود زاراوەی (بەروبووم)ی بەشێوەی (بووم و بەر) بەکارهێناوە، دەڵێ:

**بە دڵ یادم ئەز ( بووم و بەر ) ئایۆ**
**سریشکم بێخود ئەز چەشمی تەڕ ئایۆ**

شایانی گوتنە لە شێوەزاری ئەردەلانی و جافیدا هەندێ جار (مەرز و بووم) بە واتای ولات و نیشتمان دێت، وەك (هۆشیار سنەیی) شاعیر دەڵێ:

**ئیسەیچ کە چەرمگ بووگە مووم ، مەستم بە عەشقی مەرز و بووم**
**بێ فەهمیە لەم نەشئە گەر هەر کەس ، سەری سەرشار نەبێ**

*** بەڵە — - Bala – بەلا .**

(بەلا) یا (بەلا) وشەیەکە بەفراوانی لە زمانی کوردیدا بەکاردێت و وشەی دیکەشی لەسەر داتاشراوە، وەکو:

- بەلاگێڕ = قەزاوقەدەر گێڕەوە.

- بەلا گەردان = قەزاگر، بوون بە قوربان.

تایەر بەگی جاف دەڵێ:

**فیدای ڕوخساری ئاڵت بم ئەڵێی خورشیدی تابانە**

**( بەلاَ گەردان )ی باڵات بم وەکو شمشادی بوستانە**

یا دەگوترێ: (بەلاَ لێت دا)، (تووشی هەزار دەرد و بەلاَ بی)، (بێ بەلاَ بی)، (بەلاَی خوا) و (پیاوێکی بەلاَیە) و. . . هتد.

مەحوی دەڵێ:

**( بەلاَ ) هەروەك كوللە داباریيە سەر مەزرەعەی ئومێد**

**مەگەر ئەو تیپی موژگانە بکەن وەك عەینەمەل چارێ**

(بابا تایەری هەمەدانی) و (مەلای جزیری) بەشێوەی (بەلا) بەکاریان هێناوە. بابا دەڵێ:

**( بەلا ) یە دل ، ( بەلا ) یە دل ، ( بەلا ) یە**

**گونەهـ چەشمون کەروون دل موبتەلایە .**

مەلای جزیری دەڵێ:

**شاهی جەڤین غەم ژی رەڤین ماری شەڤین ئیساند ئەڤین**

**دەرد و ( بەلا ) دین چون هەلا عومرەك مەلا مەهجوور بوو .**

هاوواتای وشەی بەلاَ لە کوردیدا دەبێتە (رووش) و (ئاپۆڕ).

شایانی باسە ئەم وشەیە بەشێوەی (بلاء) چۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە.

*** بەندهە – Bandha – بەند .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بەشی دووەمی سواوە و (بەند)ی ماوەتەوە، لە پەهلەویشدا هەر (بەند) بەکارهاتووە، لە زمانەکانی (فارسی، گیلەکی، پشتوویی، بلوچی و مازیندەرانی) شدا هەروایە " واتە لە سنووری جوگرافیایەکی فراواندا بەکاردەهێنرێ.

(بەند) لە زمانی کوردیدا بۆ چەند واتا بەکاردێت، وەکو:

- حەپس و زیندان.
- جومگەی دەست.
- پێوەندی زیندانی.
- گەی قامکان = گرێی پەنجە.
- مانەوە.
- فێڵ و گزی.
- جۆگەی گەورە و هەڵبەستراو.
- ئاوبەند.
- گیروگرفت.
- پارچەیەك لە چامەی شیعر.
- کورتە گۆرانی.

- دەستە کاغەز.
- قەدەغە.
- بڵندایی لە تەختاییدا.
- پێنجەم هەفتەی زستان.
- کات، وەك دەگوترێ (سەروبەندی مانگ).
- ساڵی جووت کردنی گا، وەك دەگوترێ (گای سێ بەند) واتە سێ ساڵ جووتی کردووە.

**<u>* پا – Pa – پێ</u>**

لە ئاڤێستادا (پاذە) و لە پەهلەویدا (پادە) بەکارهاتووە " لە زاراوەکانی گۆرانی، ئەردەلانی، کەلڕی، لەکی، فەیلی و گەڕووسیدا هەر بەشێوەی (پا) بەکاردێت.

لە کرمانجی نێوەڕاستیشدا هەندێ جار بەشێوەی (پا) دەبینرێ، وەکو:

- سەرتاپا — سەراپا = لەسەرەوە تاپێ، کە واتای (تێکڕا) دەگرێتەوە.
- سێ پا = سێ پایەی مەشکە ژەندن.
- پاپووج (پا + پۆش) = جۆرێ کەوشە.
- پاموورە = خشڵێکە لە قولەپێ دەکرێ.
- پاوانە = پاموورە.

هاووتای (پا) یا (پێ) لە كوردیدا (قاچ) و (لاق)یش دەگوترێ.

*** پاترە – Patra – پاتێڵە .**

مەنجەڵی بچكۆلە، جۆرە كاسەیەكی گڵێن یا دارین كە چێشتی تێدەكرێ. لەم وشەدا گۆڕانی پیتی (ر) بە (ڵ ) دیارە كە لە زمانی كوردیدا زۆرە، وەكو:

+ سوێر – سوێڵ (شێوەی جاف، ئەردەلان).

+ تار – تاڵ = وەك تاڵەموو.

+ بەرالووك – بەلاڵوك = دەوەنێكە بەرێكی خۆش دەگرێ.

+ كۆمار – كۆماڵ (لەناوجافدا بەو چەند ڕەشماڵە كە پێكەوە هەڵدەدەن دەگوترێ كۆمار كە لە ڕاستیدا (كۆماڵ)ە، واتە چەند ماڵێ پێكەوە.

كەواتە وشەكە بەم شێوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە:

پاترە – پاتڵە – پاتێڵە.

(پاتێڵە) شێوەی ئاخافتنی جافە و لە شێوەزارەكانی دیكەدا (پاتێڵ، پاتیلە، پاتیل) بە كاردێت.

*** پادە = Pata – پادار .**

لە ئاڤێستادا (پادهە) بەكارهاتووە، لە كوردیدا (پادار) دەگوترێ بەواتای هەموو ئەو گیانلەبەرانەی كە پێیان هەیە.

*** پارشنی – Parsne – پاژنە .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا (پاشنە) و لە پەهلەویدا (پاشنەك) بەکارهاتووە. لە کوردیدا (پاشنی) و (پاژنو)ش دەگوترێ. لە فارسیدا (پاشنە) بەشێوە ئاڤێستاییەکەی بەکاردێت. ئەمیش لەگەڵ (پاژنە)دا تەنیا جیاوازییان گۆڕانی پیتی (ش) و (ژ) ە، کە ئەم گۆڕانەش لەنێوان هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا نمونەی هەیە. وەك: -

- دشمن = دوژمن.
- بشن = بەژن.
- جشن = جەژن.
- شمارە = ژمارە. . . هتد.

هاوواتای (پاژنە) لە کوردیدا (پانیە)، (پەحنی) و (گۆزەگ)ە.

*** پرستە – Prsta – پرسین .**

لە ئاڤێستادا (پەریس) و لە پەهلەویدا (پەرەست)، لە شێوەی لوڕیدا بۆتە (پۆرسیە) کە ڕیشەی هەموو وشەکان (پرس)ە، ئەمیش بە شێوەیەکی فراوان جێگای گرتووە و گەلێ وشەیشی لەسەر داتاشراوە، وەك: (پرسیار،

پرسینەوە، بەر پرسیار، پرسین، لێپرسراو، پرسا، لێپرسینەوە، پرسە گورگانە. . . هتد.)

هەروەها بە پێی ئەوەی کە مەلای جزیری بە شێوەی (پورس) بەکاری هێناوە، دەبێ زوو لە زمانی کوردیدا ئەو ڕواڵەتەشی هەبوو بێت وەك دەڵێ:

**میحنەت و حالی ئەسیران کی ل میران عه رضه کت**

**دی بتن ( پورسی ) ل من لەو پور ب ڕەحم و شەفقەیە .**

*** پرشتی – Prste – پشت .**

لە ئاڤێستادا بەشێوەی (پەرشتی) بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا کورت بۆتەوە بە (پوشت) کە فارس و گیلەك و بلوچ و پەشتوویی وەك پەهلەوییەکەی گۆی دەکەن، بەلاَم لای کورد سانا بۆتەوە بۆ شێوەی (پشت). بەمشێوە مام هەژار لە هەنبانە بۆرینەدا (٣٣) وشەی داتاشراوی لەسەر هێناوە وەکو هەر هەموویان لە زمانەکەماندا جێگەیان دیارە، هەندێکیان وەك: (پشتی، پشتیوان، پشت و پەنا، پشتمێر، پشتوێن، پشت ئەستوور، پشتەمەلە، پشتڕێژ، پشت گوێ خستن، پشت لێکردن، پشتکۆڵ، پشت گرتن. . . هتد).

هاو واتای لە کوردیدا (مازی)ە کە لە گۆرانیدا بەکاردێت و هەروەها (پانیە)ش هەیە.

### * پوڕنە – Purna – پڕ

لە ئاڤێستادا بەشێوەی (پەڕنە) و لە پەهلەویدا (پوڕ) بەکارهاتووە، لە زمانی فارسیشدا (پوڕ) دەگوترێ و مەلای جزیریش بەم شێوەیە بەکاری هێناوە و دەڵێ:

**دڵ بووکەری ، زایا بەری ، لازم هەری ، دی ئەو زەری**

**من دی گەلەك ، ئەو سوور مەلەك ، وەك مەشعەلەك ، ( پوڕ ) نوور بوو .**

پوڕنە لە یەکەم گۆڕانیدا دوو پیتی کۆتایی سواوە (پوڕ)ی ماوەتەوە، ئەمیش لە کوردیدا کورت بۆتەوە بە (پڕ) کە بەشێوەیەکی فراوان لە زمانی کوردیدا جێگەی گرتووە، هاوواتایشی دەبێتە (تژی)، (دارماڵ)، (لێوانلێو)، (لیپ)، (سەر ڕێژ)، (نیقەڵتووز).

### * پەتی پا – Patepa – ئارام .

ئەم وشەیە لە ئاڤێستاشدا هەر (پەتی پا)یە. ئەوەی لە زمانی کوردیدا لەمەوە نزیك بێت وشەی (پیتە پیت)ە کە هەمان واتا دەدات و هەروەها وشەی (پەیتوکە) هەیە کە کینایەیە لە پیاوی بێ (ئارام).

ئەگەر بەشی یەکەمی هەموویان بگرین کە بریتین لە (پەتی، پەیتی، پیتە، پەیت) دەتوانین بڵێین هەموویان یەك ڕیشەن، هاوواتایشی لە کوردیدا

دەبێتە (هێدی، هێمن، هێور، سروەت، ئۆقرە، ستار، ئۆخژن، هەدا، ئووچە، ڤەنشین، سەویەت، وارەوار، ئامۆش، بێ جوولە و لەسەرخۆ).

*** پەچەتی – Pacate – باج .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بۆتە (پەچ) و لە پەهلەویدا بە شێوەی (باز) بەکارهاتووە. وشە سانسکریتیەکە لە یەکەم گۆڕانیدا (پەچ) ی ماوەتەوە کە ئەمەش ئاسان دەگۆڕێ بە (باز) و (باج). وشەی (باج) لە کوردیدا برەوی تەواوی هەیە، وەك: (باجگە، باج سێن، باج سەندن، باجگر، باجگرتن، باجەلان، باج و پیتاك، باجدەر).

- باجەلان = ناوی دەڤەر و هۆزێکی گەورەی کوردە لە (باج + ە + لان) پێکهاتووە بەواتای جێگای باج گرتن، چونکە (لان) پاشگری شوێنە، وەك: (بەردەلان، کەنەلان، دڕەکەلان، سەوزەلان. . . هتد).

(باج) لە کوردیدا بەشێوەی (باژ) و (باز)یش بەرچاو دەکەوێت، لە کرمانجی باکووردا وشەی (باژێڕ = باژ + ێڕ) هەیە بەواتای (شار) کە شاریش لە کۆندا جێگای باج و خەراج بووە.

(بازاڕ)یش کە لە پەهلەویدا بەکارهاتووە، هەمان واتا و مەبەستی باژێڕی هەیە. لە فارسی و هیندیشدا هەر (بازاڕ) دەگوترێ. لەم ڕووەوە، گۆڕانی پیتەکانی (چ، ج، ژ، ز) بە یەکتر لە زمانی کوردیدا نموونەی زۆرە.

شایانی باسە لای ئیزەدیەکان لە باتی (بـازێڕ)، (بـاجێڕ) بـەکاردێت " بـۆ نموونە لە بەیتی (میرزا داسنی) دا هاتووە، دەڵێ:

**با بچاكێد وەكی گێنج ئۆسمان وێ د ناڤ مەدا هەین**

**ل ( باجێڕ )ێ بەغدایێ سـەرێ سێ سەعاتا شـەڕ دكر**

... هتد.

## * پەدە – Pada – شوێن پێ .

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بە شێوەی (پەدهە) بەکارهاتووە کە لـە زمـانی کوردیدا بە ئاستەم سیمایەکی دیار ماوە، ئەویش ئەوەیـە گـۆڕاوە بـە (پێـدا) بەواتای لە شوێن. (پێدا پێدا) بەواتای (بە شوێن) یەکدا دێت.

بەرامبەر بەم وشەیە لە زمانی کوردیدا (دەوس)، (شـۆپ)، (جـێ پـێ)، (هورەندە) و (تۆر)یش بەکاردێت.

## * پەرڤە – Parva – پەڕ ، دوورگرتن .

ئەم وشەیە لە کوردیدا بەشێوەی (پەڕ) ماوەتەوە، وەکو دەگوترێ:

- زەردەپەڕە = کاتێ خۆر بەرەو ئاوابوون دەچێ.

لـە سانـسکریتیدا (سـووریە پەڕڤـە) هەیـە بـە واتـای (خۆرئـاوا بـوون، زەردەپەڕ).

- پەڕەوازە = پەڕگرتن و ئاوارەبوون.

- پەڕ بوون = دوور كەوتنەوە و دوور گرتن.

- پەڕگیر = كەسێكی میانڕەو نەبێت.

كەواتە (پەڕ)ی كوردی پاشماوەی وشەی (پەرڤە)یە.

*** پەرەز – Paraz – پێرێ .**

لە پەهلەویدا گۆڕاوە بە (پەرێز) كە لە زاراوەی گۆرانیدا بۆتە (پەرێ) و لە لوڕیدا (پەریز)، لە شێوەزاری جافیشدا جگە لە (پێرێ)، (پێرەكە)ش بەكاردێت، وشەی (پەرەز) لە یەكەم گۆڕانیدا پیتی (ز)ی سواوە و (پەرە) ی ماوەتەوە كە ئەمیش (پەرێز، پەریز، پێرێ، پەرێ و پێرەكە)ی لێ بۆتەوە.

*** پەسوو – Pasu – مێگەل ، مەڕومالات .**

لە ئاڤێستاشدا هەر (پەسوو) بەكارهاتووە، لە پەهلەویدا بۆتە (پەسێ). لە زمانی كوردی ئەمڕۆدا تەنیا لە وشەی (پەز) دا پاشماوەی ماوەتەوە كە واتای (مەڕ، مێ) دەگەیێنێ. شایانی باسە لە شێوازی فەیلی و كەلڕیدا (پەس) گۆ دەكرێ. لە كوردیدا جگە لە (پەز) " (مهی، كاوڕ، مەڕ، مێ) و لای ئیزەدیەكان (تەرش) بەكاردێ و لە شوێنێكی تر (مێشنا)، هەروەكو مام

هەژار لە هەنبانە بۆرینەدا هێناویە " کوردەکانی تورکمانستانیش بە شێوەی (پاز) بەکاری دێنن.

*** پەسووکارەکە – Pasukaraka – شوان .**

واتە ئەوەی کاری خزمەت کردنی پەز و لەوەڕاندنی بێت " ئەم وشە دووانە وەك خۆی یا نزیك بەشێوەی خۆی لە کوردیدا نەماوە، بەڵکو لە بەرامبەریدا وشەی (شوانکارە) مان هەیە کە دەبێتە ناوی هۆزێکی گەورەی کورد، هەروەها (شوانکارە) ناوی گوندێکە لە ناوچەی جوانڕۆ.

*** پەنچە – Panca – پێنج .**

لە ئاڤێستادا (پەنجە) و لە پەهلەویدا (پەنج) و لە میتانیدا (پەنزە) بەکارهاتووە، لە شێوەزارەکانی (گۆرانی، کەڵڕی، لوڕی و ئەردەڵانی)دا هەر (پەنج) بەکاردێت. (پێنج) و (پەنج) لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێن.

نموونەی پێنج وەك:

- پێنجوێن = شارێکە سەر بە پارێزگای سلێمانی.
- پێنجی = پەنجا.
- پێنجۆکانی = گەمەیەکە بە میچ دەکرێ.

- پێنجۆك = پکالاو، چەمۆڵە. . . هتد.

نموونەی (پەنج) وەك:

- پەنجە = قامك، ناوی دوو گوندە سەر بە تیکان تەپە.

- پەنجەرە = پەنجەرەی ماڵ.

- پەنجەڕۆك = ڕوشاندن بە نینۆك.

- پەنجە کێش = جۆرە نانێکە.

- پەنجە مەریەم = گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ.

- پەنجا = پێنج دەیی. . . هتد.

ئەم وشەیە لە هیندیدا بەشێوەی (پانج) بەکاردێت.

## * پەنچە دەچە – Pancadaca – پازدە .

لە ئاڤێستادا بەشێوەی (پەنجە دەسە) و لە پەهلەویدا (پەنچدە) بەکارهاتووە، ئێستە لە کوردیدا (پازدە) یا (پانزە) دەگوترێ. وشەی (دەچە) لە شوێنی خۆیدا باس دەکرێت.

## * پیتو – Petu – خۆراک ، خواردن .

لە ئاڤێستادا هەر (پیتو) بەکارهاتووە و لە پەهلەویدا بۆتە (پیهـ). وشەی (پیتو) لە زمانی کوردیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەسێ شێوە بەکاردێت.

یەکەم: - (پیت) بە واتای شتێك کە کرم خواردەبێت و کرمۆڵ بوو بێ.

دووەم: - (پۆتە) وەك لە وشەی (پۆتەك) دا دیارە بەواتای زۆرخۆر.

سێیەم: - (پاتە) وەك دەگوترێ پاتـەخۆر، بـە واتـای خـواردنی پاشمـاوەی کەسێکی دی.

(پیتو، پیهـ، پیت، پۆتە، پاتە) یەك ڕیشەن.

*** پیچەس = Pecas - پیس .**

لە ئاڤێستادا گۆڕاوە بە (پەیسە) و لە پەهلەویدا (پێسەك) بـەکارهاتووە، لە زمانی کوردیدا کـورت بۆتـەوە بـە (پـیس) کـە هەنـدێ وشـەی لـە سـەر داتاشراوە، وەکو :

- پیسار = بێ نوێژی ژن.
- پیسایی = گوو.
- پیسکە = ڕژد و چروك.
- پیس و پۆخڵ = تەواو چڵکن.

هاووتای ئەم وشەیە لە کوردیدا دەبێتە (گەمار، چەپەڵ، گول، گەن).

*** تراسە — Trasa – ترس .**

لە ئاڤێستادا (تەریس) و لە پەهلەویدا (تەرس) بەکارهاتووە. لـە زمـانی کوردیدا جگە لە (ترس) " (بیم)، (باك) و (ئەنیـشە) ش بـەکار دێـن، بـەڵام

سـنوری جوگرافیـای بـەکارهێنانی تـرس فـراوانترە و گـەلێ وشەشـی لەسـەر داتاشراوە، وەك:

- ترسنۆك = کەسێك زۆر بترسێ، خوێڕی.
- ترسە ترس = وڵاتی پڕ لە مەترسی.
- ترسناك = ئەوەی ترسێنەر بێت.
- مەترسی = جێگەی ترس.
- ترس شکان = نەمانی ترس.
- ترساندن = ترس وە بەرنان. . . هتد.

کوردەکانی تورکمانستان بەشێوەی (گورە) بەکاری دێنن.

*** تری — Tre — سێ - ٣ .**

لە ئاڤێستادا (ثرێ) و لە پەهلەویدا (سێ) بەکار هاتووە، لـە گۆرانیـدا (یەرێ) لە ئینگلیزیشدا ( ثری).

وشەکە بەم شێوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە (تری — ثری — سری — سێ).

*** تووتە — Tuta — توو .**

لە زمانی پەهلەویدا کورت بۆتەوە بە (تووت) و پاشان گۆڕاوە یـا کـورتتر بۆتەوە بە (توو).

لە هەورامیدا (تفی) دەگوترێ.

درەختی (توو) یا (تفی) لە زمانی کوردیدا ناسراوە و ناوی هەندێ شوێنمان هەیە بەم ناوانە.

- دەرەتفیێ = گوندێکە لە نزیك شاری مەریوان.
- دەرە تووێ = گوندێکە لە ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە.
- تووار (توودار) = سێ گوندن لەسەر جادەی سنە — مەریوان.
- کانی توو = چەند گوندێ بەم ناوە هەیە.
- توویسەرکان = شارۆچکەیەکە سەر بە کرماشان.
- شاتووان = گوندێکە لە شارەزوور.
- تووشامی = گوندێکە لە دەڤەری کرند.

گۆران دەڵێ: **شنەی سێبەری داری گوێزە و ( توو )**

**ئەسرێ ئارەقی ڕێبواری ماندوو**

## * تەڕوونە – Taruna – تەڕ .

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بەشێوەی (تەوڕونە) بەکارهاتووە و لە پەهلەویدا کورت بۆتەوە بە (تەڕ) کە ئێستەش لە کوردیدا هەر بەم شێوە کورت کراوەیە بەکاردێت. (تەڕ) وشەیەکی بە ڕەواجی ناو زمانەکەمانە و گەلێ وشەی لەسەر داتاشراوە هەندێکیان وەك:

- تەڕازن = مێرگێ ئاوی زۆربێ.

- تەڕاو = سواغدانی دیوار بەگڵە سپی.

- تەڕبی = بەلاّ لۆوك.

- تەڕپلین = ساتمە بردن.

- تەڕ پیر = پیری هەوەسباز.

- تەڕە بار = باری میوەی بۆیسان.

- تەڕەماش = ماشی سەوز، بەواتای چێشتی ماش (ماشڵەین)دێت و هەروەها کینایەیە لە شتی بێ نرخ.

- تەڕ دەستی = لێزانی.

- تەڕ دەست = لێزان، زۆرشارەزا.

- تەڕەی بەهار = وەرزی بەهار لەو پەڕی شکۆفانەوەیدا.

- تەڕە تۆڵەکە = گیایەکی بەهارییە.

*** تەمە – Tama – تەم.**

ئەم وشەیە لە سانسکریتیدا بە چەند واتایەکی دیکەش هاتووە، وەك: (خەم، فێڵ، نەزانی، کوێری و دۆزەخ). لە ئاڤێستادا هەر (تەمە) و لە پەهلەویدا (تەم) بەکارهاتووە.

لەزمانی کوردیدا جگە لە (تەم) وشەی (مژ) و (دومان)یش هەیە، بەڵام (تەم) بەفراوانتری بەکاردێت. وشەکانی (تەم و مژ، تەماوی، تەمتومان و تەمەڵوول یا تەمەلیل) لەسەر ئەم وشەیە دروست کراون و لە شێوەزاری کەڵڕیشدا زاراوەی (تەمی چەش) هەیە بەواتای (تانەی سەرچاو).

*** تەنتو = Tantu – تان ، رایەڵی تەون .**

ئەم وشەیە لە یەکەم گۆڕانیدا دوو پیتی کۆتایی سواوە و (تەن) ی ماوەتەوە. ئەمیش گۆڕاوە بە (تان) وەك لەم وشانەدا دەیبینین:

- تان و پۆ = دوو تاڵی تەونن کە (تان) دەکرێتە ڕایەڵ و (پۆ) یش پێی دەچنرێ.

- تان و پۆ ئاوریشم = کینایە لە پیاوی ڕەسەن (نەجیب زادە).

- تانۆك = تان + ۆك = دیواری نزمی لە شووڵ تەنراو، پەچە و چەپەر.

- تان جۆکە = دەسکە مووی سەر تەوێڵ.

*** تەنوو — Tanu – تەن ، لەش .**

لە ئاڤێستاشدا هەر (تەنوو) بەکارهاتووە لە پەهلەویدا کورت بۆتەوە بە (تەن) کە ئێستەش لە کوردیدا هەر بەم شێوە گۆ دەکرێت.

لە زمانی کوردیدا بەرامبەر بە (تەن) وشەکانی (لەش، قالب، بەدەن، جەستە و کەلەخ)یش بەکاردێن.

وشەکانی (تەنپەروەر، تەن بەتەن، تەندروست، تەنبەڵ و تەنبو) ی لەسەر داتاشراوە.

لە شێوەزاری کەڵریشدا (تەن و تووشە) هەیە بەواتای (زەبەلاح).

*** تێریەک – Tiryak – ئاژەڵ .**

لە زمانی کوردیدا ئەوەی لەم وشە مابێتەوە وشەی (تێرو)ە کە بە گیانلەبەری دڕندە دەگوترێ، وەك: (شێر، پڵنگ، گورگ. . . هتد). دیارە کە (تێرو) لە ڕیشەی (تێریەك)ە.

*** تیژیتە – Tejeta – تیژ .**

لە ئاڤێستادا بە دوو شێوەی (تیژی) و (تیچ) بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا (تێژ) کە لە شێوازی جافی و ئەردەلانیدا هەر بەم شێوە بەکار دێت.

تیژ لە زمانی کوردیدا واتای دیکەشی وەرگرتووە، وەك:

- چێژێ کە زمان بسوتێنێتەوە، وەك بیبەر و ئاڵەت.
- توند ڕۆشتن، وەك دەگوترێ: تیژ تێپەڕی.
- پێداگر و سوور بوون لەسەر شتێ.

*** تێشتەیتی – Testayte – هێشتن .**

لە ئاڤێستادا گۆڕاوە بە (هێشتەیتی) و ئەمیش بەرەو (هێشتن) هاتووە کە ئەمیش لە زمانەکەماندا جێگای گرتووە و وشەیەکی ڕەسەنە.

- هێشتن = ڕێگادان، مۆڵەت دان.
- راهێشتن = دەست راهێشتن بۆ شتێ.
- داهێشتن = پەیژە داهێشتن بۆ چوونە سەربان.
- جێ هێشتن = بە دواخستنی هەر شتێ.
- نەهێشتن = والێکردن کە هیچیان پێ نەمێنێ.
- پێ هێشتن = هەموو پارەکەی پێ هێشتن.

(نەهێشت، هێشتی ، هێشتمان، نەیهێشت، هێشتم، هێشتنەوە، هێشتمەوە و هێشتمانەوە. . . هتد.)ی لەسەر داتاشراوە.

*** تیلەکە – Telaka – چەماوە ، لار و خوار .**

لە زمانی کوردیدا وشەی (تیل) مان هەیە بەهەمان واتا کە دیارە لە (تیلەکە) وە ماوەتەوە.

- تیل کردن = خوارکردنەوە، چەم کردنەوە.
- تیلاوتیل = خوارە و خوار.

- تیلایی = خواری، چەماوەیی.
- تیلگە = شوێنی چەمانەوە، جێگەی خوار بوونەوە.
- تیل = چاوی لار.

## * چاتەکە – Cataka – چۆلەکە .

لە شێوازی سۆرانیدا وشەی (چێشکە)مان هەیە کە لە چاتەکەوە نزیک بێت. گۆڕانی پیتی (ت) و (ش) لە زمانی کوردیدا بە ئاستەم شوێنەواری دیارە، وەکو:

- راتەکان – راشەکان.
- پرتك – پریشك.

بەم پێیە وشەی (چاتەکە) بەرەو (چاشەکە) هاتووە و پاشان بۆتە (چێشکە).

هاووتای لە کوردیدا دەبێتە (سەرچە، چیچك، مریچڵە، پاساری، چیڤیك، مەلوچك، موچك، چویك، چویچ، شڤاندیلە، سیڤاندۆك و سیڤاندیلکە).

## * چرونی – Crune – سەرین .

بەواتای سمت و کەفەڵیش دێت.

ئەم وشەیە لە ئاڤیستادا بەشێوەی (سرەونی) بێژراوە، ئەمیش گۆڕان و هەڵگەڕانەوەیەکی بەسەرداهاتووە بۆتە (سەرین) و (سەرینا) ش دەگوترێ.

لە زمانی کوردیدا گۆڕانی نێوان پیتی (س) و (چ) مان هەیە، وەکو:

- چرپە — سرپە.

- برچی — برسی.

لە کرمانجی باکووردا (چاڤ برچی = چاوچنۆك یا چاو برسی) هەیە.

- چرتە — سرتە.

- چرێش — سرێش. . . هتد.

لەم فەرهەنگەشدا چەند جاری دیکە گۆڕانی نێوان ئەم دوو پیتە دەبینرێ.

(سەرین، سەرینا) لە کوردیدا هاوواتای دەبێتە (باڵشت، بالیف، بالینج، پاڵپشت، بالگە، سەرەنگیا و پشتی).

## * چوکرە Cukra – سوور .

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بەشێوەی (سوخرە) و لە پەهلەویدا (سوهر) بەکارهاتووە، پاش ئەم گۆڕانانە لە کوردیدا کورت و سانا بۆتەوە بە (سوور) یا (سۆر).

شایانی باسە لە زمانی کوردیدا وشەی (سوکرە)مان هەیە بەواتای مەنجەڵێك کە لە گڵی سوور کراوە دروست کرابێ. لەبەرئەوەی کە لەو گڵە سوورە دروست کراوە ناوی (سوکرە)ی وەرگرتووە.

لە نێوان (سوکرە) و (چوکرە)ی سانسکریتیدا گۆڕانی پیتی (چ) و (س) هەیە.

(سوور) جگە لەوەی کە لە زمانی کوردیدا وەك وشە جێگەی گرتووە هەندێ جاریش لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا دەبێتە جمك و بۆ کینایە بەکاردێت، وەکو:

- سوور باش = هەمەکارەی ئاغا لە گونددا.

- سوور خول = پیاوی مووزەردی ناشیرین.

- سوور پەری = جوانی کولّم سوور.

- سوورە زرتە = کەسێك مووی زەرد و چاوی شینی هەبێت و پێی نەکەوێ.

- چاو سوور = خەمخۆر.

- سوورەی پێشڕەو = ئەوەی کە هەڵپەی چوونە پێشەوە بکات بە تایبەتی لەشەڕدا.

- حەچە سوور = کەسی قەڵەوی سوورکار.

هەروەها:

- سوورە هەراڵە = گوڵێکی جوانی کوێستانیە.

- سوورە توو = جۆرێ تووە، (تووە سوورە) یشی پێ دەگوترێ.

- گڵە سوورە = جۆرێ خاکە کە ڕەنگی سوورە.

- سووره بان = ناوی چیایەکی بڵندە.

ئەمانە و چەندین ناو و شوێنی دیکە لە زمانەکەماندا.

*** چەت –Cat– سەد ، سەت .**

لە ئاڤێستادا (سەتە) بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا بۆتە (سەت)، لە شێوەزاری موکریانی و سۆرانیدا (سەت) دەگوترێ، لە ئەردەڵانی و گۆرانی و جافیدا (سەو) کە لە هیندیشدا هەر بەم شێوە گۆ دەکرێ.

*** چەتوەر – Catura – چوار .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بەشێوەی (چەثوە ر ) بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا گۆڕاوە بە (چەهار)، کە لە شێوازی سۆرانیدا (چار) دەگوترێ.

وشەکە بەمشێوە ڕێگای گۆڕانی گرتوە:

- چەتوەر – چەثوە ر – چەهار – چار - چوار.

*** چەرمە – Carma – چەرم .**

لە ئاڤێستدا (چەرمەن) بەکارهاتووە و لە پەهلەویدا کورت بۆتەوە بە (چەرم) کە لە زمانی کوردیدا بەم شێوە بەفراوانی بەکار دەهێنرێ.

*** چەرمەکارە – Carmakara – چەرم کار .**

واتە ئەوەی چەرم خۆشە بکات و بیفرۆشێ کە لە کوردیدا زیاتر (چەرمی) بەکار دەهێنرێ.

*** چەڵە – Cala – جووڵە .**

وشەکە بەم شێوە گۆڕاوە (چەڵە - جەڵە - جووڵە)، وشەی (جووڵە) لە شێوەزاری سۆرانیدا (جوولە) بەکار دێت.

وشەکانی (جم و جووڵ، جووڵانەوە، جووڵاو، جووڵێنەر، جووڵاندن، جووڵان، جووڵام، دەجووڵێم و بجووڵێ. . . هتد.) ی لەسەر داتاشراوە.

*** خاگهرا – Xaghra – خێرا .**

ئەم وشەیە لەیەکەم هەنگاوی گۆڕانیدا دوو پیتی (گهـ)ی سواوە و (خارا)ی ماوەتەوە، ئەمیش گۆڕاوە بە (خێرا). وشەی (خێرا) لە گەلێ ناوچەی کوردستان بەکار دەهێنرێ و هاوواتایشی بریتییە لە (زوو، گورج، پەلە، بەلەز و هەشتاو) " هەروەها وشەکانی (خێرایی)، (خێراکە) و (خێراکردن)ی لەسەر داتاشراوە.

*** خشەپ – Xsap – شەو .**

لە ئاڤێستادا بەهەمان شێوە بەکارهاتووە و لە پەهلەویدا پیتی یەکەمی سواوە و (شەپ)ی ماوەتەوە، بلوچەکانیش هەر بە شێوەی (شەپ) بەکاری دێنن و لە پەشتوویدا بۆتە (شەپە) و لە فارسیدا (شب) دەگوترێ، لە کرمانجی باکووردا شێوەی (شەڤ)ی وەرگرتووە. نەمانی پیتی (خ) لە زمانی کوردیدا دەبینرێ، وەکو ئەم وشانە لە نێوان کرمانجی و گۆرانیدا:

- خوار – وار.
- خواردن – واردەن.
- خوون – ون . . . هتد. لەم فەرهەنگەشدا وشەی دیکە لەمبارەوە دەبینین.

بەم پێیە (خشەپ)، (شەپ)ی ماوەتەوە و ئەمیش بەرە و (شەو) و (شەڤ) هاتووە.

*** خڤە سوورە – Xvasura – خەزوور ، باوکی هاوسەر .**

لە ئاڤێستاشدا بەهەمان شێوە گۆکراوە. ئەم وشەیە پیتی (ڤ)ی سواوە و لە گۆرانی و کەڵڕەیدا (خەسوورە) بەکار دێت. لە لوڕی و لەکیدا (هوسیرە)، لە فەیلیدا (خەسیرە).

لــە دوو دەڤــەری دیكــەدا هــەروەكو مــام هــەژار لــە هەنبانــە بۆرینــەدا هێناویەتی بەشێوەی (هەسووره) و (حەسیرۆ)ش بەكاردێن.

(خڤە سووره، خەســووره، خــەزووره، هوســیره، خەســیره، هەســووره و حەسیرۆ) هەموویەك ڕیشەن.

وشەكە هەروەكو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ كرد بــەواتای (بــاوكی هاوســەر) دێت، بۆ دایكی هاوسەر (خەسوو) دەگوترێ. پێدەچێ (رە) نیــشانەی نێرینــە بێت. خەسووره بۆ نێر، خەسوو بۆ مێ.

*** خوشكە – Xuska – وشك .**

ئەم وشەیە لــە ئاڤێــستادا بــە شــێوەی (هیــشكە) بــەكارهاتووە، لــە پەهلەویدا بۆتە (هوشك) یا (خوشك).

لە كرمانجی نێوەڕاستدا پیتی (خ)ی ســوواوە و (وشــك)ی ماوەتــەوە. لــە كەلڕیدا (خوەشك)، لە لــەكی و لوڕیــدا (هوشــك)، موكریــانی و سۆرانی (ویشك)، زازایی (ئیشك)، لای ئیزەدیەكان (حــشك)، لــە كرمــانجی باكووردا مەلای جزیری بە دوو شێوە بەكاری هێناوە: -

یەكەم: (هشكە) وەك دەڵێ:

**هشكە روی بەد فیعل چی هین كر عەجەب**

**بــارك الله خــوەش بــەزی ئەسپێ قولــە**

دووەم: (هویشك) وەك گوتویە:

**زاهیدی ( هویشك ) طەبع سەودایە**
**ب دو جامان طەبیعەتی تەرکە**

هەروەها لە کرمانجی باکووردا بەشێوەی (حیشك)یش بەکاردێ. (هوك) و (زوها)ش هەیە بەهەمان واتا.

## خووکەرۆ – Xukaro – خووگ ، بەراز .

ئەم وشەیە لە پەهلەویدا کورت بۆتەوە بە (خووك) واتە سێ پیتی کۆتایی سواوە.

(خووك) لە شێوەزاری جاف و ئەردەڵانیدا بەشێوەی (خووگ) بەکاردێ.

گۆڕانی پیت (ك) بە (گ) یا بە پێچەوانەوە لە کوردیدا هەیە، وەك:

- دەرگە – دەرکە.
- چەناگە – چەناکە.
- تێگڕا – تێکڕا.
- جاجگ – جاجك. . . هتد.

(خووگ) لە زمانی کوردیدا بڕێ وشەی لەسەر داتاشراوە هەندێکیان وەك:

- خووگانە = وەك بەراز، بەراز ئاسا.
- پیازە خووگانە = جۆرە گیایەکە.

- خووگە مەلە = شێوە مەلەکردنێکە.

- خووگە ملە = گوریس کێشکێ، مل ئەستوور.

ئەم وشەیە هاوواتاکەی دەبێتە (بەراز) کە بەم شێوانە بەکاردێ. لای فەیلیەکان (ویراز)، لوڕی (وەراز)، کەڵڕی (گوراز). ئەم گیاندارە لای قەڵخانیەکان ناوی (گاکوڵ)ی لێنراوە و ڕێزی لێدەگرن و تەنانەت ناویان ناوە (گاکوڵی داوود) و سوێندی پێدەخۆن.

## خوونیتە – Xuueta – خوێن .

لە ئاڤێستادا (ووهونە) بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا (خۆن)، لە زمانی کوردیدا جگە لە (خوێن) بەم شێوازانەش بەکاردێ، وەکو: لەکی و لوڕی (خینی)، بۆ نمونە دەگوترێ:

- خینالی = خوێناوی.

- خینی = خوێن ڕێژ.

- خینی تینی = تینووی خوێن.

هەروەها لە شێوەزاری سۆرانیشدا هەر (خین) گۆ دەکرێ.

لە گۆرانی کۆندا (هوون) کە ئێستە (ون) دەگوترێ، نمونەی (هوون):

- هووناو = خوێناو.

- هوونالو = خوێناوی.

- هوونی = خوێنڕێژ.

لە کەڵڕیدا (خوون) دەگوترێ، وەك:

- خوونالو = خوێناوی.

- خوون دوختەرەکانی = خوێنی کچ لە شەوی بووکێنیدا.

- خووینی = خوێنڕێژ.

مەلای جزیریش هەر بەشێوەی (خوون) بەکاری هێناوە،

وەك دەڵێ:

**هات دمر ژبورج و پە نجـەران ، دل گرت و دا بەر خە نجـەران**

**ئەڤـ ڕەنگە حالی دلبەران ، لەو عاشقان ( خوون ) بوون جگەر**

**دارەڤ — Darav — دار ، درەخت .**

لە ئاڤێستادا هەر (دارەڤ) بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا کـورت بۆتـەوە بـە (دار) کە تەنیا کوردەکانی تورکمانستان نەبێ (دیر) بەکاردێنن ئێستە بـە زۆری بە شێوەی (دار) گۆ دەکرێت.

هەندێ نموونە وەك:

- دار و دراوش: جۆرێ ئەشکەنجەیە کە ستەمکاران ئەنجامی دەدەن — شێوازی کەڵڕی.

- دارسومیەنەك = دارکونکەرە — جۆرە مەلێکە - شێوەی فەیلی.

- دار تەمدار = تەونی قالّی چنین - شێوەی لوڕی.

- دارڤان = دارەوان یا داربڕ — کرمانجی باکوور.

- داربازە = دارمەیت - شێوەی سۆران.

- دارچە = دەسك، دەسرازە — شێوەی گۆران.

- دارتورکنەك = دار کونەکەرە — شێوەی لەکی.

- دار پووچ = داری پیر و گەندەڵ — شێوەی ئەردەلانی.

- دارکونەکەرە = باڵندەیەکە — شێوەی کرمانجی نێوەڕاست.

- دار قەوام = ئامرازی راست کردنەوەی داری چەوت — شێوەی گەڕووس.

- دارودەوەن — شێوەی جاف.

کەواتە وشەی (دار) کە پاشماوەی (دارەڤ)ە بەم شێوە بە فراوانی لەناو زمانی کوردیدا جێگەی گرتووە و ژمارەیەك گوندیشمان هەیە کە وشەری (دار) یان پێوەیە وەك (داری کەلی)، (دار بەڕوولە)، (داریان)، (دار مازەڵە). .. هتد.

*** درەپشەز — Drapsaz - درەوش .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بە شێوەی (درەفشە هـ) بەکار هاتووە و لە پەهلەویدا بۆتە (درەفش) " (درەوش) دەرزییەکی دەسکدارە چەرمی پێ کون دەکرێت. (دەرزی و درەوش) هەردووکیان پێکەوە بەکاردێن. لە پێشدا چەرمەکە بە درەوش کون دەکرێ و پاشان داوەکەی بە دەرزییەکە پێدا دەکرێ بۆ دوورینەوە.

لە شێوازی ئەردەلانیدا (درەفش) و لە کەلوڕیدا (دراوش) و لە هەندێ شوێنی دیکە بەم شێوازنە گۆ دەکرێت (درپشە، درێشە، درەوشە، دروش).

وشەی (درەپشەز) لە یەکەم گۆڕانیدا دوا پیتی بۆتە (هـ) و ئەمەش سواوەو (درەپش)ی ماوەتەوە. پاشان پیتی (پ)ی بۆتە (ف) کە گۆڕانی نێوان ئەم دوو پیتەش لە کوردیدا هەیە وەك:

- پتیلە – فتیلە.
- تلپە چای – تلفە چایی.
- حەفسە – حەپسە، (حفصە)ی عربی لە کوردیدا وەها دەگۆڕێ.
- فالە – پالە.
- فرتە – پرتە.
- فرێز – پەرێز. . . هتد.

بەم پێیە (درەپش) گۆڕاوە بە (درەفش) و (درەوش).

## * دڤارە – Dvara – دەرگا ، دەرکە .

لە ئاڤێستادا بە شێوەی (دڤەر) بە کارهاتووە، لە پەهلەویدا (دەر) و (دەرەك) گۆکراوە، (دەرگا، دەرکە، دەری، دەر، دار) لە زمانی کوردیدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بەم شێوانە بە کار دێن، هەندێ نموونە وەك:

بۆ (دەرگا) دەگوترێ: { دەرگانە = دراوێ کە بۆ چوونە ژوورەوە دراوە }

بۆ (دەركە) دەگوترێ: { دەركەوان = خزكەتكاری بەر دەرگا)

بۆ (دەری) دەگوترێ: { دەريزان = ئاستانەی دەرگا }

بۆ (دەر) دەگوترێ: { دەربيجە = رۆچنە لە دەرگا و پەنجەرەوە }

لە گۆرانيدا لە باتی (دەر)، (بەر) دەگوترێ. وەك (بەرەكەی دەپۆ) بە واتای دەرگاكە داخە.

لە زمانی هينديدا (دەروازە) بە كاردێ كە ئەمەشمان لە كورديدا هەيە، بەلاّم زياتر بۆ دەرگای گەورە بەكاردێ، وەك (دەروازەوان = بەو كەسانە گوتراوە لە بەردەرگای پاشا و ميرەكاندا چاودێر بوونە يا پارێزگاری دەروازەی قەلاّيان كردووە.

مەلای جزيری بە دوو شێوە بەكاری هێناوە: -

يەكەم: (دەر) وەك دەڵێ:

**سەد جەورو جەفا دی بمە نا چين ژ(دەر)ێ تر**

**يەكسەر تو نەباتی يو ل طە بعی مەگەسم ئەز.**

دووەم: بە شێوەی (دەرگە ە) وەك دەڵێ:

**(دەرگە هـ )ێ لوطفا تە خانم مال مەحرومان ڤەبی**

**ان كلبا باسطا دهرا ذراعات بالوصيد**

لە زمانی ئينگليزيشدا (Dor ) بەكاردێت كە هەر لەم ڕيشەيە.

*** دووە – Dua – دوو .**

لە ئاڤێستادا بە شێوەی (دڤە) و (دوو) دەبینرێ، لە میتانیدا (دڤە) لە پەهلەویدا (دۆ). لە کوردیدا جگە لە (دوو) لە زازاییدا (ددۆ) و لە گۆرانیدا (دوێ) بەکاردێ و لە ئینگلیزیشدا (Two ).

(دوو) ژمارەیەکی ناسراوە لە زمانەکەماندا و گەلێ جار لەگەڵ وشەی دیکەدا جووت دەبێ بۆ بە دەستەوەدانی واتایەکی سەربەخۆ هەندێکیان وەك:

- دوولەپان = دووفاقە، دووهاچە، دووپەل.
- دوو هۆیی = جیاوازی.
- دوو هێشە = وەردی دووگاسنە.
- دوولۆنە = دوولایی.
- دووبرالە = ناوی دوو ئەستێرەیە.
- دووانە = جمك.
- دووپاپیلە = جۆرێ هەڵپەڕکێیە.
- دووپشتەکی = دوو کەس سواری ولاٌخێ بن.
- دووگیان = مێینەی سك پڕ.
- دوو دەسماڵە = جۆرێ هەڵپەرکێیە. . . هتد.

*** دووەچەت – Duacat – دوو سەد .**

لە ئاڤێستادا بە شێوەی (دڤەسەتی)، لە (پازەند) دا كە راڤەیەكە لە ئاڤێستا (دوو سەت) بە كارهاتووە و لە پەهلەویدا (دۆسەت).

(چەت) گۆڕانی بە (سەت) یا (سەد) شتێكی ئاساییە لە زماندا و لە وشەی (چرونی) دا نمونەمان لەسەر گۆڕانی پیتی (چ) و (س) هێنایەوە.

*** دوورە – Dura – دوور .**

لە ئاڤێستاشدا هەر وا بەكار هاتووە، لە پەهلەویدا كورت بۆتەوە بە (دوور) كە بەم شێوە بە زۆریی لە كوردیدا برەوی هەیە. لە شێوەكانی (لوڕی، لەكی، فەیلی و شەبەك) دا بەشێوەی (دیر) بەكار دێت.

بابا تایەری هەمەدانیش هەروای بەكارهێناوە،
دەڵێ:

**چ ( دیر ) ە ئین كە دارش ئازمرینە**
**چ دەشتە ئین كە خونخوارش زمینە**

هەروەها لە كرمانجی باكووردا بەشێوەی (دویر) یش دەبینرێ،
وەك سەلمان كوڤلی دەڵێ:

*** دوهیتە – Duheta – کچ .**

لە ئاڤێستادا (دوغدۆ) و لە پەهلەویدا (دۆخت) بەکارهاتووە. لە شێوەزارەکانی باشووری کوردستاندا (لوڕی، لەکی، فەیلی، کەڵڕی) بەشێوەکانی (دویت)، (دۆت)، (دوێتە) بەکاردێن کە هەرسێکیان لە ریشەی (دوهیتە)ن.

لە زمانی کوردیدا جگە لەوانە و جگە لە (کچ) یش بەشێوەی (کەج) و (کیژ) و (کەنیشك) و (کناچە) و (کەینەك) یش هەیە.

*** دهات – Dhat – داد .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستا و پەهلەویدا پیتی دووەمی سواوە و بۆتە (دات)، کە ئێستە لە زمانی کوردیدا بۆتە (داد) بە واتای هاوارکردن لە دەست شتێ، وەك:

- دادوبیداد = هاوار و فریاد لە دەست ناحەقی کار !
- هەی داد و هەی بیداد = هاوار لە دەست کارێ.

وشەکانی (دادگا، دادگێڕ، دادگەر، دادپرس، دادخوازیی، دادبەر. .. هتد) لە کوردیدا هەن.

## * دهاتەر – Dhatar – داد دەر .

لە ئاڤێستادا بەشێوەی (داتەر) و لە پەهلەویدا (داتار) بەکارهاتووە، بەواتای ئەوکەسەی کە دادی کەسێك بدات. (داد دەر) لەسەر شێوەی (پەنادەر) و (حەشار دەر).

## * دەچە – Daca – دە .

لە ئاڤێستادا پیتی (چ)ی گۆڕاوە بە (س) و بۆتە (دەسە) لە پەهلەویدا (دە هـ) گۆکراوە. مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی لە فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ لە ١١٠ دا نووسیویە (شایانی باسە تا ئێستەش لە ناوچەی هەورامانىدا (دەسە) بەواتای (دە) بۆ ژمارە هەرماوەو باویشە بەتایبەتی بۆ ژمارەکردنی گوێز، بۆ وێنە دەگوترێ:

- دە دەسەگوێز، واتا: سەد گوێز.
- سەد دەسەگوێز، واتا: هەزار گوێز.

لە پەهلەویدا وەك دیتمان (دەچە) یا (دەسە) پیتی (چ) و (س) یان نەماوە و شێوەی (دەهـ) ی وەرگرتووە. ئەمیش لە کوردیدا کورت بۆتەوە بە (دە).

*** دەرۆ – Daro – دەرە .**

لە ئاڤێستادا (دەرینا) و لە پەهلەویدا (دەرەك) بەکار هاتووە. لە (فەیلی) و (کەلڕی)دا (دەڕە) بەکار دێ، وەك:

- دەڕە شار = شارۆچکەیەکە سەر بە ئیلام.
- دەڕە خەلیل = گوندێکە لەسەر کەنووڵە.
- دەڕە دووزەخ = گوندێکە لە هەرزمانەوەن.
- دەڕە شاپەڕی = گوندێکە سەر بە دەڕەشار.

بەشێوەی (دەرە)ش ناوی گەلێ گوندمان هەیە، هەندێکیان ئەمانەن:

- دەرە شیش = دوو گوندن سەر بە هەڵەبجە.
- دەرەی مەڕ = گوندێکە لە هەورامان بەشی لهۆن.
- دەرە قەیسەر = گوندێکە لە هەورامانی بەشی لهۆن.
- دەرەناخێ = گوندێکە نزیکی دزڵێ.
- دەرە وەزان = گوندێکە سەر بە شاری مەریوان.

لە کوردیدا هاو واتای دەبێتە (دۆڵ، گەلی، شیو)، هەروەها بەشێوەی (دەڵە)ش بەکاردێ وەکو لە ناوی گوندی (دەڵەمەڕ) و (دەڵەمەرز) دا دیارە.

*** دەريجهى – Dareche – دريّژ .**

لە ئاڤيّستادا (دراجەيە) و لە پەهلەويدا (دەرگ) بەكارهاتووە. لە شيّوەزارەكانى (كەلّڕى، لەكى، لوڕى و گۆرانى) دا بە شيّوەى (دراز) گۆ دەكريّ. خاناى قوبادى دەلّىّ:

**( خانا ) بۆ وەسەن زبان ( دراز )يى**
**كۆن ئەو ساحيّب عەدل تۆ پيّش بنازى**

لە فەيليشدا جگە لە (دراز) بە شيّوەى (ديريژ)يش بەكار ديّ، وەك: زاراوەى (دامان ديريژ) يان هەيە بە واتاى ژنانيّك كە مندالّى زۆريان ببيّت و بميّنن، لەگەلّ ئەمەشدا زاراوەى (چەلّەمە دراز) يان هەيە بە واتاى كەسانيّك كە دەست و پيّيان دريّژ بيّت.

وشەى (دەريجهى) لە يەكەم هەنگاوى گۆڕانيدا دوو پيتى كۆتايى (هى) سواوە و (دەريج)ى ماوەتەوە، لەميشدا پيتى (ج)ى گۆڕاوە بە (ژ) كە لە زمانى كورديدا نمونەى هەيە، وەك:

- باجيّر – لاى ئيزەديەكان و (باژيّر) لە كرمانجى باكووردا.
- تاجى يا تانجى – تاژى.
- گيّج – گيّژ.
- كەجاوە – كەژاوە.

- پەیجە — پەیژە. .. هتد.

بەم پێیە (دەریج) بۆتە (دەریژ) و پاشان شێوەی (درێژ)ی وەرگرتووە.

## * دەغە — Daqa – داخ کردنی ئاژەڵ بۆ دیاری کردنی .

لە ئاڤێستاشدا هەر (دەغە) و لە پەهلەویدا (داخ) بەکارهاتووە، ئێستە لە زمانی بەربلاوی کوردیدا بەم چەند شێوەیە بەکار دێت: -

- لە گۆرانیدا (دەغما) وەك خانای قوبادی دەڵێ:

**جە توندیی شیرین بێ دەماخ مەبەر**

**بە ( دەغما ) عەشقش دەروون داخ مەکەر**

- لە کرمانجی باکووردا: (دەغمە).

- لە کرمانجی نێوەڕاستدا (داغمە)، وەك قانع دەڵێ:

**کێ ئەڵێ ئەم چەشتووە نوکی رمی کوردی ئەژاد**

**رانی دەرخا تا ببینم ( داغمە )ی شێرانی کورد .**

- لە کەڵڕی و لەکی و لوڕیدا: (داغ).

- لە فەیلیدا (داخیەنی) بەکارهاتووە.

## * دەنتە — Danta – ددان .

لە ئاڤێستادا بەهەمان شێوە بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا (دەندان). ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا بە شێوەکانی (دان، دندان، ددان) بە زۆری بەکار

دێن، له شێوازەکانی دیکەی کوردیدا بەشێوەی (دیدان) و (دینان) — کرمـانجی باکوور، (دنان) — کەلڕی، (دینان) و (دگان) — فەیلی، (دنو) — لەك و لـوڕ، (دیان) — ئەردەلانی و (دگان) — جافی هەیە.

هەندێ نمونەی بەکارهێنانی: -

- ددان گڕ = دان دەرپەڕیو.
- دندان کەل = کەسێ دانێکی کەوتبێ.
- دانان لەرزە = چۆقە چۆقی دان لەکاتی لەرزیندا.
- دنیان (یا) دیگان ڕووکانە) = نەزرێك بەدانەوێڵە بکرێ بۆ دان دەرهاتنی منداڵ.
- دنوڕیچە = دانە جیڕە لە کاتی ڕق هەستاندا.
- دیان لێ تیژ کردن = بریتیە لە تەماح کردنە شتێ.
- دگان چەرمگ بوون = دان سپی بوونەوە ، بە واتای شەرم نەمان لە ڕوووی کەسی گەورەدا.
- دندان خۆشك = سپڵ.

وشەی (دەنتە) لـە یەکـەم گۆڕانیـدا (تـە)ی سـواوە و (دەن)ی ماوەتـەوە، ئەمیش بۆتە (دان) کە لە زارەکـانی دیکـەدا ئـەو شێوانەشـی وەرگرتـووە کـە دیاریمان کردن.

*** دێڤە – Deva – دێو .**

لە ئاڤێستادا (دەییڤە) و لە پەهلەویدا (دێڤ) بەکارهاتووە کە بەم شێوەش لە کرمانجی باکووردا هەیە، لە گۆرانی کۆنیشدا (دێڤ) و (دێڤۆنە) بەکار براوە و ئێستە گۆڕاوون بە (دێو) (دێوانە).

صەیدی یەکەم دەڵێ:

**نەك تۆ پەرێش ( دێڤۆنە ) بێ هەكلێت برە بێگانە بێ**
**نە پەی شەمەی پەرڤۆنە بێ پێ تە نەدا سۆتارە بە**

*** راژەن – Rajan – شا ، پاشا .**

لە دەڤەری (شنۆ) گوندێك بەناوی (ڕاژان) ماوەتەوە کە بە تەواوی لەم وشەیەوە نزیکە و دوور نیە لەوەوە نەگیرابێ، واتە (ڕاژان) لە کۆندا شانشین بوو بێ.

*** رۆچیش – Roces – ڕۆژ .**

لە ئاڤێستادا (ڕەوچە) و لە پەهلەویدا (ڕۆچ) بەکارهاتووە. بابا تاهیری هەمەدانی بە شێوەی (ڕۆچ) بەکاری هێناوە وەك دەڵێ:

**بوورە یەك دمم بناڵیم و بسووچیم**
**ئەزان رویی کە هەردوو تیرە ( ڕۆچ )یم**

لە زاراوەی گۆرانیدا ئەگەر چی پتر (رۆ) بەکار دێت، بەلاّم بەشێوەی (رۆچ) یش دەبینریٚ، وەك لە باتی (رۆژگار) دەگوتریٚ (رۆچیار)، خەلیفە جەبار دەلّیٚ:

**وێش کەروە قوربان بیٚ سەبر و مدار**

**بیٚ سەبر و مدار زاتی ( رۆچیار )**

هەروەها لە باتی (رۆژوو) دەلّێن: (رۆچە)، لە شێوەکانی ئەردەلاّنی و گەڕوسیشدا (رۆج) دەبینریٚ وەکو لە وشەی (رۆجیار) دا دیارە بەواتای (ڕۆژگار) یا (رۆجیار پەرست ) بە واتای گولّەبەڕۆژە.

لە (لوڕی و کەلّڕی و شەبەك و کوردەکانی تورکمانستان) یشدا (رۆز) بە کار دێت کە لە فارسیدا هەروا گۆ دەگریٚ، وەکو:

- روزەم گرۆت = ڕۆژووم گرت (شەبەك).

- روزەی مەلوچکی = رۆژوگرتنی مندالاّن کە بە زۆری تا نیوەڕۆ دەیگرن (کەلّڕی).

- روزەبەن جیفنە = ئەوەی بە ڕوالّەت بە ڕۆژوو بیٚ و بە دزییەوە شت بخوات (لوڕی).

وشەی (رۆچیش) لە یەکەم گۆڕانیدا دوا پیتی سواوە، نەمانی پیتی (ش) یش لە دوای وشەوە لە زمانی کوردیدا بە ئاستەم سیمای دیارە وەك:

- وشەی (چێش)ی گۆرانی دەبێتە (چی) لە کرمانجیدا.

- وشەی (مێش)لای کەڵڕی دەبێتە (مێ) لە کرمانجیدا.

*** رۆچەنی – Rocane – رۆشنی .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بەشێوەیەکی گران بەکاردێ کە (رەئوخشنە) یە و لە پەهلەویدا گۆڕاوە بە (رۆچناك).

(رۆچەنی) سانسکریتی ڕواڵەتی (رۆچنە)ی وەرگرتووە لە کوردیدا بە واتای کونی ناو ماڵ کە تیشکی ڕۆژی لێ بێتە ژوورەوە، وشەی (کلاۆرۆشنە) لە گۆرانیدا دەبێتە (کلاۆ رۆچنە)، وشەی (رۆچنایی)ش بەواتای (رۆشنایی) بەکار دێت.

*** رۆشە – Rosa – هەڕەشە ، ڕەشە .**

ئەم وشەیە هاوواتای لە کوردیدا دەبێتە (گەف)، (تاپاڵ)، (گوڕەشە)، (هەڕوگێڤ) و زاراوەی (هەڕەشە و گوڕەشە) زۆر بەکاردێ، ئەوە دیارەکە (ڕەشە) لە ریشەی (رۆشە)یە و تەواو لێکەوە نزیکن، بەڵام لە (هەڕەشە) دا چۆن (هە)ی پێش خراوە ؟

ئەم زیادکردنەش لە کوردیدا نموونەی هەیە، وەك:

- وار = هەوار.
- بوون = هەبوون.
- تاڤ = هەتاڤ (شێوەی کرمانجی باکوور).

- ڕاکردن = هەڕاکردن (شێوەی جاف).

- ناردن = هەناردن (شێوەی جاف).

- نووکە = هەنووکە. .. هتد.

*** رەمە – Rama – ئارام .**

لە ئاڤێستادا بە دوو شێوەی (رەمەن) و (ئارام) بەکار هاتووە، لە پەهلەویدا (ئارەم) لە لوڕی و لەکیدا (ئاریم)، لە گۆرانی ی کۆندا (ئاروم) وەك: صەیدی یەکەم دەڵێ:

**برمم مەجنوون ، برمم باروم ، نیشان تاکەت لوام ( ئاروم )**
**جگاش ئاستۆ لوا نامۆ ئادە زیندەگییم تاڵۆ**

لە فارسی و هیندیشدا هەر (ئارام) دەگووترێ، ئەگەر وشەی (رەمە) لەبەرچاو بگرین و گۆڕا بێت بە (رەم) و پاشان (رام) ئەوا دەبینین (ئا)ی لە پێشەوە بۆ زیاد کراوە، بەم پێوانەیە لە کوردیدا وشەی دیکەی بەم چەشنەمان هەیە وەك:

- (سۆ) = بە واتای (تروسکە) (ئا) ی دەچێتە سەر و دەبێتە (ئاسۆ) کە هەمان واتا دەدات.

- توون = لە هەندێ شوێندا بە شێوەی (ئاتوون) گۆ دەکرێ.

- وا = بەشێوەی (ئاوا)ش بە كاردێ، وەك دەبینرێ: وات پێدەڵێم — یا — ئاوات پێدەڵێم، (وام گوت) = (ئاوام گوت).

وشەی ئارام لە كوردیدا هاوواتای هەیە وەك (هێدی، هێور، هێمن، هەدا، ئۆقرە، سرەوت، ستار، ئۆخژن، لەسەرخۆ، سەماس، تۆتكە، وارەوار، ئامۆش، بێ جووڵە، ڤەنشین، كەر، ئووچە، سەویەت، حەجمێن).

*** رەنگا — Ranga = رەنگ .**

لە ئاڤێستادا (رەنگهە) و لە پەهلەویدا (رەنگ) بەكار هاتووە.

*** ژاتی — Jate — نەژاد .**

لە ئاڤێستادا بە شێوەی (نیژاتی) بەكارهاتووە، لە زمانی كوردیدا هاوواتای دەبێتە (رەسەن، ڕەچەڵەك، بنچینە، تۆرەمە، بنەچە، رەگەز، تیرە، توخم، بنەڕەت).

*** ژاڵە — Jala — تەڵە .**

لە پەهلەویدا بۆتە (تەڵەك)، لە كرمانجی باكووردا بەشێوەی (تەلی) و (تەڵە) بەكاردێ، لە لوڕیدا (تیلە).

لە زمانی كوردیدا پاشماوەی گۆڕانی پیتی (ژ) و (ت) مان هەیە وەك:

- (والا بێــژ) کــە بەشــێوەی (والا دێــت) یــش دەبێــژرێ، بریتیــە لــەو قوماشەتەنکەی کە شتی پێ دادەبێژن.

- سووتان کە لە هەندێ شوێندا دەبێتە:

(سۆژان)، (سۆژاندن) = (سووتاندن) = (سووژیان) = (سووتان).

(تەڵە) لە کوردیدا زۆر بەکار دەبرێ و لە زمانەکەماندا دیارە، با هەندێ نمونەی بە کارهێنانی بەسەربکەینەوە:

- تەڵەورێوی = یارییەکی فۆلکلۆریە.

- تەڵەتەقێنە = کینایەیە لە کەسی فێڵباز.

- بوو بە تەڵەی تەقیو = هیچ قسەی بۆ نەمایەوە.

هاوواتای ئەم وشەیە لە کوردیدا دەبێتە (داو)، (تەپکە).

## * ژاماتر – Jamatr – زاوا .

لە ئاڤێستادا (زاماتــە) و لــە پەهلەویــدا (دامــات) بــەکارهاتووە، لــە فەیلیدا (زاما) لە گۆرانیدا (زەما) لـەکرمانجی بـاکووردا (زاڤـا)، لە کوردیدا دەگوترێ:

- زەماوەند = شایی و بەزم — وشەی (زەما)ی تێدایە.

- زەما خوا = شیرینی زاوایەتی — ئەمیش وشەی (زەما)ی تێدایە.

- زاڤابەندی — یا — زاوابەندی = ئەو مێـردەی لـە مـاڵی بـاوکی بووکـدا دەژی.

- زاوا ڕۆ = گریانی ژنانە بۆ کوڕی لاو، بە پێچەوانەی (ئاغـا ڕۆ) کـە بـۆ پیاو دەگوترێ.

وشـەی (ژامـاتر) بـەرەو (زاماتـە) و پاشـان بـەرەو (زامـا) و (زەمـا) و (زاوا) و (زاڤـا) هـاتووە. وشـەکەیش پیتـی یەکـەمی (ژ) گـۆڕاوە بـە (ز) و هـەروەها دوا پیتـی (ر) سـواوە، لـە زمـانی کوردیـدا گـۆڕانی نێـوان پیتـی (ژ) و (ز)مان هەیە وەك:

- ژەهر = زەهر.

- ژەقنە بووت = زەقنە بووت.

- ژەنگاڵ = زەنگاڵ.

- لە ڕیشەی (ژین، ژیان) وشەی (زیندوو)، (زینـدەوەر) هەیـە لـە بـاتی (ژیندوو، ژیندەوەر).

- گەڵاڕێژان — دەبێتە (گەڵاڕێزان) وەرزی دارڕژانی گەڵا.

*** ژانو – Janu – ئەژنۆ .**

لە ئاڤێـستادا (ژنـو) بـەکارهاتووە، لـە پەهلەویـدا شـێوەیەکی گرانـی وەرگرتووە بۆتە (زانوك). لە زمانی کوردیدا جگەلە (ئەژنۆ) بەم شـێوانەش بـە

کاردێ (ژنۆ، ژەنۆ، زانوو، زانۆ، هەژنۆ) هاوواتایشی بریتیە لە (زرانی)، (وژینگ)، (وژنگ)، (زەنگۆڵ)، (چۆك).

## * ژرەیەس = Jrayas – زەریا .

لە ئاڤێستادا بەشێوەی (زرەیە هـ) و لە پەهلەویدا (زرێهـ) بەکارهاتووە، ئەم شێوە پەهلەویەشی ئەمڕۆ لە کوردیدا کورت بۆتەوە بۆ (زرێ) وەك:

- زرێبار = دەریاچەیەکە لە دەشتی مەریواندا (زرێ + بار).

- زرێوان = لە کەلڕیدا بە جۆرێ مراوی دەگوترێ، (زرێ + وان) مـروای ژیانی لەسەر زەریا و ئاوە، هەروەها لە کوردیدا (زەری) و (زریە)ش هەیە. (دەریا) و (دەلیا) ش بەکاردێ.

## * ژگەتە – Jgata – گێتی .

لە ئاڤێستادا (گەئیثا) و لە پەهلەویدا (گێتاهـ) بەکارهاتووە. وشەکە لە یەکەم گۆڕانیدا پیتی یەکەمی سواوە و (گەتە) ی ماوەتەوە کە ئەمیش بەرەو شێوەی (گێتی) هاتووە کە ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا بە فراوانی بەکاردێت، بابا تایەری هەمەدانی دەڵێ:

**سەحەرگاهان کە ئەشکم لاوە گیری**

**بە ( گێتی ) سەربە سەر سەیلاوە گیری**

*** ژەن – Jan – زایین .**

لە ئاڤێستادا (زەن) و لە پەهلەویدا (زاتەن) بەکار هاتوە، (زایین) زۆرتر لە دەڤەری ئەردەلاَن بۆ ئافرەت بە کاردێ. لە زۆر زارەکانی دیکە دا بۆ ئاژەڵ دەوترێ وەك:

- مانگاکە دەزێ.
- مانگاکە زا.
- ئەگەر مانگاکە بزێ. . .

هەندێ جاریش دەگوترێ (ئەو ژنە لە زگ و زا کەوتووە). یا وشەی (زایا) هەیە بەواتای ژنێك کە زۆر منداڵی ببێ یا وشەی (شفتە زێ) هەیە بە هەمان واتای پێشوو.

شایانی وتنە کە لە شێوەی کەڵڕی و لوڕیدا پیتی (ژ)کەی وەك سانسکریتەکە ماوەتەوە و نەگۆڕاوە بە (ز). وەك وشەی (ژو) بە واتای ئازاری منداڵ بوون، کەچی بە خودی منداڵبوون دەڵێن: (زایە) لە کەڵڕشیدا هەروەها وشەی (ژان و ژو) هەیە.

*** ژەنە – Jana – ژەندن ، ژەنین .**

بەواتای ژەنینی ئامێری مۆسیقا یا ژەنینی مەشکە.

ئەم وشەیە لە زمانی كوردی ئەمڕۆدا بە بەربلاوی شـوێنی دیـارە و گـەلێ وشـەی لەسـەر داتاشـراوە، وەك: (بیژەنـە، دەیـژەنم، دەیـژەنێ، ژەنـدیان، دەیژەنن، نایژەنن، بیژەنن، دیژەنین. .. هتد) و هەروەها.

- مەشكە ژەن = ئەوەی مەشكە بژەنێ.
- شمشاڵ ژەن = ئەوەی شمشاڵ بژەنێ.
- دۆژەنە = سێپایەكە دۆی لەسەر دەژەنن.

**<u>* ژەنی – Jane – ژن .</u>**

لە ئاڤێستادا بەهەمان شێوە بەكارهاتووە.

لە پەهلەویدا بۆتە (زەن) لە گۆرانیدا (ژەنی) هەروەكو شێوە سانـسكریتی و ئاڤێستاییەكە ماوەتەوە.

لە زازاییدا (جەن)، لە لوڕی و لە لەكی و كـەلڕی و شـەبەكیدا (زەن) كـە هەندێ جار لە لوڕی كورت دەبێتەوە بە (زە).

هاوواتای لە كوردیدا (پیرەك)ە.

**<u>* ژیرەكە – Jeraka – زیرە .</u>**

لە زاراوەی لوڕیدا (ژیرە) دەگوترێ كە تەواو لە سانسكریتیەكەوە نزیكـە، وشەكە دوو پیتی كۆتایی سواوە و (ژیرە)ی ماوەتەوە. ئەمیش لەگـەڵ (زیـرە) دا هەر یەكێكن و پیتی (ژ) ی گۆڕاوە بە (ز).

*** ژيڤەنە – Jevana – ژيان .**

ئەم وشەیە لە گۆرانی کۆندا بە شێوەی (ژیڤان) بەکارهاتووە، وەك صەیدی یەکەم دەڵێ:

**نە ( ژيڤانۆ ) مەژيڤۆ بیٚ تە ساتیٚ**

**حەياتەمنی ، حەياتەمنی ، حەياتم**

گۆڕانی وشەی ژیڤەنە - ژیڤەن – ژیڤان و پاشان سوانی پیتی (ڤ) و گۆڕانی بەرەو (ژیان). وشەی (ژین) یش هەر لەم ریشە و لە زازاییدا کورت دەبێتەوە بە (ژی). لە ئەدەبیاتی کاکەییەکاندا بە شێوەی (زیا) ش بەرچاو دەکەوێ، وەك: (سەيید مستەفا) دەڵێ:

**بيەنان شەعبان ( زيا )م وەچينە**

**ئيبن جەعفەرديم ئەز نە مەدينە**

لە شێوازی ئەردەڵانیدا (زینگی) لە کەڵڕیدا (زینەی) لە لوڕی و لەکیدا (زنەی) لە گۆرانی نوێدا (ژیوای) و لە زازاییدا (جیو) بەکارهاتووە.

*** ژيە – Jea – ژیٚ .**

ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا جێگای دیارە و زۆر بەکاردێت. لە کرمانجی باکووردا بە شێوەی (ژەهـ) و (ژیهـ) بەکاردێت. بۆ نموونەی (ژهـ) مەلای جزیری دەڵێ:

**گەر شوهبەتی پەروانە د بەزمێ تە چ سەد گڕ**
**سەد نالە هەزار رەنگی وەکی چەنگ و ( ژیهـ ) ێ من .**

ئەم (ژیهـ)ەی مەلای جزیری مەبەست (ژێ) ی ئامێری مۆسیقیە و لە کوردیدا بەو داوە باریکانەش دەگوترێ (ژێ) کە بە کەوانەوەن. ژێ ی کەوان کە تیری پێ دەهاوێژرێت.

*** ساما — Sama – زانینی ئاوازەکان .**

ئەم وشەیە بەشی دووەمی کتێبی (ڤیدا) یە، بەو واتایەی کە نووسیمان. دیارە وشەی (سەما) کە پەیوەندی بە ئاواز و مۆسیقاوە هەیە لەم وشەیە بەجێماوە، لە فارسی و عەرەبیدا پیتی (ع) ی خراوتە سەر و بۆتە (سماع). دیارە فارسەکان لە عەربیان وەرگرتووە، چونکە پیتی (ع) لە زمانی فارسیدا نیە.

***ساموها — Samuha – دانیشتوان ، خەڵکی شوێن .**

ئەم وشەیە لە ناوی (زاموا) وە نزیکە، دانیشتوانی کۆنی بەشێکی کوردستان. (زاموا) کان (لۆلۆ) شیان پێدەگوترێ کە ئەمیان ناولێنانێکی سۆمەریە بە واتای ( خەڵکان) (لۆ) تاکە و بە واتای (کەس) دێت. (لۆلۆ) کۆیە بەواتای (کەسەکان) یا (خەڵکان).

*** ستری – Stri – مێ ، پێچەوانەی نێر .**

ئەم وشەیە لە کوردیدا شێوەی (ساتەری) وەرگرتووە، بەواتای (ژن)ێ کە بەشتێك ئارەزووی سێکسی بشکێنێ. لەبەرئەوەی (ساتەری) بەو ژنە دەگوترێ و ئەمیش لە ڕەگەزی مێیە، کەواتە بەجێماوی وشەی (ستری)ە. هەروەها لە ئاڤێستاشدا بەواتای (ژن) و (مێ) دێ.

*** ستوورا – Stura - ئوستوورە .**

ئەم وشەیە بە شێوەی (اسطورە) چۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە.

لە زمانی کوردیدا هەندێ جار (ئە) یا (ئو) دەخرێتە پێش ئەو وشانەوە کە بە (س) دەست پێدەکەن. بۆ نمونەی (ئە) وەك:

- ستێر = کرمانجی باکوور، کرمانجی ناوەڕاست (ئەستێرە).
- سپێ = ئەسپێ.
- سپیدار = ئەسپیندار.
- ستێ = ئەستێ.
- بۆ نمونەی (ئو) ش وەکو:
- ستان = ئوستان.

*** ستەر – Star – ئەستێرە .**

لە ئاڤێستدا بەهەمان شێوە بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا بۆتە (سیتار) یا (سیتەر).

لە کرمانجی باکووردا (ستێر) دەگوترێ وەك مەلای جزیری دەڵێ:

**مەحبوب وەك ( ستیر )ە گۆڤەند و عیشقبازی**

**تێکل بچین سەمایێ هشیار و مەست و سەرخوەش**

بۆ شێوەی (ستارە) وەك مەولەوی دەڵێ:

**( ستارە )ی رجات هەردمم دارۆ سوو**

**دەماخ شاد وە بۆی ( ولاتیأسوا ) .**

لە گۆرانی کەڵڕی و جاف و ئەردەڵانیدا (هەسارە) لە فەیلی و لەکی و لوڕی و بەختیاریدا (ئاسارە) لە ئینگلیزیدا (Star) دەگوترێ کە وەك شێوە سانسکریتیەکەی ماوەتەوە. کوردەکانی تورکمانستان (چیك)ی پێ دەڵێن.

*** ستهارە – Sthara – ستار ، ئۆقرە .**

ئەم وشەیە لە شێوەزارەکانی لوڕی و لەکی و کەڵڕیدا بە شێوەی (سیتار) بە کاردێ، لەناو جاف و ئەردەڵانیدا (ستار) وەك دەگوترێ:

- منداڵێکی بێ ستارە.
- منداڵەکە ئەمشەو ستاری نەبوو.
- کەمێ ستارت هەبێ.

- ستاری لێبڕاوە.

*** ستهەنە – Sthana – ستان .**

لە ئاڤێستادا (ستانە) و لـە پەهلەویـدا (سـتان). کـە بـەم شـێوە زۆر دەبینرێ وەك: (کوردستان، گۆڕسـتان، دارسـتان، کوێـستان، مێروسـتان، دادستان، بۆیستان، گوڵستان) و شاعیری گـەورەش (مـەحوی) بـە سـەلیقەی شیعریی خۆی چەند وشەیەکی لەسەر داتاشێوە، وەك:

(وحوشستان، زوخاڵستان، موشریکـستان، چەمەنـستان، زوڵمەتـستان، دڵستان، پێغەمبەرستان)

هەروەها وشەی (کافرستان)یش لە زووەوە لە کوردیدا بـەکار دەبـرێ، وەك صەیدی یەکەم دەڵێ:

**دڵبـەر دڵ ئەستانـــای جـــەمن**
**شەرت ئی دڵ ئەســـتانی نـــیۆ**
**جەورش مەدە ، رەنجش مەکەش**
**خـۆ کافـــــرستانی نـــــیۆ**

*** سەڤەن – savan – سەگ .**

لە ئاڤێستادا (سپەن) و لـە پەهلەویـدا شـێوەی (سـەگ)ی وەرگرتـووە. شەبەکەکان بەشێوەی (سپە) بەکاری دێـنن. لـە جـافی و فـەیلی و سـۆرانی و

كرمانجى باكووردا كورت دەبێتەوە بە (سە). هاوواتاشى دەبێتە (سپەڕ)، (سپلۆت). وشەى (سپلۆت) لە ئەردەلأنيدا واتاى (گلاۆ)ى وەرگرتووە. سەگيش گلاۆە.

*** سڤەن – Svan – سپى .**

لە ئاڤێستادا (سپەيتە) و لە پەهلەويدا (سپێت) بەكارهاتووە. لە لوڕيدا (سيبى) و لە كەلڕيدا (سفى). هاوواتاى لە كورديدا دەبێتە (چەرمە، چەرمگ، چەرموو، گەور، سياو، شەروتى، كەژ) لە زمانەكەماندا (سپيدە) يا (سفيد) هەيە بەواتاى بەرەبەيان – ئەو كاتەى كە دنيا بە گزنگى خۆرسپى دەبێت. بۆ (سپيدە) مەلاى جزيرى دەڵێ:

**وى ( سپيدە ) ژبورجى قەوس ئەبرو نوماندن ماهى نەو**

**خوەش ژبورجى ئەبروان ڤێرا كشاندن ماهى نەو .**

بۆ نمونەى (سفيدە) ش نالى دەڵێ:

**لە دوگمەى سينە دوێنێ نوێژى شێوان**

**بەيانى دا ( سفيدە )ى باغى سێوان**

هەروەها بە شێوەى (ئەسپين) يش بەكاردێ وەك (ئەسپيندار) بە واتاى (سپى چنار) و هەم ناوى گونديكيشە.

*** سوریە – Surya – خۆر .**

ئەم وشە لە ئاڤێستادا بە شێوەی (خڤەر) و لە پەهلەویدا (خیوەر) بەکارهاتووە. وشەی (سوریە) لە یەکەم گۆڕانیدا دوو پیتی کۆتایی سواوە و (سور) ی ماوەتەوە. ئەمیش گۆڕاوە بە (هۆر) کە لە گۆرانی کۆن و ئێستەش لای شەبەکەکان بەم شێوەیە. لە زمانەکەماندا گۆڕانی نێوان پیتی (س) و (هـ) هەیە هەروەك لە وشەی (ئەسمی) دا باسمان کرد. هەروەها لە نێوان پیتی (هـ) و (خ) دا گۆڕانمان هەیە وەك:

- خەست، لە جافی و ئەردەڵانیدا دەبێتە (هەس).
- خوون، لە گۆرانی کۆندا (هوون) بەکارهاتووە.
- خاڵۆ، لە لوڕیدا دەبێتە (هالۆ). ...
- خیم، دەبێتە (هیم)

بەم پێیە وشەی (سور) گۆڕاوە بە (هور) و پاشان بەرەو (خۆر) هاتووە، دواتر لەم فەرهەنگەدا گۆڕانی پیتی (س) و (هـ) دەبینرێ. بەتایبەتی لە نێوان سانسکریت و ئاڤێستادا.

*** سووکەڵە – Sukalla – سووکەڵە ، پڕکار .**

ئەم وشەیە بەبێ گۆڕان وەك خۆی ماوەتەوە، لە کوردیدا کەسێك لەشی سووك بێ و لە کارکردندا گورج و گۆڵ بێ پێ ی دەگوترێ (سووکەڵە). وشەی

(سووکەڵە سوار) بە واتای (سوارچاك) دێ. هەروەها (سووکەڵە) بە واتای (شتی چکۆلە و سووك)یش دێت.

***سۆما – Soma**

ئەم وشەیە بەم واتایانە هاتووە (مانگ، خودای مانگ، راستی، شەرابی ئیلهام بەخش، شیرە، گیای ژینەوەری، ئاوی ژیان، شیرەی پیرۆز، گەوهەری مرۆڤ)،

لە ئاڤێستاشدا هەمان ئەو واتایانەی هەیە لەگەڵ واتای (دەرمان، فریشتە = ئیزەدی دەرمان) ئەگەر لەناو واتاکاندا (خوای مانگ) یان هەمان هەر (خوا) لەبەر چاوبگرین ئەوا بە پێی گۆڕانی پیتی (س) و (هـ) دەچینە سەر وشەی (هۆما) کە لە ناو زازاییەکاندا بە واتای (خوا) بەکاردێت وەك:

- هۆمای بکۆ = خوا بیکا.
- هۆمای زانۆ = خوا دەیزانێ.
- هۆمای سینەنی = لە رای خوا.
- هۆمای گرۆتا = خوا گیانی بسێنێ.

شایانی باسە لە دەڤەری ورمێ شارۆچکە و ناوچەی (سۆما) هەیە. کە دیارە پاشماوەی وشە سانسکریتیەکەیە .

هەروەها (سۆما) لە کوردیدا بە واتای (ڕووناکی چاو)، (ئاسۆ)، (تروسکەی ڕووناکی لە دوور) بەکاردێ.

*** سۆمە – Soma – گیای ژیان .**

لە ئاڤێستادا (هەوومە) بەکارهێنراوە. کە گیایەکە لە دینی زەردەشتدا سووتاندنی حەرام بووە، چونکە شەرابی تایبەتی لێگیراوە و لە مەراسیمە مەزهەبییەکاندا خوراوەتەوە، بیستوومە کە لە گوندێکی نزیکی (دزڵی)ی هەورامان تا ئێستەش بەو گیایە هەر (هوومە) دەڵێن.

*** سوندەرە – Sundara – هونەر .**

لە ئاڤێستادا (هونەرە) بەکارهاتووە و لە پەهلەویدا کورت بۆتەوە بە (هونەر) ئێستە هەر بەم شێوە پەهلەویەی لە هەموو زمانی کوردیدا ماوەتەوە، لەم وشەیەدا گۆڕانی پیتی (س) بە (هـ) دیارە.

*** سهایا – Shaya – سایە .**

لە پەهلەویدا بە شێوەی (ئەسایا) بەکارهاتووە، وشەکە (سهایا) بەم شێوە ڕێگەی گۆڕانی گرتووە، سهایا – سایا – سایە. لە فەیلی و لەکی و لوڕی و کەڵڕیدا کورت دەبێتەوە بە (سا)، لای شەبەکەکان (سایك) بەکار دێ،

لە گۆرانی کۆن و نوێدا (سای، سایە، سەهەند، سەی) لە موکریانی و سۆرانی و بابانیدا (سێبەر) کە لە ئەردەلانی و جافیدا دەبێتە (سێوەر). هەروەها بە شێوەی (سایە) ش دەبینرێ، وەك دەگوترێ.

- لە سایەی خواوە.
- لە سایەی سەری تۆوە.
- سایەت لەسەرمان کەم نەبێ.

کوردەکانی تورکمانستان بەشێوەی (سیا) بەکاری دێنن.

هاوواتایشی لە کوردیدا دەبێتە (نسار، نزار، نسێ، پەسار)

## * سەپتە – Sapta – حەوت .

لە ئاڤێستادا (هەپتە) و لە پەهلەویدا (هەفت) بەکارهاتووە. لە میتانیدا (سەتتە) و لە لاتینیدا (**Septem** ) و لە یۆنانیدا (**Hepta** ) لە زمانی کوردیدا جگە لە (حەوت) بە شێوەی (هەفت) یش زۆر بەکاردێت.

بۆ نمونەی (هەفت) دەگوترێ:

- هەفتاو = بە حەوت ئاو شوشتن (گلاۆی دەرکردن).
- هەفتاڤ = حەوت جار شتنی پیسی.
- هەفتەکێش = لە فالّ کێشانی ماین و ماکەر لەو حەفتەدا کە زاوە.
- هەفتۆك = هەفتانە.

بۆ نمونەی (حەفت) یش وەك: -

- حەفتەوانە = حەوت ئەستێرەن کە لێکەوە نزیکن (بنات النعش).

- حەفتانە = حەوت ڕۆژ جارێ.

- حەفت ڕوو = کینایەیە لە ریایی کەر.

- حەفت لۆ = حەوت چین لەسەر یەکتر.

*** سەپتەتی – Saptate – حەفتا .**

لە ئاڤێستادا (هەپتایتی) و لە پەهلەویدا (هەفتات) بەکارهاتووە. لە کوردیدا (هەفتا)ش دەگوترێ.

*** سەچەتی – Sacate – لێخوڕین ، ئاژووتن .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بەشێوەی (هەچەتی) بەکارهاتووە. ئەمیش لە کوردی ئەمڕۆدا کورت بۆتەوە بە (هەچە) کە بۆ لێخوڕین و ئاژووتنی گوێدرێژ بەکاردێت.

*** سەم – Sam – هەم ، بوونم هەیە .**

لە ئاڤێستا و پەهلەویدا (هەم) بەکارهاتووە. ئێستەش لە هەموو زاراوەکانی زمانی کوردیدا بەم شێوە بەکاردێ. وەك دەگوترێ:

- من هەم.

- تاکو هەم. . .

*** سەمە – Sama – هەموو .**

لە ئاڤێستادا (هەمە) بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا (هەماگ) کە ئەم شێوە پەهلەویەی لەناو جافی و ئەردەلانیدا بۆتە (هەمگ). وەك دەگوترێ:

- هەمگی بێرە = هەمووی بێنە.

- هەمگمان هەسمان = هەموومان هەمانە.

لە کوردیدا (هەمی) ش بەکار دێ. لە کرمانجی باکووردا (حەموو) (حەمی) دەگوترێ، وەك: مەلای جزیری دەڵێ:

**عالم ( حەمی ) تێك بوو بە صەف**

**سەیرین ل شاهی من بە خەف ... هتد**

بۆ شێوەی (حەموو) ش مەلا مەحموودی بایەزیدی نوسیویە: { ژ بۆ میری مەعلوم ژی حەموو ئەسبابێ خوندکاری و. .. هتد } .

*** سەنتی – Sante – هەن ، بوونیان هەیە .**

لە ئاڤێستادا (هەنتی ) بەکارهاتووە. ئەمیش کورت بۆتەوە بە (هەن).

*** سیامە – Seama – سیا .**

لە پەهلەویدا (سیا) بەکارهاتووە، لە زمانی ئەمڕۆی کوردیدا وشەکە بەرامبەر بە (ڕەش) برەوی خۆی هەیە. لە گۆرانیدا (سیاو)، لە لوڕی و لەکیدا (سی) لە فەیلیدا (سیە) بۆ نمونەی (سیا) نالی دەڵێ:

**پەچەیی پەرچەمی یو ، پرچی ( سیا )**
**هەر دەڵێی مانگــەشەوە کوڵمی تیا .**

هەروەها هەندێ وشەی لەسەر داتاشراوە، هەندێکیان وەك:

- سیاچەمانە = ئاوازێکی کۆنی تایبەت بە هەورامان.
- سیاوڵە = ڕەشکە.
- سیامالْ = ڕەشماڵ، زۆم.
- سیاتۆمە = ڕەشتاڵە.
- سیابۆ = گیایەکی بۆن خۆشە دەکرێتە ناو ژاژی.
- سیاڕۆ = بەخت ڕەش.

هەروەها گوندێك لە نزیك شاری (بانە) هەیە بەناوی (سیاومە) کە زۆر لە وشەی (سیامە) وە نزیکە.

*** سیمان – Seman – رادە و سنوور .**

لە کوردیدا ئەوەی لەم وشەیەوە نزیك بێت ناوی گوندی (سیمان)ە لە سەر گوێ ئاوی سیروان، ڕۆژئاوای شاری جوانڕۆ.

*** شاش = Sas = شەست .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بە شێوەیەکی گران بەکارهاتووە (خشڤە شتی)، لە پەهلەویدا بۆتە (شەست) کە لە کوردیدا بەشێوەیەکی زۆر وەك پەهلەویەکەی بەکار دێ. لە سۆرانی و موکریانیدا دەبێتە (شێست). هەروەها وشەی (شاسە) مان هەیە بە واتای (شەستە باران).

*** شاکا = Saka - شاخ ، شاخی ئاژەڵ .**

ئەم وشەیە لە پەهلەویدا کورت بۆتەوە بە (شاك). ئەمیش گۆڕاوە بە (شاخ)، لە کۆندا گۆڕانی پیتی (ك) و (خ) هەبووە، وەك:

- (ئاکورە)ی ئاڤێستایی بۆتە (ئاخوڕ).
- (کەندەك) ی پەهلەوی بۆتە (خەندەك) و بەشێوەی (خندق) چۆتە ناو زمانی عەرەبیەوە.

هاوواتای (شاخ) لە کوردیدا دەبێتە (قۆچ)، (سترۆ)، (شەقۆن).

*** شڤە — Sva - شڤان — شوان .**

ئەم وشەیە لە پەهلەویدا گۆڕاوە بە (شپان). لە کرمانجی باکووردا شێوەی (شڤان)ی وەرگرتووە و ئەم وشانەی لەسەر داتاشراوە.

- شڤاندیلکە = چۆلەکە.

- شڤان کوژ = مەلێکە.

- شڤان خاپێن = شوان خەڵەتێنە — مەلێکە.

وشەکە بەم شێوە گۆڕاوە (شڤە، شڤا، شڤان). (شوان) یش هەر ئەوەیە و پیتی (ڤ) گۆڕاوە بە (و) کە لە نێوان کرمانجی باکوور نێوەڕاستدا ئەم گۆڕانە زۆر دەبینرێ. لە زاراوەی لوڕیدا (شۆو) دەگوترێ.

*** شڤەکەرە = Svakara – شڤان ، شوان .**

ئەم وشەی سەرەوە هەردووکیان لە سانسکریتیدا هەن. لە زمانی کوردیدا ئەوەی لەمەوە نزیك بێت وشەی (شوانکارە) یە. کە بەم واتانە بەکار دێ:

١ — بەخێوکردنی ماڵات بە (بەر بە نیوەیی).

٢ — کەسێك کاری شوانی بکات.

٣ — ناوی هۆزێکی گەورەی کوردە کە بەشێکیان کاتی خۆی کۆچیان کردووە بەرەو دەڤەری (شیراز) و تا ئێستەش ماون.

*** شوورە — Sura – شۆڕشگێڕ .**

دیارە وشەی (شۆڕش) لە (شوورە) وەرگیراوە و ئەو کەمە گۆڕانەی بەسەردا هاتووە. (شوورە) لە کوردیدا بە شێوەی (شۆڕ) بەکار دێ. وەك سەیید یاقۆی مایدەشتی دەڵێ:

**( شۆڕێ ) وەسەرم کەوتکە لەی مەستیی چاوە**

**هیچ جێگە نەنیشم مەگەر ئەی جێ کەشراوە .**

هەروەها وشەی (شەڕ) یش هەر پاشماوەی (شورە)یە، چونکە زاراوەی (شەڕوشۆڕ) مان هەیە.

*** شووکە – Suka – تووتی .**

ئەم وشەیە نەمبیستووە بۆ ئەو واتایە لە کوردیدا بەکاری بهێنرێ. تەنیا ئەوەندە هەیە کە لە ناوچەی (شارباژێڕ) گوندێك بەناوی (شووکێ) هەیە، دوور نیە پاشماوەی ئەم وشەیە بێت.

*** شەرکەرا – Sarkara – شەکر .**

لە پەهلەویدا بۆتە (شەکەر) کە ئێستەش لە شێوازەکانی (گۆرانی، ئەردەلانی، لوڕی، لەکی، فەیلی، کەلڕی) بەهەمان شێوە بەکاردێت.

وشەکە بۆتەوە بە شەکر. کە بەشێوەی (سکر) چۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە و لە ئینگلیزیشدا (**Suger**) دەگوترێ.

(شەکرا) ناوی گوندێکە کە پتر لە (شەرکەرا)وە نزیکە.

*** شەش – Sas – شەش .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بەشێوەیەکی گران بەکارهاتووە کە (خشووەش)ە. لە پەهلەویدا هەر (شەش) ە کە ئێستە لە هەموو کوردیدا بەم شێوە بەکاردێ جگە لە گۆرانی کە دەڵێن (شش).

*** شەڤەڵە – Savala – شەخەڵ .**

لە کوردیدا (ئەشخەڵ) و (شێخەڵ)یشی پێدەگوترێ و وشەی (شەخەڵان) و (شەخساڵ) یش هەن. لە وشەی (شەڤەڵە) دا پیتی (ڤ) گۆڕاوە بە (خ). کە تا ئێستە لە کوردیدا نەمدیووە.

(شەدەڵە) گوندێکە کە دەبێتە ناوەندی بزوتنەوەی (حەقەکان)، دوور نیە لە (شەڤەڵە)وەرگیرا بێت، چونکە ناوچەیەکی لێڕەوار و پڕ لە شەخەڵە.

*** فرەثەهـ – Frathah – فرە ، زۆر .**

لە ئاڤێستادا (فرەثە) و لە پەهلەویدا (فرای) گۆ کراوە، لە فەیلی و لەکی و لوڕی و جافی و ئەردەلانی و زازاییدا (فرە) و لە گۆرانیدا (فرێ) دەگوترێ.

وشەی (فرەثەهـ) بەرە و (فرەثە) و پاشان دوو پیتی دواوەی سـواوە و (فـرە) ی ماوەتەوە و هەروەها هەندێ وشەشی لەسەر داتاشراوە، وەکو:

- فرە وەڕانی = زۆر بلێ، هەڵەوەڕ.
- فرە وێژ = چەنەباز.
- فرە ڕوو = ڕووبین، دووڕوو.
- فرە بەش = دارایی و داهاتی زۆر.
- فرەوان = کە بۆتە فراوان = زۆر بلاو، بەر بلاو.
- فرەماگ = دێرینە، شتێ زۆر مابێتەوە.

هاوواتای لە کوردیدا دەبێتە (زاف، زەحف، گەلێك، زێدە).

*** ڤاتە — Vata — با .**

لە ئاڤێستادا بەهەمان شێوە بـەکارهاتووە، لـە پەهلەویـدا (وات) گـۆ کراوە. لە گۆرانی و لەکی و کەڵڕیـدا کـورت بۆتـەوە بـە (وا). وەك مەلـەوی دەڵێ:

**چەمەڕای (وا)ێن نەسیم بدۆ لێش**
**ریشەکەنش کۆ ساکن بۆ پەی وێش.**

هەندێ جار لە لوڕی و لەكیدا (وای)ش دەگوترێ، لە زازاییدا (ڤا) بەكاردێ. دیارە كە (ڤاتە، وات، وا، ڤا، با) یەك ڕیشەن، شایانی باسە لە زمانەكانی (تەبەری)، (تاتی) و (گیلەكی) دا هەر (وا) گۆ دەكرێ.

*** ڤاسە — Vasa – شوێن .**

لە ئاڤێستادا بەشێوەی (ڤەچ) و (ڤیچ) و (ڤاچ) بەكار هاتووە، لە زمانی كوردیدا پاشماوەی گۆڕانی نێوان پیتی (س) و (چ) مان هەیە وەك:

- بلێسە = بلاچە (شێوەی جاف).
- پیچە = پیسە (شێوەی فەیلی). ژنان لەسەری دەبەستن.

مامۆستا هەژار وشەی (ڤاچ)ی لە هەنبانە بۆرینەدا هێناوە بە واتای (شوێن) لای فەیلیەكانیش بە شێوەی (واچ) شوێنەواری ماوە وەك (ئاگر واچ) بەواتای ئاگردان یا شوێنی ئاگر بەكاری دێنن. بەم پێیە (ڤاسە، ڤاچ، واچ) یەك ڕیشەن.

*** ڤركە — Vrka – گورگ .**

لە ئاڤێستادا (ڤەركە) بەكارهاتووە، لە پەهلەویدا گۆڕاوە بە (گورگ). شەبەكەكان بەشێوەی (وەرك) و لە گۆرانیدا (وەرگ) گۆ دەكرێ. لە كرمانجی باكووردا (گور). وەك وتراوە:

**هێستراوان ل بێدەرو نە دز دین نە (گور) دخۆن**

— (مەتەڵ — مێرووله)

هەروەها له كرمانجى باكووردا به شێوەى (ڤەرف)يش هەيه، ئـەميش لـه ڕيشەى (ڤەرك) ه به گۆڕانى پيتى (ك) به (ڤ).

## * ڤرەنه – Vrana - برين .

گۆڕانى يەكەمى ئەم وشەيه به (ڤ) دەست پێدەكات بـه (ب). ڤرەنـه — برەنه — برين . كه ئـەم گۆڕانـەش بـه تايبـەتى لـه نێـوان هـەردوو شـێوەى كرمانجيدا بەرچاو دەكەوێت. وەك:

- ڤادان = بادان.
- ڤارين = باران.
- ڤل = بڵ.
- ڤيست = بيست.

هاوواتاى (برين) له كورديدا دەبێته (زام)، (ريش)، (زەخـم). لـه لوڕيـدا (زەم) دەگوترێ.

## * ڤرێشتى – Vriste - وەشت .

له ئاڤێستادا (وەشـتەرە) بـەكارهاتووە. لـه شـێوەى لـەكى و لـوڕى و گۆرانيدا بۆتەوە به (وەشت) وەك مەولەوى بەكارى هێناوە و دەڵێ:

**دڵ بیەن وە دار سەرکەلی لای ( وەشت )**

**لافاوان ئامان ریشەش وست وە دەشت .**

وشەی (ڤرێشتی) بەم جۆرە گۆڕاوە و کورت و سانا بۆتەوە (ڤرێشتی — ورێشتی ٠ وێشتی — وەشت).

هاو واتای لە کوردیدا دەبێتە (باران) و (یاغەرۆ).

## * ڤەییچە — Vaeca – وەچە .

لە ئاڤێستاشدا بەهەمان شێوە بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا (وەچەك). ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا (بەچە) و (بەچکە) و (بێچو)ی لە پاش بە جێماوە. هاووتایشی دەبێتە (نەوە، نەتیژە، نەڤی، زاتۆرە، تۆرەمە، بەرەباب، رەچەڵەك، نەژاد، نەڤیچر)

## * ڤەدوو — Vadu – رەدوو .

لە ئاڤێستادا بەشێوەی (ڤەدئوویە) بەکارهاتووە. لە کرمانجی باکووردا هەر بەشێوەی (ڤەدوو) ماوەتەوە، وەك دەگوترێ:

- ڤەدوو کەوتن = رەدوو کەوتن، شوێن کەوتن.
- ڤەدوو خستن = رەدوو کەوتن، وەدوو کەوتن.

*** ڤەراهە – Varaha – بەراز .**

لە ئاڤێستادا (ڤەرازە) و لە پەهلەویدا (وەراز) بەکارهاتووە، لە زمانی کوردیدا گۆڕانی نێوان پیتی (هـ) و (ز) شوێنەواری ماوە وەك:

- باهوو = بازوو.
- هەری = زەری.

بەم شێوە لە نێوان سانسکریتی و ئاڤێستادا (ڤەراهە) گۆڕاوە بە (ڤەرازە) و پاشان بەرەو (وەراز) و (بەراز) هاتووە. لە شێوەکانی لوڕی و لەکی و فەیلیدا (ویراز) دەگوترێ. لە ئەرمەنیدا (ورەز) لە هیندیدا (وراها).

*** ڤەرتوڵە – Vartulla – خرتەڵە .**

لە کوردیدا بە ئاستەم گۆڕانی پیتی (ڤ) بە (خ) دەبینرێ وەك:

- خیچ = ڤیچ (کرمانجی باکوور).
- نالی بۆ (خیچ) دەڵێ:

**پێم دەڵێن مەحبووبە خێل و خیچە مەیلی شەڕ دەکا**
**خێل و خیچە ، یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا**

- خێل = ڤێر (کرمانجی باکوور).
- خاڵی = ڤالا (کرمانجی باکوور).

وشەکانی (خرتۆڵە، خڕکەڵە، خڕیلانە، خرتەڵە، خڕیلە، گردەڵە، گردیلە) لەسەر (ڤەرتوڵە) داتاشراون.

*** ڤەرە – Vara - بەرە .**

بەواتای تیرە و هۆز و ڕەچەڵەك دێ وەك دەگوترێ.

- سەیید لە بەرەی پێغەمبەرن (د.خ).
- مرۆڤ لە بەرەی ئادەم و حەوایە.
- سالم لە بەرەی ساحیبقڕانە.
- بەرەباب، وشەیەکە زۆر بەکاردێ.

*** کاپوورە – Kappura - کافوور .**

شیرەی وشکەوەبووی درەختێکە، ڕەنگی سپیە و بۆنی خۆشە. ئەم وشەیە لە زمانی پەهلەویدا کورت بۆتەوە بە (کاپوور). ئێستە لە زمانی کوردیدا شێوەی (کافوور)ی وەرگرتووە کە ئەوەش پەیوەندی بە گۆڕانی پیتی (پ) لەگەڵ (ف) هەیەو لە زمانەکەماندا ئەم گۆڕانە بەدیدەکرێت. وەکو (پتیلە) کە (فتیلە) ش بەکار دەهێنرێ.

*** کارە – Kara – کار . ( پاشگر )ە .**

بۆئەم پاشگرە هەندێ وشەمان هەیە کە تێیاندا ماوە، وەك (دروستکار، خوێندکار، ستەمکار). . . هتد.

لە ئاڤێستادا بەشێوەی (کەر) بەکارهاتووە، ئەمیش لە زمانی کوردیدا جێگای دیارە، وەك: (شەنکەر، داگیرکەر، کارەکەر، وێرانکەر) لە (سۆمەریدا) (گەر) بێژراوە. لە زمانەکەماندا بەم شێوەش دەبینرێ، وەك (مسگەر، تەونگەر، زێرینگەر، ئاسنگەر). دیارە کە (کارە، کەر، گەر، کار) هەموویەك ڕیشەن.

*** کاڵە – Kala – کوڵاو .**

بەشێوەی (کاڵە) لە زمانی کوردیدا (کاڵە بڕوێش)مان هەیە بەواتای (ساوار لە گەنمی نەکوڵاو).

یا وشەی (کاڵەکوت) هەیە بە واتای (ئەو مێوژەی کە دەکوڵێنرێ بۆ شەربەت).
هەروەها لەسەر وشەی (کاڵە) وشەی (کوڵ)مان هەیە وەك (کەف و کوڵ) بە واتای شلەمەنی کە دەکوڵێ کەف دەکات و کاتێ ئاوی ساردی پێدا بکەی نەکەفەکەی و نەکوڵانەکەی نامێنێ، لەم کاتەدا پێی دەگوترێ (کەف و کوڵی) دامرکایەوە.

دیارە (کوڵ) لە ڕیشەی (کاڵە) یە و پاشان شێوەی (کوڵان)ی وەرگرتووە. وشەکانی (کوڵا، کوڵاندی، بیکوڵێنە، کوڵاندن. .. هتد)ی لەسەر داتاشراوە.

*** کرەتو – Kratu – ئازا .**

لە ئاڤێستادا (خرەتو) و لە پەهلەویدا (خیرەت) بەکارهاتووە. لەزمانی کوردیدا گۆڕانی نێوان پیتی (ك) و (خ) مان هەیە، وەك:

- کانی = خانی (کرمانجی باکوور).

- کەر = خەر (فەیلی).

- کزەکز = خزەخز (کەلّڕی).

بەم شێوە لە کوردیدا وشەی (خورت) مان هەیە بەواتای (ئازاو بە هێز) وشەی (خورتی) بە واتای (زەبری هێز).

دیارە وشەی (غیرە = غیرەت)ی عەربی لەم ڕیشەیەوە گیراوە.

وشەی (کرەتو — خرەتو — خیرەت — خورت) یەك ڕیشەیان هەیە.

**<u>* کرەیە – Kraya – کڕین .</u>**

لە زمانی کوردیدا وشەی (کڕین) جێگای دیارە و گەلێ وشەشی لەسەر داتاشراوە، وەکو (کڕیار، کڕینۆخ، کڕا، کڕراو، کڕیم، کڕیمان، بیکڕە، مەیکرە و. ... هتد)

هاوواتای لە کوردیدا دەبێتە (سەندن) کە لە جافی و ئەردەڵانی و کەلّڕی و لەکی و فەیلیدا بە کاردێت و برەوی هەیە، هەروەها لە گۆرانی دا (ئەسای) هەیە و لای زازاییەکان (هەری نایش) بەکاردێ.

**<u>* کرەیین – Kraeen – کڕیار .</u>**

ئەمیش هەر لەسەر ڕیشەی وشەی پێشووە.

*** كریمی – Kreme – كرم .**

ئەم وشەیە لە زمانی پەهلەویدا بۆتە (كەرم) كە ئێستەش زازاییەكان بەم شێوەیە پەهلەویەی بەكاری دێنن.

كرم = جانەوەرێكی خزۆكە لەناو خاك ومیوە و گۆشتی گەنیودا پەیدا دەبێ و هەندێ جار لەناو سكی مرۆڤیشدا دروست دەبێ.

ئەم وشەیە لەناو زمانی كوردیدا جێگای دیارە و هەندێ وشەشی لەسەر داتاشراوە، وەكو:

- كرماوی = شتێ كرم تێی دابێ.
- كرم خواردوو = كرماوی.
- كرمژنە، كرمەژن، كرمەژنە، كەرمەژەنە = كرماوی.
- كرمكوژە = گیایەكە كرم دەكوژێت.
- كرمكیز = ژانەسك لە ئەنجامی هەبوونی كرمەوە.
- كرمۆڵ = كرم تێكەوتوو، كرماوی.
- كرمەڕێز = شوێنێكی لەش كرم تێیدابێ.
- كرمەسووركە = كرمێكە لە بن خاكی شێداردا دەژی بۆ دەرمان بەكاردێت.

- کرمی بەفر = کرمێکـی سـپیە لـە ژێـر بـەفردا دەژی و لـە کوێـستانە سەختەکاندا وشکی دەکەن و دەیکەنە ناو ئاو و دۆوە بۆ سارد کردنیان.

*** کشیرە – Ksera – شیر .**

وشەکە لە یەکەم گۆڕانیـدا پیتـی (ك)ی سـواوە و (شـیرە)ی ماوەتـەوە، ئەمیش لە پەهلەویدا کورت بۆتەوە بە (شیر). کە ئێستە بە شێوەیەکی فـراوان لە زمانی کوردیدا بەکاردێت. هاوواتایشی دەبێتە (شۆت)، (سووت).

شایانی باسە لە شارەزوور گوندێك هەیە بە ناوی (کشەیەری)، دوور نیە لـە ڕیشەی (کشیرە) بێت.

*** کۆڕەك – Korak – خونچە .**

لەناوچەی ڕواندز چیایەك بەناوی (کۆڕەك) هەیـە، دوورنیـە لـەو ڕیـشەیە بێت. هەروەها لە کوردیـدا (کـۆڕەك) بـەواتای (هـەرزن)یـش دێـت. (ئەمـە لێکچوونێکە لە نێوان دوو وشەکەدا).

*** کە – Ka – پاشگری بچووك کردنەوە .**

لە ئاڤێستادا (ەکە) و لە پەهلەویدا (ەك) بەکارهاتووە. ئەم پاشـگرە بـە فراوانی لەناو زمانی کوردیدا ماوەتەوە وەك:

- پیس — پیسکە.

- بەچە — بەچکە.

- پووش — پووشکە.

هەندێ جار پیتی (ۆ)ی پێش دەکەوێ وەك:

- باڕ — باڕۆکە.

- بزن و مەڕ — بزنۆکە، مەڕۆکە.

- جن — جنۆکە. (جن لە ئاڤێستادا هاتووە چۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە).

هەندێ جاریش بەشێوەی (ۆك) دەبینرێ. وەك:

- ترسن — ترسنۆك.

- تیر — تیرۆك.

- سەیید — سەیدۆك.

بەشێوە ئاڤێستاییەکەشی (ەکە) هەر هەیە وەك:

- گۆل — گۆلەکە (گوێرەکە).

- کەل — کەلەکە (کاسەی کەل).

وەك پەهلەوییەکەشی (ەك) دەگوترێ:

- کەوش — کەوشەك.

- دەڵ — دەڵەك.

لەزمانی کوردیدا (چە)، (لە)، (لێ) یا (ڵە) هەر ئامرازی بچووك کردنەوەن.

*** کەپۆڵە – Kapola – کاپۆڵ ، تەوقی سەر .**

ئەم وشەیە بەشێوەیەکی باو لە زمانی کوردیدا جێگای دیارە و (قاپێلکەسەر) یشی پێدەگوترێ. لەشێوازی فەیلی و کەڵڕی و لەکی (کەپوڵ) گۆ دەکرێت. لە لوڕیدا (کەپۆلك).

*** کەتوو – Katu – تیژ .**

ئەم وشەیە بەو شێوە لە کوردیدا دیار نیە. ئەوەندەی پاشماوەی مابێت لە ناوچەی شاربازێڕ چیایەکی نووك تیژ بە ناوی (کەتوو) هەیە.

*** کەدا – Kada – کێ .**

لە ئاڤێستادا (کوە) و (کەیە) بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا (کێ) گوتراوە. لە کوردیدا جگە لە (کێ)، (کێهە) و (کامۆ)ش بەکاردێن.

*** کەر – Kar – کردن .**

لە ئاڤێستادا (کەرە) بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا شێوەیەکی گرانی وەرگرتووە بۆتە (کەرتەن) لە گۆرانیدا (کەردەن) و لە کرمانجی باکووردا (کرن) گۆ دەکرێ. لە زمانی کوردیدا هەندێ جار (ن) بۆ وشە زیاد دەکرێ وەك:

- بۆ — بۆن. (لـە ئـەردەلاٚنی و گـۆرانی و جافیـدا — بـۆ -) دەگـوترێ. پەهلەوی(بۆد)

- بز — بزن. (لە گۆرانیدا — بز -) دەگوترێ. پەهلەوی (بوز).

- گزی — گزنی. (شێوەی جاف).

بەم پێیە (کەر) پیتی (ن)ی زیـاد کـردووە و بۆتـە (کـەرن) و لـەکرمانجی باکووردا کورت بۆتەوە بە (کرن).

*** کەرت — Kart - کێرد .**

لە ئاڤێـستادا (کەرەتـە) و لـە پەهلەویـدا (کـارت) بـەکارهاتووە. لـە گۆرانیدا (کارد) دەگوترێ. دیارە (کـەرت) و (کەرەتـە) و (کـارت) و (کـارد) یەك ڕیشەن. لە زازاییدا (کێرك) و لە لوڕی و لەکیـدا (کارچـو) دەبێـژرێ و لـە سۆرانیدا (سیکارد).

*** کەرش — Kars - ڕاکێشان .**

لە ئاڤێستاشدا هەر (کەرش) بەکارهاتووە. لـە پەهلەویـدا ڕواڵـەتێکی گرانی وەرگرتووە و بۆتە (کەشیتەن).

وشەی (کەرش) پیتـی (ر) ی سـواوە و (کـەش)ی ماوەتـەوە کـە ئـەمیش بەواتای ڕاکێشان دێ.

- کەشان = ڕاکێشان.

- کەشان کەشان = ڕاکێشان بە زەویدا.

- کەراندش = بەهەمان واتای سەرەوە.

کێش لە وشەی (راکێشان) دا ( کێش) هەیە کە لە رەگەزی وشەکەیە، ئەمیش لەگەڵ (کەش) دا یەکێکن.

*** کەڕنە – Karna - کەڕ .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بەم چەند شێوە بەکارهاتووە (کەڕینا)، (کەڕەپەن)، (کەڕینە)، (کەڕناوس). لە پەهلەویدا کورت و سانا بۆتەوە بە (کەڕ).

وشەی (کەڕ) لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێت و هەندێ وشەیشی لەسەر داتاشراوە، وەك:

- کەڕەنسۆ = گوێی تەواو کپ —ئەم وشەیە لە (کەڕناوس)ی ئاڤێستا ماوەتەوە.

- کەڕە کونتێ = بەهەمان واتای سەرەوە.

- کەڕەواڵە = کەسێ هیچی بەگوێدا نەچێت.

- کەڕەمار = مارێکی کوشندەیە. .. هتد.

*** کەرە – Kara - کەر .**

لە ئاڤێستا و پەهلەویدا بەشێوەی (خەر) بەکارهاتووە، لە شێوەی گۆرانیدا (هەر) دەگوترێ. بەشێوەی (خەر)یش لە کوردیدا پاشماوەی ماوە، وەکو:

- خەرمێزە = خووی ناپەسەند، كەرانە.

- خەر خودا = جالّجالّۆكە.

- خەردالّ = دالّەكەر خۆرە.

- خەرگۆلك = كەری كێوی. .. هتد.

*** كەفە – Kafa – كەف .**

لە ئاڤێستادا بەهەمان شێوە بەكارهاتووە و لە پەهلەویدا كورت بۆتەوە بە (كەف) كە ئێستە بەم جۆرە پەهلەویەی لە هەموو زمانی كوردیدا برەوی هەیە.

*** كەكەشە – Kakasa – بن بالّ ، بن هەنگلّ .**

لە ئاڤێستادا (كەشە) بەكارهاتووە، ئێستە لە كوردیدا وشەی (كەش)مان هەیە بەواتای (هەنگلّ).

- بنكەش = بن بالّ، بن هەنگلّ.

مامۆستا (محەمەد ئەمین هەورامانی) ئەم كورد واتەنیەی لەسەر هێناوەتەوە **(هێلكە بە بنكەش دەبرژێنێ)**

*** كەنیە – Kanya – كچ .**

لە ئاڤێستادا (كەنیا) لە پازەندا (كەنیچەك) كە ئەمەیان لە ناو جاف و ئەردەلانی و كەلّڕیدا بۆتە (كەنیشك) و لە گۆرانیدا (كناچە) دەگوترێ. لە

پەهلەویدا (کەنیك) و (دۆخت) بەکارهاتووە. لە گۆرانیدا (کەنی) یش هەیە و (کەنی کەنی کەنیلە) ئاوازێکی کۆنە و ئێستەش دەگوترێ.

جگە لە (کچ) لە کوردیدا (کیژ، قیز، دۆت، دت)مان هەیە و هەروەها مام هەژار لە هەنبانە بۆرینەدا وشەی (کەنیك)ی هێناوە بەواتای (کچی شوو نەکردوو) کە ئەمەیان لەگەڵ پەهلەویەکەدا یەکێکن.

*** کهەنی – Khane – کان .**

وشەکە (کهەنی) بەم چەشنە بەرەو (کان) کورت بۆتەوە (کهەنی – کانی – کان). هاوواتای دەبێتە (کاراك)، (کارە)، (مەڵۆەن). وشەی (کان) ئەمڕۆ لە کوردیدا زۆر بەکاردێ و وشەیەکی جێ گرتووی نێو زمانەکەمانە.

*** کیتو – Ketu – کلك .**

لە زمانی کوردیدا وشەی (کوتە) مان هەیە بە واتای کلکەی یا بنچکی شێلم و توور و گێزەر. . یاخود ئەو کلکە بچکۆلەی کە بە کشمیش و مێوژەوە هەیە. کەواتە (کوتە) لە ڕیشەی (کیتو)ە، بەلاّم بۆ کلکەی میوە بەکاردێ نەك کلکی گیانداران.

*** كەسە — Kas - كەزى .**

وشەى (گێسو)شمان هەيە ديارە هەر لەم ڕيشەيە. لە كورديدا (زولـف) و (پرچ) يش بـەكاردێ. وشـەى (كەسـە) گـۆڕاوە بـە (كـەزە) و پاشـان بـەرەو (كەزى) هاتووە. (كەزەلۆك) ناوى گيايەكى ڕيشەدارە، ڕيشەكەى لـە چـەپكە موو دەچێ. ديارە ئەميش هەر لە ڕيشەى (كەسە) يە.

*** كێڵە — Kela - كاڵە - كالە .**

وشەى (كاڵە، كالە، كاڵك يا كاڵەك) لـە كورديـدا جـۆرێ پـێڵاوە كـە بنەكەى لە پێست و سەرەكەى لە موو دروسـت كـراوە. حـاجى قـادرى كـۆيى بەشێوەى (كاڵەك) بەكارى هێناوە دەڵێ:

**بە فيكرت دێ زەمانێ چووينە باڵەك**

**بە پێ خاوس ، نە كەوشم بوو نە كاڵەك**

*** كاثە — Catha - گاس ، بانگ كردن .**

ئەم وشەيە لە ئاڤێستاشدا بەهـەمان شـێوە بـەكارهاتووە. كـە دەبێتـە بەشى سەرەكى كتـێبى پـيرۆزى ئاڤێـستا و بريتيـە لـە موناجـات و بـانگ و هـاواركردن لـە ئاهورامـەزدا. كـە بەشـێوەى (گـاس) لـە ناوچـەى سـۆران و موكرياندا ماوەتەوە (گاسى كە) واتە (بانگى كە).

*** گريڤە – Greva – گريوە ، ملەی كێو .**

لە ئاڤێستادا (گريڤـا) بـەكارهاتووە. لـە كورديـدا بەشـێوەی (گريـوە) ماوەتەوە لە پەهلەويدا (گريوەك). لەبەشی (ئەزگڵە) ی نزيك بە چيای (دالاٚهۆ) چيايەك بەناوی (گريوە) هەيە و لە دەڤەری لوڕستانيش (بالاگريوە)مان هەيە.

هاوواتاشی لە كورديدا دەبێتە (زينۆ)، (بيستو)، (گەردنە).

*** گۆ – Go – گا .**

ئەم وشەيە لە سۆمەريدا بەشێوەی (گـو) بـەكارهاتووە. لـە ئاڤێـستادا (گەوە) لە پەهلەويدا (گاو). . . بەشێوە سانسكريتەكەی لە كورديـدا ڕيـشەی ماوە وەك:

- (گۆران) = گۆ + ران. . بەواتای جێگای گا، (ران) پاشگرێكی زمـانی كورديە كە هەندێ جار شێوەی (لان ) يا (لاٚن) ی وەرگرتووە.

- (گۆزروان) = گـۆ + زروان، گيايـەكی گـەلاٚپانی دڕكاويـە لـە شـێوەی زمانی گادا لە بەهاردا پێدەگات و دەكرێتە چێشت. (زروان) بـەواتای (زوان)، (زمان) يا (زبان) وشەيەكی كۆنی كورديە.

بۆ شێوە ئاڤێستاييەكەشی هەر پاشماوەی ماوە وەكو (گەوالاٚن) شوێنێكە لە نزيك هەڵەبجە بە ڕووی ڕۆژئـاوادا. لـە كـەلڕی و گەڕوسـی و گۆرانيـدا (گـاو)

دەبێژرێ، وەك شێوە پەهلەویەکەی. هەروەها وشەی (گا) لە زمانی کوردیدا واتای زل و قەبەشی وەرگرتووە وەك دەگوترێ:

- گابەرد = بەردی زل.
- گاکۆتر = کۆتری گەورە.
- گاماسی = ماسی مەزن.

لە لوڕی و لەکیدا (گۆو)، لە کرمانجی باکووردا (گاڤ) لە فەیلیدا (گاه) گۆ دەکرێ.

*** گوراڤ – Gurav – گران .**

لە ئاڤێستادا (گەرەڤ) و لە پەهلەویدا شێوەی (گیرەن) ی وەرگرتووە. ئێستە لە کوردیدا (گران) دەگوترێ. لە گۆرانی کۆندا (گرۆن) بەکارهاتووە وەك صەیدی یەکەم دەڵێ:

**جیاتی مەڵهەمێ زۆمێ ( گرۆن )یم**
**( فرست از غمزه از ناز چندی ؟ )**

*** گۆشە – Gosa – گوێ ، گوێچکە .**

لە ئاڤێستادا بەشێوەی (گەوشە) بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا (گۆش) کە بەم شێوە پەهلەویەی لە گۆرانیدا ماوەتەوە. لە کەڵڕی و لەکی و لوڕیدا

(گووش) لە فەیلیدا (گوییە) لە کرمانجی باکوودا (گوهـ) گـۆ دەکرێ. وەك مەلای جزیری دەڵێ:

**( گوهـ ) دە زیکری حال و جوشا بادەیێ**
**وی ب بولبول را دخوونت بولبولە .**

بۆ شێوەی (گۆش) یش خانای قوبادی دەڵێ:

**وێنەی غولامان حەلقەی دوڕ نە ( گۆش )**
**کێشاشان قودسیی غاشیەش بە دۆش .**

## * گوڵپە – Gulpa – قولەپێ ، گوێزنگ .

لە بناری هەورامانی لهۆن – ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە – گوندێك بە نـاوی (گوڵپ) هەیە دوور نیە لەم ڕیشەیە بێت. لەوانەیە وشەکە بەم شێوە مابێتـەوە (گوڵ – قول)، (پە – پێ).

بۆ گۆڕانی (گوڵ) بە (قول) ئەوا لە کوردیدا هەمانـە کـە پیتـی (گ) و (ق) جیگۆڕکێ دەکەن، وەك :

- گرشە – قرشە.
- گاڵە گاڵ – قاڵە قاڵ.

*** گەرمە – Garma – گەرم .**

لە ئاڤێستا و پەهلەویدا (گەرم) بەکارهاتووە، لە هیندیدا (گەرما) بە واتای هاوین دێت. وشەی (گەرم) لە زمانی کوردیدا جێگای دیارە و هەندێ جاریش لەگەڵ وشەی دیکەدا جووت دەبێ بۆ بەدەستەوەدانی واتایەکی سەربەخۆ وەك:

- دەم گەرم = بەکار.
- گەرمە برین = زام و برینی تازە.
- گەرمکاو = گڕاو.
- گەرماژۆ = کەسێ گەرما بردبێتی.
- گەرما و گەرم = دەست بە جێ.
- گەرماو = حەمام.

*** گەڵە – Gala – گەڵوو ، گەروو .**

لە ئاڤێستادا (گەرەهـ) و لە پەهلەویدا (گەلوك) گوتراوە.

وشەی (گەڵە) بەو گۆڕانەی بەسەریدا هاتووە و بە شێوەی گەڵو لە کوردیدا ماوەتەوە، واتای (دەربەن)یشی وەرگرتووە، وەکو لە ناوی (دێ گەڵە) دا دەیبینین کە گوندێکە و لە بەردەم دەربەندێکدا هەڵکەوتووە ـ لێرەدا واتە (دێ گەڵە) وشەی (گەڵە) وەك سانسکریتیەکەی ماوەتەوە. وشەی (گەڵوو)ش

جگە لەوەی کە بەواتای (قورِگ) دێت، بۆ (دەربەند)یش سیمای ماوە وەکو لە ناوی (سەرگەڵۆ)دا دەیبینین کە دەکەوێتە سەروی دەربەندێگەوە لە ناوچەی جافەتی، هەروەها بەشێوەی (گەلی)یش هەیە وەکو لە ناوی (گەلی عەلی بەگ، گەلی رمان، گەلی دێرا، گەلی گوێر) کە ناوی سێ گوندن. . . ئەم (گەلی) یە لە هەندێ شوێن بۆتە (گەڵی) وەك لە ناوی ئەم گوندانەدا دیارە (گەڵیاوا، گەڵی بۆلیا، گەڵی با پساغا).

(گەڵوو)، (گەڵە)، (گەلی)، (گەڵی)، (گەروو)، (گەرەهـ)، (گەلوك) هەموو یەك ڕیشەن. هاوواتاشی دەبێتە (نهال، شیو، دەرە، دۆڵ).

## * - گەندهە – Gandha - گەن .

لە ئاڤێستادا (گەنتەی) و لە پەهلەویدا (گەند) بەکارهاتووە. ئەمیش لە کوردیدا کورت بۆتەوە بە (گەن) وەك لەم وشانەدا دیارە. (بۆگەن، گەنیو، گەنە، گەنەك. .. هتد)، هەرورەها بە شێوەی (گەند)یش هەیە وەك لەم وشانەدا بەکاردێ:

- گەنداو = ئاوێ بۆگەنی کردبێ.
- گەندڵە = پیس و بۆگەن.
- گەند و گەمار = پیس و پۆخڵ.
- گەندەخۆر = پیس خۆر. .. هتد.

لە كرمانجی باكووردا (گەنی) و لە گۆرانی و لەكی و لوڕی وفەیلی و كەلّڕیدا (گەن) دەگوترێ.

هاوواتایشی دەبێتە (كرێت)، (نەشرین)، (دڕن) لەمەوە زاراوەی (بۆدڕن) هەیە بەواتای (بۆگەن).

*** گەورا – Gawra - گەورە .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بەرامبەر وشەی (مەزنتە) بەشێوەی (گۆورو) بەكارهاتووە. لە پەهلەویدا (مەزن) كە تا ئێستەش لە كرمانجی باكووردا بەم شێوە ماوەتەوە. لە شێوەی فەیلیدا (گەورا) دەگوترێ كە لەگەڵ سانسكریتیەكەدا یەكێكن بە بێ گۆڕان. لە سۆمەریدا (گوولە) گوتراوە. كە هەر لەم ڕیشەیە. لە گۆرانیدا (گۆرە) دەگوترێ كە لە (گۆورو) ی ئاڤێستاوە نزیكترە. هاوواتای لە كوردیدا دەبێتە (گەپ، كەلّێن، زل، قەوین، مازان).

لە زمانی هیندیشدا (گەورا) هەبووە، چونكە دامەزرێنەری ڕێبازی سیخەكان ناوی (گەورا = ١٤٤٠ – ١٥١٨) بووە لەم دەورانەدا ژیاوە.

*** گەو هەرا = Gawhara - گەوهەر .**

لە پەهلەویدا (گۆهەر) بەكارهاتووە. ئەم وشەیە بەشێوەی (جوهر) چۆتە ناو زمانی عەرەبیەوە.

*** گیراڤە – Gerava – گیران .**

(گیران) بەواتای بەند بوون. وەك (خۆرگیران، مانگ گیران). لەنێوان (گیراڤە) و (گیران) دا پیتەکانی (گیرا) یەکێکن، بەڵام (ڤە) چۆن گۆڕاوە بە (ن) ؟ ئەوە لەوشەی (گوراڤ) یشدا باسمان کرد کە چۆن گۆڕاوە بە (گران). لەزمانی کوردیدا (گیر، گیرا، گیراوە، گرتیان، گرتم، بیگرە، دەیگرم، دەگیرێ. .. هتد) ی لەسەر داتاشراوە و بە فراوانی لە زمانی کوردیدا بەکاردێن.

*** لاکشا – Laksa – لاك ، لاشە .**

وشەی لاکشا لە زمانی کوردیدا هەم (لاك) و هەم (لاشە)ی لێ بەجێماوە بەم شێوە:

- لاکشا – لاکا – لاك (پیتی – ش – ی سواوە).
- لاکشا – لاشا – لاشە (پیتی – ك – ی سواوە).

لە زمانی کوردیدا (لاشە) بۆ مرۆڤ و (لاك) بۆ ئاژەڵ بەکاردێ.

لە هەندێ شوێن (لاك) بەشێوەی (کەلاك)یش گۆ دەکرێ.

*** ما – Ma - ئامرازی نەرێیە .**

لە ئاڤێستادا بەهەمان شێوە بەكارهاتووە. كە ئێستە لە كورديدا شێوەی (مە)ی وەرگرتووە، وەك (مەڕۆ، مەخۆ، مەڵێ، مەخەوە. ... هتد). لە پەهلەويدا شێوەی (نێ)ی وەرگرتووە، كە ئێستە بۆتە (نە) وەك (نەڕۆی، نەخۆی، نەڵێی ، نەخەوی. .. هتد) یا بە شێوەی (نا) وەكو: (ناڕۆم، ناخۆم، ناڵێم، ناخەوم).

*** ماتا – Mata - دايك .**

مام هەژار لە (هەنبانە بۆرينە)دا وشەی (مادە)ی هێناوە، لە ئاڤێستاشدا هەر (مادە) بەكارهاتووە. بەواتای (دايك) ئەوەش ديارەكە (مادە) پاشماوەی وشەی (ماتا) يە. (دايك) لە زمانی فراوانی كورديدا هيندە خۆشەويستە چەند ناوی ديكەی هەيە، وەك (ئەدا، ئادا، ئامە، ئانە، ئۆدا، ئاييا، دێ، داڵگ، دا، داك، يادێ، ياك، يای، جێ).

وشەكە بەم شێوە لەناو زمانەكانی هيندو – ئەورووپيدا جێگەی ديارە. لاتينی (ماتەر)، (ماذەر)، ئەلبانی (مۆتەر)، يۆنانی (مێتێر)، ئەڵمانی (موۆتەر)، ئيسلەندی (مۆدر) ليتوانی (مۆتێ) سلاڤی (مەتی)، تخاری (ماچەر)، هەروەها لە زمانی فارسيشدا (مادر) گۆ دەكرێت.

*** ماس – Mas - مانگ .**

لە ئاڤێستادا (ماونگە)و لە پەهلەویدا (ماە) بەکاربراوە، کە ئەم شێوەیەی لە گۆرانیدا ماوەتەوە.

مەولەوی دەڵێ:

**هەرماهێ نەو بۆ ، حاڵم پەشێوەن ،**
**چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن**

(ماس)ی سانسکریتی و (ماە)ی پەهلەوی پەیوەندی بە گۆڕانی پیتی (س)و (هـ) وە هەیە کە لە وشەی دیکەدا باسمان کردووە. لە شێوەکانی (لەکی) و (لوڕی)دا کورت بۆتەوە بە (ما)، واتە دوا پیتی سواوە. بەشێوەی ئاڤێستاییەکەشی (مانگە) ئەوا کورت بۆتەوە بە (مانگ) و لە زۆربەی زاراوە و بنزاراوەکانی کوردیدا برەوی هەیە، لە زمانی ئینگلیزیدا (**Moon**) دەگوترێ کە لەگەڵ (مانگ) دا یەك ڕیشەن.

*** ماشە – Masa - ماش .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستاشدا (ماشە) و لە پەهلەویدا کورت بۆتەوە بۆ (ماش). کە ئێستە بەم شێوەیە لە زمانی کوردیدا بە فراوانی بەکاردێت و هەندێ وشەشی لەسەر داتاشراوە.

وەکو:

- ماش و برنج: کینایە لە تێکەڵ بوونی مووی ڕەش و سپی.

- ماشاو: ئاو مرواری، نەخۆشییەکی چاوە، شلەی ماش.

- ماشڵێن = چێشتی ماش.

- ماشێن: چێشتی ماش.

- ماشە سپی = دانەوێڵەیەکە پانکەلەو سپی و تام خۆش لەکەلوودا دەبێ.

-ماشەکڵە = گەڵای وەریوی پاییز کە لە ناو ئاودا پەنگ دەخواتەوە .

## * مرتی – Mrte - مەرگ .

یا (مرتیو) **Mrtyu** . کە ئەمیش بەهەمان واتای **(مردن)** بەکارهاتووە. هەردووکیان لە وشەی (مرد) و (مردوو) ەوە نزیکن. (مەرگ)یش واتە: (مردن) کەواتە هەر لەو ڕیشەیە دروست بووە .

## * مرتەکە – Mrtaka – مردوو .

لە ئاڤێستادا (مەر) و (مەریتەن) و لە پەهلەویدا (موریتەن) بەکارهاتووە. لە زمانی کوردیدا شێوەی نزیکی (مرتەکە) وشەی (مردگ)ە، کە لە جافی و ئەردەڵانیدا بەکاردێت. لە گۆرانیدا (مەردە) لە کەلڕی و لەکی و لوڕیدا (موردە) و لە کرمانجی باکووردا (میری) دەوترێ.

*** موشتی – Muste – مشت .**

لە ئاڤێستاشدا هەروا بەکارهاتووە. لە پەهلەویدا (موشت) و (موست). لەشێوەی لەکی، کەلڕی، لوڕیدا (موشت) دەگوترێ، لە فەیلیدا(میشت). لە هەندێ ناوچە (مست) دەگوترێ کە لە (موست)ی پەهلەوییەوە نزیکە. (موست)یش هەر لە ڕیشەی (موشتی)یە بە گۆڕانی پیتی (ش) بە (س).

*** موشەکە – Musaka – مشك .**

لە پەهلەویدا (موش) بەکارهاتووە کە بەم شێوە لە گۆرانیدا ماوەتەوە. لە لوڕی و لەکیدا (میش) دەگوترێ. وشەی (موشەکە) سێ پیتی سواوە و (موش) یا (مشك)ی ماوەتەوە.

*** مەتسیە – Matsya – ماسی .**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بەشێوەی (ماساو)، لە پەهلەویدا (ماهیك) بەکارهاتووە. لە فارسیشدا (ماهی)، لە گۆرانیدا (ماساو) گۆ دەکرێ و لە لوڕیدا (مایی).

وشەی (مەتسیە) لە یەکەم گۆڕانیدا پیتی (ت)ی سواوە و بۆتە (مەسیە) پاشان کورت بۆتەوە بە (ماسی).

*** مەر – Mar – مردن .**

لە ئاڤێستاشدا هەر (مەر) بەکارهاتووە. لە پەهلەویدا (مورتـەن). لـە گۆرانیدا (مەردەن) لە کرمانجی باکوور (مـرن). لەوشـەی (مـەرگ) دا (مـەر) وەك بنجە سانسکریتیەکەی دیارە. وشەی (مەر) لە (مـەرووز، مـەر + ووز) دا ماوەتەوە بەواتای کەسی لاواز کە نزیك بە مردن بـێ. لـە زمـانی هیندیـدا (مەرنا) دەگوترێ.

*** مەژەن – Majan - مێشك .**

لە ئاڤێستادا (مەژگە) بەکارهاتووە. لە پەهلەویـدا کـورت بۆتـەوە بـە (مەژگ) کە لە گۆرانیدا بە کاکڵەی گوێز دەگوترێ (مەژگە) { مێشك – یـش کاکڵەی سەرە و لە شێوەی کاکڵەی گوێز دایە } .

لە هەندێ شێوازی دیکەدا (مـەژگ، مـەژك، مـژگ، مـەزگ، مـەژو، مەژۆ، مەژی) دەگوترێ، هەروەها هەندێ وشەیشی لەسەر داتاشراوە وەك:

- مەژودار = ژیر و بە ئاوەز.
- مەژگڵە = گیایەکی خۆراکییە.
- مەژو چەڵقیان = مێشك شڵەقان.
- مەژیچك = مۆخی ناو ئێسقان.
- مەژگدار = کینایەیە لە پیاوی زانا.

*** مەستو – Mastu – مەست .**

لە ئاڤێستاشدا هەر بەمشێوەیە بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا کورت بۆتەوە بە (مەست). کە ئێستە لە هەموو زمانی کوردیدا بەکاردێ و هەندێ جار کورت دەبێتەوە بە (مەس) بۆ ئەم شێوە مەولەوی دەڵێ:

**وە خیلافەومن یارانی سەرمەس**

**تەڤازای زاتی تەبعم هەرچی هەس .**

*** مەسە – Masa – شار .**

لە دەڤەری پێنجوێن گوندێك بەناوی (مەسۆ) ماوەتەوە، لەناوچەی قەرەداغیش گوندی (مەسۆیی) هەیە کە دوور نیە کۆنەشار بووبن. { ئەمە بۆ چوونە }

*** مەندەلە – Mandala – بازنە .**

ئەم وشەیە زۆر نزیکە لەناوی شاری (مەندەلی) یەوە. هەروەها لە زمانی کوردیدا وشەی (مەندۆڵە)مان هەیە کە پارچە خشڵێکی خڕ و بازنەییە. ئەمە نزیکمان دەخاتەوە لەوەی کە بڵێین (مەندەلە) و (مەندۆڵە) یەك ڕیشەن بەواتای (بازنە، خڕ، گۆ، گرۆڤەر، گرد، گر، جەغز، جوغز).

*** مەندە – Manad – جۆرێك لە گیایە .**

لە كوردیدا (مەندێ)مان هەیە كە گیایەكی كوێستانییە و لەگەڵ كەرە و پەنیر تێكەڵ دەكرێت بۆ تام خۆش كردن. (مەند) و (مەندك) و (مەندۆك)یشی پێدەگوترێ. هەروەها (مەندێ) لە كوردیدا بۆتە ناو بۆ مێینە.

*** میثرا – Methra – خۆر .**

لە ئاڤێستادا (میثره) و لە پەهلەویدا (میترا) بەكارهاتووە. لە زمانی كوردیدا بەشێوەی (میهر) شوێنەواری ماوە، وەكو لەناوی (میهران) دا دەبینین كە شارۆچكەیەكە سەر بە ئۆستانی ئیلام، هەروەها (میهران) ناوی هۆزێكی دێرینی ئیزەدیەكانە. ئێستە لە كوردیدا (میهر) واتای (سۆز)ی وەرگرتووە، وەكو لە وشەی (میهرەبان) دا دیارە.

میثراپەرستی دینێكی كۆنی بەر لە دینی زەردەشت بووە و لە ئاڤێستاشدا هەندێ باسی لێوەكراوە. وشەی (میر)ی كوردیش هەر لە میثراوەیە نەك لە (امیر)ی عەرەبیەوە. (میثرا – میرا – میر) بەم شێوە كورت و سانا بۆتەوە، وشەكانی (میراو، میرەدێ، میران، میراوا، میرانی، میرانە، میراوێ، میر پەنجە، میرزا، میر كوڕ، میر كاچیا، میر سینا، میرۆ، میر مام، كانی میران) لە كوردیدا هەن.

وشەی (میر) کە واتای سەرۆك دەدات لە وەوە هاتووە کە کاتی خۆی لەبەر گەورەیی و مەزنی (میثرا ) بە سەرۆك و گەورە پیاوانیشیان گوتوە (میثرا ) و پاشان کورت بۆتەوە بۆ شێوەی (میر ).

*** مێشە – Mesa – مێش ، مێ ، مەڕ .**

ئەم وشە لە ئاڤێستادا بەشێوەی (مەێشە) بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا (مێش) گۆ کراوە کە لە شێوەزاری کەلڕیدا بەم جۆرەماوەتەوە. لە کرمانجی باکووردا (مێشین) دەگوترێ و مام هەژاریش لە (هەنبانە بۆرینە)دا (مێشنا)ی هێناوە. لە زمانی کوردیدا بەشێوەی (مێژ)یش سیمای دیارە، وەك وشەی (مێژۆکە) بەواتای بەرخی تازە زاو. دیارە کە (مێژۆکە) بچووك کراوەی (مێژ)ە.

*** ناڤە – Nava – نوێ .**

لە ئاڤێستادا (نەڤە) و لە پەهلەویدا (نووگ) بەکارهاتووە. لەشێوەی کرمانجی باکووردا (نو) لە گۆرانیدا (نەو). هەروەها بەشێوەی (نەوێ)ش شوێنی دیارە وەك: لەناوی گوندی (نەوێ)دا دەیبینین کە ناوی گوندێکی دێرینە لە بناری هەورامان و شوێنەواری زوحاکی تێدایە کە هەندێ لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.

وشــەی (**New**)ی ئینگلیــزی و (**Neo**)ی لاتینــیش هــەر لــەم ڕیــشەیەن. هاوواتای لە کوردیدا دەبێتە (تازە، نورت).

*** نامەن – Naman - ناو .**

لە ئاڤێستادا (نەمەن) بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا کورت بۆتەوە بە (نـام) کە بە گۆرانی بەم شێوەماوەتەوە، لە لوڕیـدا (نـۆم) دەگـوترێ. لـە کرمـانجی باکووردا (ناڤ) لە موکریانی و سۆرانیدا (نێو). وشـەی (**Name**) ئینگلیـزیش هەر لەم ریشەیە.

وشەی (نامەن) لـە یەکـەم گۆڕانیـدا دوو پیتـی کۆتـایی سـواوە و (نـام)ی ماوەتەوە.

*** نە – Na - نە ، نا ، نەء.**

لە ئاڤێستاشدا بەهەمان شـێوە بـەکارهاتووە، لـە پەهلەویـدا (نـێ). لـە هەندێ شێوە زاری دیکەدا بەم جۆرانە بەکاردێ (ناو، نۆ، نـو، نـەئا، نـێ). لە هیندیدا (نەهی) و (**No** )ی ئینگلیزیش هەر لەم ڕیشەیە.

*** نەجەرە – Nacara - شار .**

لە نزیك شاری (پاوە) گوندێك بـەناوی (نـەجار) ماوەتـەوە کـە لـە ژێـر زەویەکەیدا هەندێ شتومەکی شارستانێتی کۆنیان دۆزیوەتەوە. دیارە کۆنەشـار

بووە و بە درێژایی ڕۆژگار ئەو ناوەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. (نەجار) کورت کراوەی (نەجەرە)یە.

*** نەرە – Nara = نێر .**

لە ئاڤێستا و پەهلەویدا (نەر) بەکارهاتووە. ئێستەش لە شێوەی گۆرانیدا هەر بەم شێوەیە ماوەتەوە. لە کەڵڕی و لوڕیدا (نەرە) دەگوترێ کە لەگەڵ سانسکریتیەکەدا یەکێکن. لە کوردیدا (نەڕ)یش بەکاردێ وەك: (نەڕەیی) بەواتای (نێرێتی) یا (نەڕی) بەواتای (نێری) یا (نەڕی مایکی)یە.

*** نەریە – Narya – نێری ، نێرێتی .**

لە ئاڤێستادا (نەیرێیڤە) و لە پەهلەویدا (نێرۆك) بەکارهاتووە. لە گۆرانیدا (نەری) دەگوترێ کە لە سانسکرتییەکەوە تەواو نزیکە. لە فەیلیدا (نیری) دەبێژرێ.

*** نەڤە – Nava – نەوە .**

لە ئاڤێستاشدا بەهەمان شێوە بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا (ناڤە) و (نەڤەت)یش هەیە. لە کرمانجی باکووردا (نەڤی) دەگوترێ کە لەگەڵ سانسکریتیەکەدا جیاوازیان هیندە نیە و هەروەها (نەڤیچڕ)یش بەکاردێ. هاوواتایشی دەبێتە (وەچە، نەتیژە، بەرە).

*** نەڤە – Nava - نۆ – ژمارەیەکە .**

لـە ئاڤێـستاشدا هـەروا بـەکارهاتووە، لـە پەهلەویـدا (نـەڤ) و (نـەو) هەردووکیان هەن. لەمیتانیدا (نەوە). لە کرمانجی باکووردا (نوهـ) لـە لـەکی و لوڕی و کەڵڕیدا (نو).

(نەڤە) و گۆڕانی بە (نەوە) ئاساییە، چونکە گۆڕانی نێوان پیتـی (ڤ) و (و) مان زۆرە. لە کوردیدا بەشێوەی (نـەوە) لـە وشـەی (نـەوەد) دا دیارەکـە لـە کرمانجی باکووردا (نۆهەت) و لە سۆرانی و موکریانیدا (نەوەت) دەگوترێ.

*** نەمر – Namr - نەرم .**

لە ئاڤێستادا (نەمرە) بەکارهاتووە.

(نەمر) لە پەهلەویدا هەڵگەڕاوەتەوە – قەلب بووە – بە (نەرم) واتـە پیتـی (م) و (ر) جێگۆڕکێیان کردووە، کە نموونەی ئەم جێ گۆڕکێیە لـە زمانـدا زۆرە و لە پێشەکیەکەدا باسمان لێوە کردووە.

*** نەنە – Nana - نەنە .**

لە زمانی سۆمەریدا (نین) بەکارهاتووە. لە کوردیـدا (نـەن)، (نـەنێ)، (نەنك) و (نەنیگ)یشی پێ دەگوترێ.

*** نیمە – Nema – نیو ، نیوە .**

لە ئاڤێستادا (نەیمە) و لە پەهلەویدا (نیم) بەکارهاتووە. کە لـە گـۆرانی و کەڵڕی و لەکی و فەیلی و لوڕیدا هەر (نیم) گۆ دەکرێ، لە کرمانجی باکووردا (نیڤ). هەروەها لە کرمانجی نێوەڕاستیشدا بەشێوەی (نیم) دەبینرێ وەك:

- نیمە خشت = لەتەخشت.
- نیمەکارە = کاری ناتەواو.
- نیمچە دوورگە = دوورگەی بچووك، نیوە دوورگە.

*** وەرتە – Warta – لەوەڕگە ، سەوزەڵان .**

لە میتانیـدا (ڤەرتـە) بـەکارهاتووە. ئـەم وشـەیە شـێوەی (یـورت)ی وەرگرتووە و چۆتە ناو زمانی تورکییـەوە. لـە کوردیـشدا بەشـێوەی (یـۆرت) دەبینرێ، بەڵام لەباتی (لەوەڕگە) واتای (مەنزڵ)ی وەرگرتـووە. ئـەم شـێوەیە لای شاعیرانی ئەهلی حەق – کاکەیی زۆر دەبینرێ. بۆ نموونە: حەبیبە خـانمی شارەزووری دەڵێ:

**ها جە کەشتیدا ... ها جە کەشتیدا**

**( یۆرت )ی رەمزبار ها جە کەشتیدا**

لەناو جاف دا بەشێوەی (وێرت) بەکارهاتووە.

وەك یوسف بەگی ئیمامی دەڵێ:

**خەیلێ نیگاش کەرد وەرووی یاسەدا**
**وە ( وێرت )ی کەلاَن مێنگەی خاسەدا .**

لێرەدا هەر بەواتای (لەوەڕگە - مێرگ) هاتووە.

شایانی باسە (وەرتە) بەشێوەی (وەرتێ) ماوەتەوە کە ناوی گوندێکی ئاودار و سەوزەڵانە سەر بە شاری (سۆران).

## * هەری – Hare - زێڕ ، زەڕ .

لە ئاڤێستادا (زەرنەینە) بەکارهاتووە کە لە پەهلەویدا کورت و سانا بۆتەوە بە (زەڕ) کە ئێستەش لە گۆرانیدا هەر بەم شێوە پەهلەویەی ماوەتەوە. مەولەوی دەڵێ:

**پاییز (زەڕ) ، یەخ جام ، چارشێوێ هەی تەم**
**دێرەن سوارەن نەو عرووسی خەم .**

وشەی (هەری) بەهەمان شێوە لەزمانی کوردیدا ماوەتەوە بەواتای (خوریی زێڕین)، بەتایبەتی بەو مووە زەرد و نەرمەی ژێرسکی مەڕ و پەز دەگوترێت کە ڕەنگەکەی بە تەواوی لە ڕەنگی (زێڕ) دەچێت. یاخود (هەری) شێوەی (هۆرە)ی وەرگرتووە هەروەکو لە زارێکدا بە (پەلکە زێڕینە) دەگوترێ (هۆرەوی — هۆرە + وی). هەروەها بە دووری نازانم کە (هەر)یش کورت

کـراوەی (هــەری) بێــت، وەکــو لــە نــاوی (هــەرکی) دا ماوەتــەوە، چــونکە (سوورکی) شمان هەیە. (زەڕکی یا هەرکی بەرامبەر بــە ســوورکی)، (کــی)ش لــە هەردووناوەکــەدا پیتــی پەیوەنــدە وەك: لــە (زازا — زازاکــی)، (ئــاو — ئاوەکی)، (کەر — کەرەکی) وهی دیدا دەبینرێ .

## * هینگوله — Hengula - جیوه .

لە کوردیدا وشەی (هەنگوژە) هەیە بەهەمان واتــا. بەتایبــەتی جیــوەی گیای (هەلژ) کە گیایەکی کوێستانی گەڵاوردە لە تیرەی (کەما) و (لــۆ). لــە نێوان وشەی (هینگولە) و (هەنگوژە) دا گــۆڕانی (لــە) دەبینــرێ بــە (ژە) کــە ئەمەش لە زمانەکەماندا بە ئاستەم سیمای دیارە وەکو:

- گێژ = گێل، کە لە واتاوە لەیەك نزیکن.
- کوڕێژگە = کوڕیلە، بەواتای (کوڕی بچکۆلە).

بەم پێیە دەردەکەوێت کە (لە) لە وشەی (هینگولە) دا ئــامڕازی بــچوك کردنەوە بێت، کە زۆر وشەی دیکــەمان لــەو بابەتــە هەیــە. هەنــدێکیان وەك (کار — کاریلە)، (کانی — کانیلە)، (خڕ — خریلە). . . هتد. (ژە)ش هــەر هەمان ئامرازە و نموونەیان هەیە وەك (بان — بانێــژە)، (ســوور — ســوورێژە)، (هەڵۆ — هەڵۆژە)

بەم شێوە کە هەردووکیان ئامرازی بچووککردنەوە بن، ئەوا گۆڕانیان بەیەکدی ئاساییە.

*** یوشمەکە – Yusmaka – ئێوە .**

لە ئاڤێستادا بەشێوەی (خشماکە) و (خشما) بەکارهاتووە، ئەم وشەیە لە کوردیدا دوو پیتی یەکەم و دوو پیتی کۆتایی سواوە و لە گۆرانیدا (شمە)ی ماوەتەوە. لە فارسیدا (شما) دەگوترێ.

هاوواتای لە کوردیدا دەبێتە (ئێوە، ئەنگۆ، هون، هنگ، هەوە).

سوانی چوار پیت لە وشەیەکەدا ڕەنگە لای هەندێ کەس گران بێت، بەلاّم لە زماندا هەیە و لێرەدا چەند وشەیەك دێنینەوە لە ئاڤێستادا کە بە درێژایی ڕۆژگار چۆن گۆڕانی بەسەردا هاتووە و کورت بۆتەوە:

- ئەئووشە = وەش (ڕەنگی بۆزی مەیلەو شین).
- کەئوفە = کێف (لە شێوەی ئەردەلاّنیدا).
- کەئینین = کەنی (بەواتای کچ لە شێوەی گۆرانیدا) و نموونەی دیکەش زۆرە.

*** یە – Ya = ( ی ) یای نیسبەتە .**

لە کوردیدا تەنیا (ی) ماوەتەوە وەك:

- کورد – کورد – ی.

- فارس – فارس – ی.

- بلوچ – بلوچ – ی.

- شار – شار – ی.

هەندێ جار (یە) دەبێتە (یی) وەك:

- چیا – چیایی.

- كێو – كێویی.

- هەڵەبجە – هەڵەبجەیی.

- كۆ – كۆیی. ... هتد.

**<u>* یەژەتە – Yajata – یەزدان ( شایانی پەرستن ) .</u>**

لە ئاڤێستادا (یەزەتە) بەكارهاتووە، لە پەهلەویدا بۆتە (یـەزدان). لـە كوردیدا بەشێوەی (ئیزەد) ماوەتەوە، وەكو ئـەوەی كـە دینێكـی كۆنـە و بـە پەیڕەوانی دەگوترێ (ئیزەدی) یا (یەزیدی).

(یەژەتە، یەزەتە، یەزدان، ئیزەد) یەك ڕیـشەن و هاوواتـای لـە كوردیـدا دەبێتە (خودا، خودێ، هۆمان، باخوێ).

**<u>* یەڤە – Yava – جۆ .</u>**

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بەهەمان شـێوە بـەكارهاتووە ، لـە پەهلەویـدا (یەو) گوتراوە. لای شەبەك و گۆرانەكان (یەو) دەگوترێ. لە زمـانی كوردیـدا

گۆڕانی پیتی (ی) بە (ج) شوێنەواری ماوە، بۆ نمونە لە نێوان کوردی ئـەمڕۆ و پەهلەویدا ئەم چەند وشەیە دێنینەوە:

- یوان — جوان.
- یام — جام.
- یاتوك — جادوو.
- یوفت — جفت.
- یەم — جەم.

بەم پێیە وشەی (یەڤـە) بـەرەو (یـەو) هـاتووە و پاشـان شـێوەی (جـۆ)ی وەرگرتووە.

## * یەکرت — Yakart - جگەر .

لەزمانی کوردیدا بۆ هەمان واتـای جگـەر وشـەی (یـەهر)مـان هەیـە. وشەی (یەکرت) لە یەکەم گۆڕانیدا پیتـی (ت) سـواوە و (یـەکر)ی ماوەتـەوە، گۆڕانی پیتی (ك) بە (هـ) یا بە پێچەوانەوە لە کوردیدا ڕیشەی ماوە وەك:

- هۆ = کۆ. (هـۆ) لـە ئیلامیـدا هـاتووە. وشـەی (شـاهۆ) کـە نـاوی چیایەکی گەورەیە لە (شا + هۆ) پێکهاتووە بە واتای چیای گەورە.

- داڵەهۆ = ئەمیش ناوی چیایەکە لە دەڤەری (زەهاو) بە واتای (چـیای داڵ) کە لە گۆرانیدا (کۆ) دەگوترێ و لە هەندێ شێوەزاری دیشدا (کێو) گۆ دەکرێ.

بەم پێیە گۆڕانی (یەکر) بە (یەهر) گۆڕانێکی ئاساییە .

### * یەمە – Yama – جەم .

لە ئاڤێستادا (ییمە) بەکارهاتووە، لە پەهلەویدا (یەم). ئەمیش هەر بە یاسای گۆڕانی (ی) بە (ج) بۆتە (جەم). هەندێ کەس پێیان وایە کە (جەم) لە (جمع)ی عەرەبی گیراوە، بەڵام پێچەوانەکەی راستە، چونکە وشەی (جەم) ئەو مێژووەی هەیە کە دیاریمان کرد. هەروەها لای دوو دیانەتی کۆنی کورد کە پاشماوەی دینی زەردەشتین شوێنەواری دیارە.

- لای ئیزەدیەکان (جەژناجەم) یان هەیە (جەژنی کۆبوونەوە).
- لای کاکەییەکان (جەمخانە) یان هەیە کە پەرستگایانە.

هەروەها وشەکانی (جەماوەر، جەم و جۆر ، جەمسەر، جەمینۆك، جەم بوون) مێژووی خۆیان هەیە لە زمانەکەماندا.

(جەم) هاوواتای لە کوردیدا دەبێتە (کۆ)، (کۆڕ)، (خڕ – خڕبوونەوە)، (گرد – گردبوونەوە).

## ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە

١ — پارسی پرکاش (فرهنگ سانسکریت — فارسی) تألیف: کرشناداس، بـه تحقیـق و تصحیح و کوشش:

سید محمد رضا جلالی نائین + ن. ش. شوکلا، چاپ و صـحافی: شـرکت اوفـست — ١٣٥٤.

٢ — فرهنگ واژەهای اوستا، احسان بهرامی، نشر بلـخ وابـسته بـه بنیـاد نیـشاپور، چاپ نخست، ١٣٦٩.

٣ — گات ها " سرودهای زردشت، موبد فیروز اذر گشب، چاپ: رشیدیه، ١٣٥١.

٤ — واژەهـای همانـنـد در پهلـوی و کـردی، صـدیق صـفی زاده بورەکـەیی، چـاپ: رشیدیه، ١٣٥٠.

٥ — بررسی یسنا، جلد ٢ ، م. أورنگ، تهران، ١٣٤٢.

٦ — فەرهەنگی ئیریەن ڤاچ، محەمەد ئەمین هەورامانی، چاپخانەی سومر، ١٩٨٦.

٧ — داراسات کردیه فی بلاد سوبارتو، د. جمال رشید، طبع دار أفاق عربیه للـصحافه والنشر، ١٩٨٤.

٨ – زمـانی ئاڤێستا، وەرگێڕان و لێدوان و بـەراوردکردنی لەگـەڵ زمـانی کـوردی ئەمڕۆدا: محەمەد ئەمین هەورامانی، دارا الحریە للطباعة، ١٩٨١.

٩ – هامشی بردانش زبانشناسی، بابا شیخ حسینی، چاپخانه محمد، ١٣٨٣.

١٠ – کوردی تورکمانستان، د. مارف خەزنەدار، (لە بلاوکراوەکـانی کـۆڕی زانیـاری کوردستان)، ٢٠٠٣.

١١ – لەمـەڕ شـێوەزاری دملـی – زازایـی، شـوکر مـستەفا، گۆڤـاری (سـەنتەری برایەتی)، ژمارە (٨)، تشرینی یەکەم، ١٩٩٨.

١٢ – ئێزدیاتی، خدرێ سلێمان و خەلیلێ جندی، چـاپخانەی کـۆڕی زانیـاری کـورد، ١٩٧٩.

١٣ – بابا طاهر نامه، پرویز اذکایی، انتشارات توس، تهران، ١٣٧٥.

١٤ – هەنبانە بۆرینە، هەژار، چاپ: سروش، چاپی یەکەم، ١٣٦٩.

١٥ – الهدیه الحمیدیه فی اللغه الکردیه، ضیاالدین پاشا الخالدی المقدس، حققـه و قـدم له مع دراسات لغویه – الاستاذ الدکتور محمد مکری، بیروت، ١٩٧٥.

١٦ – تیـشکێك لەسـەر زمـانی دانیـشتوانی کـۆنی کوردسـتان، د. کوردسـتان موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر، ١٩٩٩.

١٧ - فرهنگ لری، حمید اید پناه، انتشارات آگاه، چاپ دوم، ١٣٦٣.

١٨ - فەرهەنگی لـەك و لـوڕ، حمیـد ایـزد پنـاه، لێکـدان و بـەراودکردن: مـەحمود زامدار، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٨.

١٩ – فرهنگ کـردی کرمانـشاهی، (کـردی – فارسـی)، علـی اشـرف درویـشیان، چاپخانەی مهدی، ١٣٥٧.

٢٠ – فرهنگ لغات منصوريان - لغات زبان محلی ايلام، حاج حبيب الله منـصوريان، چاپخانه آشنا، ١٣٦٩.

٢١ – وشـە و زاراوەکـانی بابـا تـاهير و بـەراورد کردنيـان لەگـەڵ شـێوەکانی زمـانی کورديدا، دکتور محەمەد نوری عارف، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبيريی، هەولێر، ١٩٩٧.

٢٢ – فرهنگ عميد، حسن عميد، انتشارات امير کبير، ١٣٥٧.

٢٣ – ديوانی مەولەوی، مەلا عەبدولکەريمی مودەريس، بەغداد، ١٩٦١.

٢٤ – ديوانی نالی، مەلا عەبدولکەريمی مودەريس، فاتح عەبدولکـەريم، چـاپخانەی کۆڕی زانياری کورد، بەغداد، ١٩٧٨.

٢٥ – ديوانی صەيدی – محەمەد ئەمين کـاردۆخی، چـاپخانەی کامـەران، سـلێمانی، ١٩٧١.

٢٦ – ديوانی يوسف بەگی ئيمامی، دەست نووس ئامادەی چاپە.

٢٧ – فەرهەنگۆکی (خوسرەو و شيرين)، محەمەدی مەلا کـەريم، چـاپی ئينتيـشارتی سەلاحەدينی ئەيوبی، ١٣٦٨.

# پێزانین

سوپاسی کاك (**هۆشەنگ دارا**) دەکەم

کە ئەرکی ویراستاری ئەم بەرهەمەی

گرتە ئەستۆ .